مجلــة

# الصِراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســـت

گۆڤارێكی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزیيە
دەستەيەك لە مامۆستايانی ئاينی دەری دەكات


خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى


---


مالْپەڕی بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾

(النساء:١)

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا . يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾.

(الأحزاب:٧١/٧٠)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

# هۆكاری لادانی زۆربەی موسڵمانان لە تەنها خواپەرستی و توشبوون بە شیرك

م/ عبداللطیف أحمد مصطفى
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی گەورە لە چوارقوڕنە

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

بێ گومان خوای پەروەردگار تاكو تەنهایە لە (زات)و (ناو)و (سیفات) و (كردار) و (مافەكانیدا)، وەهیچ هاوەڵو هاوشێوەی نیە نە لە ناوو سیفاتەكانی، وە نە لە كردارەكانی، وەنە لە مافەكانی بەسەر بەندەكانی، تەنها ئەوە دروستكارو پەروەردگارە،وەتەنها ئەویش شایستەی پەرستش بۆ كردنە، وئەو مافی لەسەر ئێمە هەیە، وە هیچ یەكێكی تر خاوەن ئەو مافە نیە و شایستەی بەندایەتی بۆ كردن نیە، وە خوای گەورە ئێمەی دروست نەكردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە بیناسینو بەتەنها بیپەرستین، وەك فەرمویەتی:

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦]

واتە: جنۆكەو مرۆڤم دروست نەكردەوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە بمپەرستن بەتەنهایی، وە پێغەمبەرانیشی یەك بەدوای یەكدا ناردووە بۆ ئەم مەبەستە كە خەڵكی تەنها خوا بپەرستنو بۆ ئەوەی تابانگیان بكەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ [الأنبياء: ٢٥] .

واتە: لە پێش تۆ ئەی محمدﷺ هیچ نێردراوێكمان نەناردووە ئیلا سروشمان بۆ ناردوون كە هیچ پەرستراوێكی حەق نیە كە شایانی پەرستن بێت تەنها خوای

گەورە نەبێت، کەوا بوو بە تەنها مـن بپەرستن .

* وەهـەروەها پـەڕاوە ئاسمـانیـیەکانیش تـەنها بـۆ ئـەوە دابـەزێنراون کـە خـەڵکی فێری تەنها خواپەرستی بکەن .

* وە مرۆڤی کافر بەوە دێتـە نـاو ئیسلام کە شایەتی بدات بـە (لا إله إلا الله)، واتـە: هیچ پەرسـتراوێکی تـری حـەق نـییـە کـە شـایانی پەرسـتن بێـت جگـە لـە ﴿الله﴾ وەتەنها ئەو بپەرستن.

* وە هەر کەسێکیش لەسـەر بیروبـاوەڕی (تـەنها خواپەرسـتی) بمرێـت ئـەوە بـێ گومان ئەهلی بەهەشتە.

وە ئەو تـەنها خواپەرستییەش لـە زمـانی عەربیدا پێی دەوترێت: (توحيد الألوهيـــة) وە (توحيد العبادة) واتە: بـە تـەنها دانـانی خوا بە پەرستراوێتی پەرستن، واتە: تەنها ئـەو بـە پەرسـتراوی حـەقو ڕەواو شـیاو بزانیتو پەرستنیش تەنها بۆ ئـەو بکـەیت بەدڵو لاشەو زمان، وە بەقسەو کردەوەو مـاڵو بـەدڵ تـەنها ئـەوت خـۆش بوێـت، خۆشویستنێك کە ملکەچیو باوەڕت تەنها بـەو بێـت، وە سـودو قـازانجو خۆشـیو ناخۆشی بەدەستە. وە ترسـت تـەنها لـەو بێـتو پـشت بەسـتنت لەسـەر ئـەو بێـتو جێگـای هیـواو ئاواتـت بێـتو ڕەجـای ڕەحمەتی بکە.

وە بە زمان تەنها زیکرو یـادی ئەوبکـەو، تـەنها لـەو بپـاڕێرەوە وهـاوار بکـە ئـەو و داوای یارمەتیو فریاکەوتنت هەر لەو بێت لەو شتانەدا کەلە توانای مرۆڤدا نین.

وە بەلاشەش مل کەچیو بەندایەتی تـەنها بۆ ئەو بکەو کڕنوش مەبە بۆ کەسی تر.

وە بـا ماڵیـشت تـەنها لـە پێنـاوی ئـەودا ببەخشیتو قوربانی و سەربڕین تـەنها بـۆ خوا بێت،

﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ﴾ [الأنعام: ١٦٢-١٦٣]

واتە: ئەی محمدﷺ بفـەرموو: بـەدڵنیایی نوێژەکـەم کـە عیبـادەتی دڵو زمـانو لاشەی تێدا کۆبۆتەوە، و هـەروەها ئـاژەڵ سەربڕینەکەشـم کـە عیبـادەتی مـاڵی تێدایـە، وە هـەروەها ژیـانم بەگـشتیو مردنیـشم تـەنها بـۆ خوایـەو لـە پێنـاوی ئـەوە، کـە تـەنها ئـەو پـەروەردگاری بوونەوەرەکانە، وە هیچ شەریكو هـاوەڵی نییە لە پەروەردگارێتیدا، کەوابوو نابێت

هیچ شەریك و هاوەڵیشی بۆ دابنێین لە پەرستن و ژیانماندا، وە بەوە فەرمانم پێکراوە کەتەنها خوا بپەرستم بەدڵ و زمان و لاشەو ماڵ و ژیان و مردن، ومن یەکەم کەسم لە ئوممەتەکەم کە بەو شێوەیە موسڵمان دەبم و تەنها خۆم تەسلیمی خوای پەردوەردگار دەکەم و تەنها ئەوەیش موسڵمان بوونە کە خوا بەتەنها بپەرستین.

بەڵام بەداخەوە ! !

ئەگەر ئەمڕۆ سەیری واقیعی موسڵمانان بکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕاددەیەك هەڵساون بەم مافە گرنگەی خوای گەورە لەسەریان کە بەتەنها پەرستنیەتی، دەبینین زۆرێك لە موسڵمانان لایانداوە لە ڕاستەڕێی تەنها خواپەرستی، وە کەوتوونەتە گێژاو و زۆنگاوی شەریك بۆ خوادانان بەدڵ و بە زمان و بەلاشە و بە ماڵ، بەتێکڕایی ژیان و بگرە مردنیش!

وەکو خوای گەورەیش هەواڵی ئەم واقیعە ناشیرنەی پێ داوین لە قورئانەکەیدا کە فەرموویەتی:

﴿وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللَّهِ إِلَّا وَهُمْ مُشْرِكُونَ﴾ [يوسف: ١٠٦]

واتە: زۆربەی خەڵکی ئیمان ناهێنن بەخوا تەنها ئیمانێکی شیرکی نەبێت، واتە: لەگەڵ ئەوەشدا کەئیمانیان بە تاك و تەنهایی خوا هەیە لە زات و سیفات و کردارەکانیدا کەتەنها ئەو دروستکارو پەروەردگارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەریکیان بۆ داناوە لەماناکەیدا کە (تەنها پەرستنیەتی).

واتە: گەر لێی بپرسی کێ تۆی دروست کردووە و کێ ڕزق و ڕۆزیت دەدات و کێ دەتژێنێت و دەتمرێنێت و کێ بەڕێوەبەری بونەوەرەو خوایە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: تەنها ﴿الله﴾، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شەریکی بۆ خوای پەروەردگار داناوە لە ماناکەیدا بە هەموو شێوازەکانیەوە، بۆنموونە:-

بەدڵ: خۆشویستن و زەلیلی و ملکەچی بۆ غەیری خوا هەیە:

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَتَّخِذُ مِنْ دُونِ اللَّهِ أَنْدَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ اللَّهِ﴾ [البقرة: ١٦٥] .

وە لە قەبری پیاو چاکێك دەترسێت، ڕەجای ڕەحمەت دەکات لە پێغەمبەران و لای وایە کە دەتوانن سودو خۆشی توش بکەن و زەرەرو ناخۆشی لەسەر لادەن،

خۆیـان سـەر بـەخۆیان بـە هـۆی واسـیتە کردن لای خوا !!

وە بـەزمان: زۆر لـە موسـڵمانان لـە پیـاو چـاکان دەپاڕێنــەوە شــەفاعەتیان بــۆ بکـەنو لـە خـوا نزیکیـان بکەنـەوە و لـە نەخۆشـــی چـــاکیان بکەنـــەوە و بـــەڵاو ناڕەحـــەتیان لەســـەر لابـدەنو منـداڵیان بەنـــسیب بکـــەن، وە ســـوێندیان پـــێ دەخۆن، وە بەلاشەیش کڕنوش دەبەن بۆ قـــــەبری پیاوچـــاکانو بــــەرەو دواوە دەگەڕێنــەوە پشتاوپــشتو بەرامبــەریان دەوەســتن بــە تــرسو لــەرزەوە دەســت لەســەر دەســت دادەنــێ هــەروەکو چــۆن بەرامبــەر خــوا دەوەســتێت، وە تــەواف دەکەن بەدەورەی گۆڕەکانیانداو دەست دەهێنن بە دارو بەردی سەر گۆڕەکانو بە پیرۆزیـــان دەزانـــن بـــۆ شـــیفا بـــەکاری دەهێنن.

وە بـــەماڵیش: ئـــاژەڵ دەکـــڕنو ســـەری دەبڕن لەسەر گۆڕەکانیان، وەنـەزر لـەخۆ دەگرن بۆ پیاو چاکان،: بۆ نموونە:

ئەگەر یەکێکیان توشی بەڵایەك هات ئـەوا خێرێك لە خۆی دەگرێت بـۆ پیـاو چـاکێك واتە: دەڵێت: حەزرەتی غەوز هاوار ئەگەر لـەو بەڵایـە نـەجاتم بێـت ئـەوا حـەیوانێکم خێر بێت!!

وە هەیــە ژیانیـــشی بەگـــشتی تـــەرخان کـــــردووە بـــۆ خزمـــەتی کەســـانێك و سەرخـــستنی بیروبـاوەڕێکی دوور لــەدین شەو و ڕۆژی لـە پێنـاودا بەسـەر دەبـاتو هــەموو هــەوڵ و تێکۆشـانێکی بـۆ ئــەوە، وەهــەروەها تـــەنها بـــەوەش ناوەســـتێت وەتــەنها ژیانەکـەی بـۆ غـەیری خـوا بێـت بــەڵکو لــەو پێناوەشــدا خــۆی بــەخت دەکاتو گیانی لەدەست دەدات!!

کەواتە دیاردەی شیرك بۆ خـوا دانـان زۆر بـــڵاوە! وە ئەمـــەش مەترســـییەکی زۆر گەورەیــە، ئــەم مەترسـییە زۆر گەورەیــە ڕوی کردۆتـــە موســـڵمانان، چـــونکە ئـــەم دیـــاردە شـــیرکانە هۆکـــاری نەهامـــەتیو دواکەوتوویی‌و زەلیلـیو ژێردەسـتەیین لـە دونیادا، وە هۆکاری چونە ناو دۆزەخیشن لە دواڕۆژدا.

خوای گەورە لـە قورئانەکەیـدا زیانـەکانی شـــیرکی بـــۆ دیـــاری کـــردووینو ووریـــای کردوینەتەوە لێیان، کە بریتیتن لەمانە:

١،٢- شـــــيرك كردەوەكـــــــان هەڵدەوەشێنێتەوە و خاوەنەكەی توشـی دۆڕانو زەرەرمەندی دەكات:

﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُـونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾ [الزمر: ٦٥].

٣،٤- شـيرك هـۆی دووركەوتنەوەیـە لـە بەهەشتو چوونە ناو دۆزەخە:

﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْـهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَـا لِلظَّـالِمِينَ مِـنْ أَنْصَارٍ﴾ [المائدة: ٧٢].

٥- وە شـيرك موسڵمانان پارچـە پارچـە دەكاتو لە بازنەی گەورەو فراوانی حزبـی خوا كە- هـەموو موسـڵمانانی تـەنها خـوا پەرستی دونیا دەگرێتـەوە- دەردەكـات بۆ دەیاها بازنەی بچوكی فرە حزبێتی كـە بـەم پارچـە پارچـەیەتیەش نـاكۆكو لاواز دەبنو دوژمنان بەسەریاندا زاڵ دەبن.

جـا لەبــەر ئــەم هــەموو زەرەرو زیانــە ترسـناكانەی شـيرك لـە دونيـاو دواڕۆژدا پێغەمبـەران (عليهم الصلاة والسلام) یـەك لەدوای یەك گەلـەكانیان بێدار كردۆتـەوە لــــە شــــيركو ترســـاندويانن لـــە عاقيبەتەكەیان، هەر لە نوح پێغەمبەرەوە ﷺ كە بەقەومەكەی خۆی فـەرموو: هـەر خوا بەتەنها بپەرستن و پیاوچاكان مەكەن بە شەریكی خوا، بەڵام سـەركردە نـەفامو سەركەشە خۆپەرستەكان (الملأ)دژایـەتیان كردنو بە گەلەكەیان ووت:

﴿وَقَالُوا لَا تَذَرُنَّ آلِهَتَكُمْ وَلَا تَـذَرُنَّ وَدًّا وَلَا سُوَاعًا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا﴾ [نوح: ٢٣]

واتە: ئێوە واز مەهێنن لە پەرستراوەكانی ترتـان جگـە لـەخوا، وە واز مـەهێنن لـە پەرســتنی ئــەم پێــنج پیاوچــاكە كــە (ودّ)و(سواع)و(يغوث)و(يعوق)و(نـسر) ە چونكە پەرستنی ئەو پیاوچاكانە سـودی هەیە بۆتانو لە خوا نزیكتان دەخاتەوە.

ئابەم شـێوەیە پێغەمبـەران (عليهم الصلاة والسلام) بەردەوام بـوون تـاوەكو كۆتـایی نێردراوانی خوا محمدﷺكە گشت هۆكارو دەرگاكانی شیركی داخستو بەتەواوی بن بڕی كرد لەسەردەمی خۆیدا، ڕازی نـەبوو كــە كـــەس هـــاواری بكـــاتێ و داوای فریاكەوتنی لێ بكـات جگـە لـە خـوا، ڕازی نەبوو كە كەس لە پلەی بەندایەتی بـەرزی بكاتەوە بۆ پلەی پەرستراوەتی، دەیفەرموو:

**(لا تطروني كما أطرت النصارى عيسى بن مريم إنما أنا عبدٌ فقولوا عبدالله ورسوله)**(١)

واته: من تەنها بەندەی نێردراوی خوام شایستەی بەندایەتی بۆ كردن نیمو شایستەی ئەوە نیم كە سوێندم پێ بخۆنو پشتم پێ ببەستنو هاوارم بكەنێ، وە كاتێك كە بیستی موسڵمانێك ووتی: (ماشاء الله وشئت)

واته: ئەگەر خواو تۆ ویستتان لێ بێت!! پێغەمبەرﷺ تورە بوو وە فەرمووی: **(أجعلتني لله نداً؟)**

واته: ئایا منت كردە شەریكو هاوبەشی خوا؟!، **(قل: ماشاء الله ثم شئت)**(٢)

واتە: بڵێ تەنها ئەگەر خوا ویستی لێ بێت لەپاشان تۆش ویستت لێ بێت

بەم شێوەیە لە جیهاد دابوو لە ژیانیدا بۆ نەهێشتنی شیركو دیاردەكانی، بۆ ئەوەی خەڵكی بەتەنها خوا بپەرستن، وەخەمی دوای مردنیشی بوو بۆیە لەسەرەمەرگیدا فەرمووی:

**(لعن الله اليهود والنصارى اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد)**(٣)

واته: نەفرەتی خوا لە جولەكەوگاورەكان بێت چونكە قەبری پێغەمبەرانو پیاو چاكانیان دەكردە پەرستگاو شوێنی نوێژو خواپەرستی.

ئەمەی فەرمووی بۆ ئەوەی كەس لە قەوموو ئوممەتەكەی ئەو قەبرەی ئەویش نەكا بە پەرستگاو مزگەوتی لەسەر دروست نەكات، وە لە ترسی ئەوەی قەبرەكەی لە ژووری عائیشەدا(خوای لێ ڕازی بێت) مایەوەو نەبرا بۆ گۆڕستان.

بەڵام بەداخەوە دوای وەفاتی ئەو ڕۆژ بەدوای ڕۆژ تاوەكو زیاتر دوركەوینەوە لە سەردەمە زێڕینەكەی ئەو، دیاردەكانی شیرك زیاتر دەبێت لەناو موسڵمانانداو شەخس پەرستیو گۆڕ پەرستی بڵاو بۆتەوە، چەندەها مزگەوت دروستكراون لەسەر گۆڕی پیاوچاكان كە ئەوە بوو پێغەمبەرﷺ دەترسا تووشی ئوممەتەكەی بێت.

(١) (مشكاة المصابيح: ٤٨٩٧)

(٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٣٦)

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٥١٠٨)

وەلەوەش زیاتر شیرك لای خەڵكی بە كارێكی خواپەرستی و باش ناسراوە، ئەوەی كە شەخس پەرست بێتو تەواف بكات بە دەوری پیاوچاكێكو حەیوانی بۆ سەر ببڕێت ئەوا لای خەڵكی نەفام خواپەرستێكی باشە!!

بەڵام ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە ئەوەیە كە ئایە بەردەوام نابیستین لە مامۆستایانی ئایینی كە دەڵێن:
(العلماء ورثة الأنبياء)(٤).

واتە: زانایان میرات گری پێغەمبەرانن (عليهم الصلاة والسلام)، بەڵێ زۆر دەبیستین بەڵام ئایە بەڕاستی ئەو میراتەی پێغەمبەرانیان(عليهم الصلاة والسلام) وەرگرتووە، كە بریتییە لە بانگەواز كردنی خەڵكی بۆ تەنها خواپەرستیو دووركەوتنەوە لە شیرك بۆ خوا دانانو گۆڕ پەرستی؟! وە ئایە خەڵكێكیان بانگ كردووە بۆ (توحيد الألوهية)؟!

لەوەڵامدا دەڵێم بەداخەوە زۆرێك لە مەلاكانمان ئەو بەشە میراتەیان وەرگرتووە كە باسی نوێژو دەست نوێژو حەیزو غسلو مارەو تەڵاقو سەفرەو زەكات هتد...

وە سەبارەت بە تەوحیدیش تەنها ئەو تەوحیدە دەناسن كە هەموو موشریكەكان زۆرێكیان لێ دەزانی كە ئەویش بریتییە لە بە تەنها دانان لە ناوو سیفاتو كارەكانیدا.

واتە: تەنها خوا دروستكارو ڕزقو ڕۆزی دەرو بەڕێوەبەر و پەروەردگارە، موشریكەكانیش باوەڕیان بەوە هەبوو كە تەنها خوای گەورە پەروەردگارە:
﴿وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ﴾ [الزخرف: ٨٧]

وە لەبوونەوەردا تەنها یەك خالق هەیە نەك دوو خالقی هاوشێوەی یەك.

وە ئەگەر سەیری گشت كتێبەكانی (علم الكلام)كەباسی عەقیدەو تەوحید دەكەن بكەین كە مالاكانمان دەرسیان لەسەر خویندون دەبینین تەوحید لای ئەوان تەنها تەوحیدی زات و سیفات و ئەفعالە كە بە (توحيد الربوبية) دەناسرێت، بەڵام ئەو تەوحیدەی تێدا نییە كە مافی خوایە لەسەرمانو بریتییە لە تەنها خواپەرستی

---

(٤) (صحيح سنن أبي داود: ٣٦٤١) .

(توحيد الألوهية والعبادة). وە زۆربەیان ئەو جۆرە تەوحیدەیان هەر نەشبیستووە، هەرچەندە ئێمە تەنها بۆ ئەو تەوحیدە دروست کراوینو پێغەمبەرانیش(علـيهم الصلاة والسلام) بۆ ئەوە نێردراون، وە لەبەر ئەو بێ ئاگاییەیان لەو جۆرە تەوحیدە دەبینین بە هەڵە حاڵی بوون لە مانای ئەو جۆرە تەوحیدە (لا إله إلا الله) کە دەڵێن مانای بریتییە لە: (لاخالق ولا قادر على الإختراع إلا الله)

واتە: هیچ دروستکارێك نییە جگە لە خوای گەورە.

وە ئەو بێ ئاگاییە لە ماناو حەقیقەتی (لا إله إلا الله) وە لە (توحيد الألوهية) وای کردووە کە بێ ئاگاش بن لە دیاردەکانی شیرك، وە هەر وەکو چۆن (توحيد الألوهية) ناناسن، بە هەمان شێوەش دژەکەیو هەڵوەشێنەرەوەکەی نازانن کە بریتییە لە (شرك الألوهية)، وادەزانن شیرك تەنها بریتییە لەوەی باوەڕت وابێت کە دوو خوا هەنو دوو خالق هەنە!!، وە نازانن کە هاوار کردنە غەیری خوا شەریك بۆ خوا دانانە وەك پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (**الدعاء هو العبادة**)[٥]

واتە: پاڕانەوەو داوا لێ کردن پەرستنە.

وە خوای گەورە خەبەری داوە بە شەخس پەرستان کە خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِنْ قِطْمِيرٍ إِنْ تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ﴾ [فاطر: ١٣-١٤]

واتە: ئەوانەی ئێوە هاواریان دەدەنێو لێیان دەپاڕێنەوە خاوەنی هیچ موڵکێك نینو هیچیان بەدەست نییە تەنانەت توێکڵی ناو خورماش، وە ئەگەر هاواریان بکەنێ داواکاری ئێوە نابیستن، چونکە مردوون، وە ئەگەر – بۆ نموونە بشبیستن وەڵامتان نادەنەوەو توانای ئەوەیان نییە، وە بەوەش ناوەستێ کە وەڵامتان نادەنەوەو سودتان پێ ناگەیەنن، بەڵکو دەشبن بە دوژمنتانو بێ باوەڕ دەبن لەو شیرکەی کە کردوتانە کە بریتی بوو لەوەی ئەوانتان کرد بوو بە شەریکی خوا لە داواو پاڕانەوە.

(٥) (صحيح سنن أبي داود: ١٤٧٩) .

وە فەرموویەتی:

﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنْ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ مَنْ لَا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَنْ دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ﴾ [الأحقاف: ٥-٦]

واتە : کێ گومڕا ترە لەو کەسەی کە جگە لە خوا هاوار دەکاتە کەسێك کە وەڵامی ناداتەوە تا ڕۆژی قیامەت، وە بێ ئاگاشن لە پاڕانەوە و هاوارەکەیانو گوێیان لێ نییە، وە ئەگەر خەڵکیش کۆکرانەوە لە ڕۆژی دوایی ئەوا دەبن بە دوژمنیان، واتە: ئەو پیاو چاکو پێغەمبەرانەی کە خەڵکی هاواریان دەدەنێ دەبن بە دوژمنی خەڵکەکە، وە بێ باوەڕ دەبن بەو پەرستنەی کە بۆیان دەکردن کە بریتی بوو لە پەرستنی داواو هاوارو پاڕانەوە لێیان .

کەواتە چەندەها ئایەتو حەدیس دەبیستن کە پێویستیان کردووە تەنها خوا بپەرسترێو هاوار بکرێتە ئەو بەتەنها وەك:

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ [الفاتحة: ٤]

وە (وإذا سألت فاسأل الله وإذا استعنت فاستعن بالله)[٦].

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆر لە مەلاکان نەك ئەمە بە شیرك دانانێن بەڵکو بەتاوانیشی دانانێن وە بگرە بە خۆشیان دەیکەن، کەواتە چۆن موسڵمانان واز لە شیرك بهێنن لە کاتێکدا کە میرات گرانی پێغەمبەران خۆیان توشی شیرك بوونو ناشزانن کە شیرکەو گەورەترین تاوانە؟!

بەداخەوە لە حوجرەو مزگەوتەکان بگرە لە جومعەو کۆلێژە شەرعیەکانیش ئەم جۆرە کتێبانە دەخوێندرێت (علم الكلام) کە (توحيد الألوهية)ی تێدا نییەو شیرکیش ناناسن وەلەوەش ناڕەحەتتر دەڵێن ئەمە مەزهەبی شافیعییە، کە لە ڕاستیدا ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) تەنها خوا پەرست بووە و دژی ئەم زانستە بووە کە ئێستا زۆر لە مەلاکان دەیخوێنن لە بواری عەقیدە بەناوی (علم الكلام).

فەرموویەتی:- (حُكمي في أهل الكلام أنْ يُضْرَبوا بالجريد والنعال وأن يُطاف بهم بين

(٦) (رواه الترمذي: ٢٥١٦، وأحمد: ٢٦٦٤، وصححه الشيخ الألباني في صحيح الجامع الصغير: ٧٩٥٧).

العشائر والقبائل، ويقال: هذا جزاء من ترك الكتاب والسنة وأقبل على الكلام)

واته: بڕیارو حوكمی من بۆ ئـەهلی كـەلام ئەوەیـە كـە لێیـان بـدرێت بـە پـەلی دار خورماو بە نـەعل، وە بـسوڕێندرێنەوە لـە نێـوان هـۆزو عەشـیرەتەكاندا بـۆ ئـەوەی ڕیـسوابن‌و خـەڵكی بیـان ناسـن‌و پێـان نەخەڵـەتێن، وە ڕایگەیەنـدرێت كەئەمـە سزای ئەو كەسانەیە كەوازیان لە قورئان‌و سوننەت هێناوەو ڕویان كردۆتە (كەلام).

كەواتـە هـۆی سـەرەكی دووركەوتنـەوەی خـەڵكی لـە تـەنها خواپەرسـتی‌و تـوش بوونیان بە شیرك، بێ ئاگایی زۆرێكـە لـە پێشەوایانی دیـن لـە تەوحیـد ورووكردنـە عیلمی كەلامی فەیلەسوفەكان لـە جیـاتی كەلامی خواو پێغەمبەرﷺ .

وصـلى الله وسـلم علـى نبينـا محمـد وعلى آلة وصحبة أجمعين.

===========

**سایتی بەهەشت**
**www.ba8.org**

# سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ

# لە فەرموودەکەی (البراء بن العازب ﷺ)

✍م: **محمد عبد الرحمن**

وتارخوێن لە مزگەوتی حاجی لەر لە کەلار

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

عن البراء بن عازب ﷺ قال: ((خرجنا مع النبيِّ ﷺ في جنازة رجل من الأنصار، فانتهينا إلى القبر ولـمَّا يُلْحَد، فجلس رسول الله ﷺوجلسنا حوله، وكأنَّ على رؤوسنا الطير، وفي يده عود فجعل ينكت به في الأرض، فرفع رأسه فقال: استعيذوا بالله من عذاب القبر مرتين أو ثلاثا .

**واتە: لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ دەرچوین بۆ شوێنکەوتنی جەنازەی پیاوێکی ئەنصاری، جا گەیشتینە لای گۆڕەکەی و هێشتا ئەلحەدەکەی نەکنرا بوو، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشت و ئێمەش بە دەوریدا دانیشتین، ئەوەندە هێمن و بێدەنگ بووین وەکو ئەوەی کە باڵندە بە سەر سەرمانەوە نیشتبێتەوە، چیلکە دارێك بە دەستی پێغەمبەرەوە بوو ﷺ دەیکرد بە زەویدا، ئەنجا سەری بەرز کردەوە و فەرمووی: پەنا بگرن بە خوا لە سزای گۆڕ ـ دوو جار یان سێ جار ـ .**

ثُمَّ قال: إنَّ العبد المؤمن إذا كان في انقطاعٍ من الدنيا وإقبالٍ من الآخرة نزل إليه ملائكة من السماء، بيض الوجوه، كأنَّ وجوههم الشمس، معهم كفن من أكفان الجنَّة، وحَنوط من حنوط الجنَّة، حتَّى يَجلسوا منه مَدَّ البصر، ثُمَّ يَجيءُ ملك الموت عليه السلام حتَّى يَجلس عند رأسه، فيقول: أيتها النفس الطيبة (وفي رواية

المطمئنة) اخرجي إلى مغفرة من الله ورضوان .

**ئـەنجا فـەرمووی: بەڕاستی بەندەی ئیماندار ئەگەر گەیشتە کاتی دابڕان لە دونیا و ڕوکردن لە دوارۆژ هەندێك فریشتەی ڕومەت سپی ڕومەتیان وەکو خۆر وایە لە ئاسمانەوە دادەبەزن بۆ لای، کفنیان پێیە لە کفنی بەهەشت، وە بۆنی خۆشیان پێیە لە بۆنی بەهەشت، وە لە لایدا دادەنیشن تاوەکو چاو بڕبکات، ئەنجا فریشتەی گیان کێشان (سەلامی خوای لێبێت) دێت تاوەکو لە لای سەریەوە دادەنیشێت و پێی دەڵێت: ئەی گیانە پاکەکە وەرە دەرەوە بۆ لای لێخۆشبوون و ڕازیبوونی خوایی .**

قال: فتخرج تسيل كما تسيل القطرة من فيِّ السقاء، فيأخذها فإذا أخذها لم يدعوها في يده طرفة عين، حتَّى يأخذوها فيجعلوها في ذلك الكفن وفي ذلك الحنوط، فذلك قوله تعالى: ﴿**تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لَا يُفَرِّطُونَ**﴾، ويَخرج منها كأطيب نفحة مسك وجدت على وجه الأرض .

**فەرمووی: گیانی دێتە دەرەوە و دادەچۆڕێت هەروەکو چۆن دۆڵپە ئاوێك لە دەمی کونەیەکەوە دادەچۆڕێت، ئەنجا فریشتەی گیان کێشان گیانەکە دەبات، جا ئەگەر بردی فریشتەکانی تر کە بە دەوریدا دانیشتوون بە ئەندازەی چاو تروکاندنێك نایهێڵن بە دەستیەوە تاوەکو لێی وەردەگرن و یەکسەر دەیخەنە نێو ئەو کفنەوە و ئەو بۆنە خۆشەوە، ئەوەش ئەوەیە کە خوای گەورە لە بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فریشتە نێردراوەکانمان گیانی دەکێشن و کەمتەرخەمی ناکەن﴾، وە بۆنێکی خۆشی لێ دێتە دەرەوە وەك خۆشترین بۆنی میسك کە لەسەر ڕوی زەویدا هەبووبێت .**

(وفي رواية: حتَّى إذا خرج روحه صلى عليه كل ملك بين السماء والأرض وكل ملك في السماء، وفتحت له أبواب السماء ليس من أهل باب إلاَّ وهم يدعون الله أن يعرج بروحه من قبلهم) .

**وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە: کاتێك ڕۆحەکەی دەردەچێت هەموو فریشتەکانی نێوان ئاسمان و زەوی و هەموو فریشتەکانی نێو ئاسمان نوێژی لەسەر دەکەن، و دەرگاکانی ئاسمانی بۆ**

**دەکرێتەوە، و سەرپەرشتیارانی هیچ دەرگایەك نیـیە ئیللا لە خوا دەپاڕێنەوە کەوا ڕۆحەکەی بە لای ئەواندا بەرز بکرێتەوە .**

قال: فيصعدون بِها فلا يَمرون – يعني بها – على مَلإ من الملائكة إلاَّ قالوا: ما هذا الروح الطيب؟

فيقولون: فلان بن فلان بأحسن أسمائه التي كانوا يسمونه بِها في الدنيا .

**فەرمووی: ئەنجا دەیبەنە سەرەوە بۆ ئاسمان و ئەو ڕۆحە تێناپەڕێنن بە لای هیچ کۆمەڵە فریشتەیەکدا ئیللا دەڵێن: ئەوا ئەم ڕۆحە پاکە هی کێیە؟**

**ئەو فریشتانەش کە ڕۆحەکەیان پێیە دەڵێن: ئەمە ڕۆحی (فلان)ی کوڕی (فلان)ە ناوی دەبەن بە جوان ترین ناوی کە لە دونیادا ناویان پێی دەبرد .**

حتَّى ينتهوا بِها إلى السماء الدنيا، فيستفتحون له، فيُفتح لهم، فيشيعه من كل سماء مُقَرَّبُوها إلى السماء التي تليها حتَّى ينتهى به إلى السماء السابعة، فيقول الله عز وجل: اكتبوا كتاب عبدي في عليين [﴿**وَمَا أَدْرَاكَ مَا عِلِّيُّونَ كِتَابٌ مَرْقُومٌ يَشْهَدُهُ الْمُقَرَّبُونَ**﴾، فيكتب كتابه في عليين ثم قال]: أعيدوه إلى الأرض فإنِّي [وعدتهم إنِّي ] منها خلقتهم وفيها أعيدهم ومنها أخرجهم تارة أخرى .

**تاوەکو دەیگەیەننە ئاسمانی دونیا، داوا دەکەن دەرگای ئاسمانی بۆ بکرێتەوە، دەرگایان بۆ دەکرێتەوە، ئەنجا فریشتە نزیکەکانی هەموو ئاسمانێك شوێنی ئەو ڕۆحە دەکەون بۆ ئەو ئاسمانەی کە بە دوایدا دێت تاوەکو دەیگەیەننە ئاسمانی حەوتەم، ئەنجا خوای گەورە دەفەرموێت: کتێبی بەندەکەم لە (علـیین)دا بنووسن ﴿تۆ چوزانیت (عِلِّيُّونَ) چییە؟ کتێبێکی نووسراوە، بەندە نزیکەکانی خوا ئامادەی دەبن﴾، جا کتێبەکەی لە کتێبی بەرزدا دەنووسرێت، ئەنجا خوای گەورە دەفەرموێت: ڕۆحەکە بگێڕنەوە بۆ زەوی چونکە بەڕاستی من بەڵێنم پێ داون کە بەڕاستی من لەو زەویە دروستیانم کردووە و دەشیان گێڕمەوە بۆ ناویی و جارێکی تریش لە زەوی دەریان دەهێنمە دەرەوە.**

قال فـ[يُرد إلى الأرض]، وتعاد روحه في جسده، [قال: فإنه يسمع خفق نعال أصحابه إذا ولّوا عنه] [مدبرين] .

**فەرمووی: ئەنجا دەیگەڕێننەوە بۆ زەوی، وە ڕۆحەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ناو لاشەکەی، فەرمووی: بەڕاستی گوێی لە دەنگی تەپەی پێڵاوی شوێنکەوتوانی جەنازەکەی دەبێت لە کاتێکدا کە پشتی لێدەکەن و بەجێیدەهێڵن و دەگەڕێنەوە .**

فيأتيه ملكان [شديدا الانتهار] فـ[ينتهرانه و] يجلسانه .

**ئەنجا دوو فریشتەی (تووند ڕاچەڵکێنەر) دێن بۆ لای و ڕایدەچەڵکێنن و دایدەنیشێنن .**

فيقولان له: من ربك؟

**ئەنجا پێی دەڵێن: کێ پەروەردگارتە؟**

فيقول: ربيَّ الله .

**ئەویش دەڵێت: پەروەردگارم خوا (ﷲ)یە .**

فيقولان له: ما دينك؟

**ئەنجا پێی دەڵێن: ئاینت چییە؟**

فيقول: ديني الإسلام .

**ئەویش دەڵێت: ئیسلام ئاینمە .**

فيقولان له: ما هذا الرجل الذي بعث فيكم؟

**ئەنجا پێی دەڵێن: ئەو پیاوە کێیە کە لە نێوانتدا نێردرابوو؟**

فيقول: هو رسول الله ﷺ .

**ئەویش دەڵێت: پێغەمبەری خوایە ﷺ.**

فيقولان له: وما علمك؟

**ئەنجا پێی دەڵێن: چۆن زانیت؟**

فيقول: قرأت كتاب الله فآمنت به وصدقت .

**ئەویش دەڵێت: کتێبەکەی خوام (قورئانم) خوێندەوە و باوەڕم پێهێنا و بەڕاستم زانی .**

[ فينتهره فيقول: من ربك؟ ما دينك؟ ما نبيك؟

وهي آخر فتنة تعرض على المؤمن، فذلك حين يقول الله عز وجل: **﴿اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾** ] .

**وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: ڕایدەچەڵەکێنن و پێی دەڵێن: کێ پەروەردگارتە؟ و ئاینت چییە؟ و کێ پێغەمبەرتە؟**

**ئەمەش دوایین تاقیکردنەوەیە ڕووبەڕووی باوەڕدار دەکرێتەوە، ئەوەیە**

**کــه خــوای گــەورە لــه بارەیــەوە دەفەرموێت: ﴿خوای گەورە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە جێگیر و دامەزراو دەکات لەسـەر وتـەی جـێگیر لـە ژیـانی دونیـا و دوارۆژیشدا﴾ .**

فيقول: ربِّيَ الله وديني الإسلام ونبيي محمد ﷺ ] .

**ئـەویش دەڵێـت: پـەروەردگارم خـوا (اللَّهُ)یە و ئیسلام ئاینمە و (مُحَمَّد ﷺ) پێغەمبەرمە .**

فينادي مناد في السماء: أن صدق عبدي، فأفرشوه من الجنة، وألبسوه من الجنة، وافتحوا له باباً إلى الجنة .

**ئـەنجا بانگکارێـك بـانگ دەکـات لـە ئاسمانــەوە: بەندەکــەم ڕاسـتی کــرد، ڕایخەن بۆی لە فەرشی بەهەشت، بیپۆشن لـە پۆشـاکی بەهەشـت، دەرگایـەکی بـۆ بکەنەوە بەرەو بەهەشت .**

قال: فيأتيه من روحها وطيبها، ويفسح له في قبره مد بصره .

**فــەرمووی: لــە خۆشــی و بــۆنی بەهەشتی بۆ دێت، و گۆڕەکەی بۆ فـراوان دەکرێتەوە تاوەکو چاو بڕبکات .**

قال:[ وفي رواية: يُمَّثل له ] رجل حسن الوجه حسن الثياب طيب الريح، فيقول: أبشر بالذي يسرك [ أبشر برضوان من الله وجنات فيها نعيم مقيم ] هذا يومك الذي كنت توعد .

**فەرمووی: پیاوێکی ڕوومەت جـوانی و پۆشــاك جــوانی بــۆن خۆشــی بــۆ دەنـوێنرێـت، و پــێی دەڵێـت: مـوژدەت لێبێت بەوەی کـە پێـت خۆشـە، مـوژدەت لێبێت بە ڕەزامەندی خوایی و باخانێك لـە بەهەشـتدا کـە خۆشـگوزرانی بـەردەوامی تێدایە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنت پـێی دەدرا .**

فيقول له: [ وأنت فبشرك الله بخير ] من أنت؟ فوجهك الوجه يَجيء بالخير .

**ئەویش پـێی دەڵێـت: وە تـۆش خـوا موژدەی خێرت بداتێ، تۆ کێیت؟ ڕوومەت ڕوومەتێکە خێر و خۆشی دێنێت .**

فيقول: أنا عملك الصالح [ فوالله ما علمتك إلاَّ كنتَ سريعاً في طاعة الله، بطيئاً في معصية الله، فجزاك الله خيراً ] .

**ئــەویش دەڵێــت: مــن کــردەوە چـاکەکانتم، سـوێند بـە خـوا بـە تـۆم نـەزانیوە ئـیللا ئـەوە نـەبێت کـە پەلـە و**

**دەستپێشخەریت کردووە لە گوێڕایەڵی خوادا و لەسەرخۆ و خاویش بوویتە لە سەرپێچی خوادا، خوا پاداشتی خێرت بداتەوە .**

ثُمَّ يُفتح له باب من الجنة وباب من النار، فيقال هذا منزلك لو عصيت الله، أبدلك الله به هذا .

**ئەنجا دەرگایەکی بۆ دەکرێتەوە لە بەهەشتەوە و دەرگایەکیشی بۆ دەکرێتەوە لە دۆزەخەوە و پێی دەوترێت ئەمە جێگاکەت بوو لە دۆزەخدا ئەگەر سەرپێچی خوات بکرادایەت، خوا گۆڕیویەتیوە بۆت بەم جێگایە لە بەهەشتدا .**

فإذا رأى ما في الجنة يقول: رب عجل قيام الساعة كيما أرجع إلى أهلي ومالي .

**جا ئەگەر ئەوەی بینی کە لە بەهەشتدایە دەڵێت: پەروەردگارم هاتنی ڕۆژی قیامەت پێش بخە بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ لای ماڵ و کەس و کارم .**

[ فيقال له: اسكن ] .

**پێی دەوترێت: ئارام بگرە .**

قال: وإن العبد الكافر (وفي رواية: الفاجر) إذا كان في انقطاع من الدنيا وإقبال من الآخرة نزل إليه من السماء ملائكة [غلاظ شداد ] سود الوجوه معهم المسوح [من النار] فيجلسون منه مد البصر ثم يجيء ملك الموت حتَّى يَجلس عند رأسه فيقول: أيتها النفس الخبيثة اخرجي إلى سخط من الله وغضب .

**فەرمووی: بەڕاستی بەندەی کافر (وە لە ریوایەتێکی تردا: خراپکار) ئەگەر گەیشتە کاتی دابڕان لە دونیا و ڕوکردن لە دوارۆژ هەندێك فریشتەی (توووند و تیژ) لە ئاسمانەوە دادەبەزن بۆ لای ڕوومەتیان ڕەشە و کفنیان پێیە لە ئاگر، لە لایدا دادەنیشن تاوەکو چاو بڕبکات، ئەنجا فریشتەی گیان کێشان دێت تاوەکو لە لای سەریەوە دادەنیشێت و پێی دەڵێت: ئەی گیانە پیسەکە وەرە دەرەوە بۆ لای خەشم و قین و تووڕەیی خوا .**

قال فتفرق في جسده فينتزعها كما ينتزع السفود [ الكثير الشعب ] من الصوف المبلول [ فتقطع معها العروق والعصب ] .

**فەرمووی: ڕۆحەکەی بە لاشەیدا بڵاودەبێتەوە و فریشتەی گیان کێشانیش ڕایدەکێشێتە دەرەوە هەروەکو چۆن شیشێکی زۆر قولاپدار لە خوریەکی تەڕدا**

**ڕابکێشرێت (لەگەڵ ئەوەدا هەموو دەمار و ڕەگ و ماسولکەکانی پارچە پارچە دەبێت و دەبڕێن) .**

فيأخذها فإذا أخذها لم يدعوها في يده طرفة عين حتى يجعلوها في تلك المسوح ويخرج منها كأنتن ريح جيفة وجدت على وجه الأرض .

**ئەنجا فریشتەی گیان کێشان گیانەکە دەبات، جا ئەگەر بردی فریشتەکانی تر کە بە دەوریدا دانیشتوون بە ئەندازەی چاو تروکاندێك نایهێڵن بە دەستیەوە تاوەکو لێی وەردەگرن و یەکسەر دەیخەنە ناو کفنە ئاگرینەوە، بۆنێکی گەنیوی لێ دێتە دەرەوە وەك گەنیوترین بۆنی لاکێکی تۆپیو کە لەسەر ڕوی زەویدا هەبووبێت .**

فيصعدون بها فلا يَمرون بِها على ملإ من الملائكة إلاَّ قالوا: ما هذا الروح الخبيث؟

فيقولون: فلان بن فلان بأقبح أسمائه التي كان يسمى بِها في الدنيا .

**ئەنجا دەیبەنە سەرەوە بۆ ئاسمان و ئەو ڕۆحە تێناپەڕێنن بە لای هیچ کۆمەڵە فریشتەیەکدا ئیللا دەڵێن: ئەوا ئەم ڕۆحە پیسە هی کێیە؟**

**ئەو فریشتانەش کە ڕۆحەکەیان پێیە دەڵێن: ئەمە ڕۆحی (فلان)ی کوڕی (فلان)ە ناوی دەبەن بە ناشیرین ترین ناوی کە لە دونیادا ناویان پێی دەبرد .**

حتى ينتهى به إلى السماء الدنيا فيستفتح له فلا يفتح له، ثُمَّ قرأ رسول الله ﷺ: **﴿لَا تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ﴾** .

**تاوەکو دەیگەیەننە ئاسمانی دونیا، داوا دەکەن دەرگای ئاسمانی بۆ بکرێتەوە، دەرگای بۆ ناکرێتەوە، ئەنجا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (دەرگاکانی ئاسمان ناکرێتەوە بۆ بێباوەڕان و ناشچنە ناو بەهەشتەوە تاوەکو وشتر نەچێت بە کونە دەرزیدا) .**

[ فيلعنه كل ملك بين السماء والأرض وكل ملك في السماء، وتغلق أبواب السماء، ليس من أهل باب إلاَّ وهم يدعون الله ألا تعرج روحه من قبلهم ] .

**هەموو فریشتەکانی نێوان ئاسمان و زەوی و هەموو فریشتەکانی نێو ئاسمان**

لەعنـــەتی لێدەکـــەن، وە دەرگاکـــانی ئاسمانی لـێدادەخرێت، سەرپەرشتیارانی هـیچ دەرگایـەك نـیـیـە ئـیللا لـە خـوا دەپاڕێنەوە کەوا ڕۆحەکەی بە لای ئەواندا بەرز نەکرێتەوە .

فيقول الله عز وجل: اكتبوا كتابــه في سجين في الأرض السُّفلى [ ثم يقال: أعيدوا عبدي إلى الأرض فغني وعدتــهم أني منــها خلقتهم وفيها أعيدهم ومنها أخرجهم تــارة أخرى .

ئـەنجا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: کتێبەکـەی لـە (سجين)دا لـە خـوارو تـرین تەبەقـەی زەودا بنووسـن، ئـەنجا خـوای گەورە دەفەرموێت: ڕۆحەکە بگێڕنەوە بـۆ زەوی چـونکە بەڕاسـتی مـن بـەڵێنم پـێ داون کـە بەڕاسـتی مـن لـەو زەویـە دروستیانم کردووە و دەشیان گێڕمەوە بۆ ناویی و جارێکی تـریش لـە زەوی دەریـان دەهێنمە دەرەوە .

فتطرح روحه [ من السماء ] طرحــاً [حتَّى تقع في جسده ] ثُمَّ قــرأ: ﴿وَمَــنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِــهِ الــرِّيحُ فِــي مَكَــانٍ سَحِيقٍ﴾.

ئـــەنجا ڕۆحەکـــەی لـــە ئاسمانـــەوە فڕێدەدرێتـە خـوارەوە تـاوەکو دەکەوێتـە نـاو لاشـەکەی، ئـەنجا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە: (هـەر کەسـێك هاوبـەش (شـەریك) بـۆ خـوا ئەنجامبـدات ئـەوا وەکـو ئـەوە وایـە لـە ئاسمانـەوە بکەوێتـە خـوارەوە ئـەنجا باڵنـدە بـەخێرایی برفێنێـت و پەلپـەلی بکات یان بایەك فڕێی بداتە ناو شوێنێکی دوورەوە) .

فتعاد روحه في جسده [قال: فإنه ليسمع خفق نعال أصحابه إذا وَلَّــو عنه] .

ئەنجا ڕۆحەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نـاو لاشەکەی، فەرمووی: بەڕاستی گـوێی لـە دەنگـی تەپـەی پـێڵاوی شـوێنکەوتوانی جەنازەکەی دەبێت لە کاتێکدا کـە پـشتی لێدەکەن و بەجێی دێڵن و دەگەڕێنەوە .

ويأتيه ملكان [ شديدا الانتهار فينتهرانه و ] يُجلسانه .

ئـــەنجا دوو فریـــشتەی (تـوونـــد ڕاچەڵەکێنەر) دێن بۆ لای و ڕایدەچـەڵەکێنن و دایدەنیشێنن .

فيقولان له: من ربك؟

فيقولان له: من ربك؟ فيقول: هاه هاه لا أدري فيقولان له: ما دينك؟ فيقول: هاه هاه لا أدري ] فيقولان له: فما تقول في هذا الرجل الذي بعث فيكم؟ فلا يهتدي لاسمه فيقال: محمد فيقول: هاه هاه لا أدري [سمعت الناس يقولون ذاك] .

**ئەنجا پێی دەڵێن: کێ پەروەردگارتە؟**

فيقول: هاه هاه لا أدري .

**ئەویش دەڵێت: چی چی نازانم .**

فيقولان له: ما دينك؟

**ئەنجا پێی دەڵێن: ئایینت چییە؟**

فيقول: هاه هاه لا أدري .

**ئەویش دەڵێت: چی چی نازانم .**

فيقولان له: ما هذا الرجل الذي بعث فيكم؟

**ئەنجا پێی دەڵێن: چی دەڵێیت سەبارەت بەو پیاوەی کە لە نێوانتدا نێردرابوو؟**

فلا يهتدي لاسمه .

**ناوەکەی نادۆزێتەوە .**

فيقال: محمد .

**پێی دەڵێن: مەبەستمان (مُحَمَّد)ە؟**

فيقول: هاه هاه لا أدري [ سمعت الناس يقولون ذاك] .

**ئەویش دەڵێت: چی چی نازانم، دەمبیست خەڵك دەیوت (مُحَمَّد) پێغەمبەری خوایە .**

قال: فيقال: لا دريت ] [ ولا تلوت ]؟

**فەرمووی: پێی دەوترێت: ئایا نەتزانی و نەشتخوێندەوە؟**

فينادي مناد من السماء أن كذب فافرشوا له من النار، وألبسوه من النار، وافتحوا له باباً إلى النار .

**ئەنجا بانگکارێك بانگ دەکات لە ئاسمانەوە: درۆی کرد، ڕایخەن بۆی لە فەرشی ئاگر، بیپۆشن بە پۆشاکی ئاگر، دەرگایەکی بۆ بکەنەوە بەرەو ئاگری دۆزەخ .**

فيأتيه من حرها وسمومها ويضيق عليه قبره حتَّى تختلف فيه أضلاعه .

**لە گەرمی و هەڵم و بۆقاوی ئاگری دۆزەخی بۆ دێت، و گۆڕەکەی لێ تەنگ دەکرێتەوە تاوەکو پەراسووەکانی دەچن بەیەکدا و تێکدەشکێن .**

ويأتيه (وفي رواية: ويمثل له) رجل قبيح الوجه قبيح الثياب منتن الريح فيقول: أبشر بالذي يسوءك، هذا يومك الذي كنت توعد.

**فەرمووی: پیاوێکی ڕوومەت ناشیرین و پۆشاك ناشیرینی بۆن گەنیوی بۆ دەننوێنرێت، و پێی دەڵێت: موژدەت لێبێت بەوەی کە پێت ناخۆشە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنت پێی دەدرایە .**

فيقول: [ وأنت فبشرك الله بالشر] من أنت؟ فوجهك الوجه يجيء بالشر .

**ئەویش پێی دەڵێت: وە تۆش خوا موژدەی خراپت بداتێ، تۆ کێیت؟ ڕوومەتێکە خراپە دێنێت .**

فيقول: أنا عملك الخبيث [ فوالله ما علمت إلا كنت بطيئا عن طاعة الله سريعا إلى معصية الله ] [ فجزاك الله شرًّا .

**ئەویش دەڵێت: من کردەوە پیسەکانتم، سوێند بە خوا بە تۆم نەزانیوە ئیللا ئەوە نەبێت کە خاو و سست بوویتە و کەمتەرخەمیت کردووە لە گوێڕایەڵی خوادا و پەلە و دەستپێشخەریتیش کردووە لە سەرپێچی خوادا، خوا پاداشتی خراپت بداتەوە .**

ثُمَّ يقيض له أعمى أصم أبكم في يده مرزبة لو ضُرِبَ بِها جَبَلٌ كان ترابا فيضربهُ ضربةً حتَّى يصير تراباً ثُمَّ يعيده الله كما كان فيضربه ضربة أخرى فيصيح صيحة يسمعه كل شيء إلاَّ الثقلين .

**ئەنجا فریشتەیەکی کوێر و کەڕ و لاڵی بۆ ڕادەسپێردرێت کە گورزێکی بە دەستەوەیە ئەگەر پێی بدرێت لە شاخێك دەیکات بە خۆڵ جا یەك گورزی لێدەدات تاوەکو دەیکات بە خۆڵ ئەنجا خوای گەورە دەیگێڕێتەوە بۆ دۆخەکەی جارانی ئەنجا دووبارە گورزێکی تری لێدەدات جا هاوارێك دەکات هەموو شتێك دەیبیسێت تەنها مرۆڤ و جنۆکە نەبێت .**

ثُمَّ يفتح له باب من النار ويُمهد من فرش النار ] .

**ئەنجا دەرگایەکی بۆ دەکرێتەوە لە دۆزەخەوە و بۆی ڕادەخرێت لە فەرشی ئاگر .**

فيقول: رَبِّ لا تقم الساعة))[1] .

**جا ئەگەر ئەوەی بینی دەڵێت: پەروەردگارم با ڕۆژی قیامەت نەیەت .**

[1] رواه الإمام أحمد: (٧ / ٥٣ — ٥٧) وأبو داود رقم: (٤٧٢٧)، وأورده بزوائده الإمام الألباني في أحكام الجنائز ص: (١٥٩) .

## * گرنگ ترین سوودی ئەم فەرموودەیە:

لەم فەرموودەیەوە ئەوە تێدەگەین کەوا: فێربوون و خوێندنەوە و تێگەیشتن لە قورئان و فەرموودەکان کە **خوای پەروەردگار و ئاینی ئیسلام و پێغەمبەر** (موحەمەد)مان ﷺ پێدەناسێنن زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی بتوانین لە گۆڕدا بە ئاسانی و دامەزراوی وەڵامی ئەو سێ پرسیارە بدەینەوە کە ڕووبەڕووی هەموو مردوویەك دەکرێتەوە: (مَنْ رَبُّكَ؟ ما دينُكَ؟ ما نَبيُّكَ؟) .

جا ئەو کەسەی لە گۆڕدا دامەزراو دەبێت و وەڵامی هەر سێ پرسیارەکە دەداتەوە دوو فریشتەکە پێی دەڵێن:

(وما علمك؟

چۆن زانیت؟

فيقول: قرأت كتاب الله فآمنت به وصدقت .

ئەویش دەڵێت: کتێبەکەی خوام (قورئانم) خوێندەوە و باوەڕم پێهێنا و بەڕاستم زانی) . وە بە پێچەوانەوە ئەو کەسەی کە ناتوانێت وەڵامی سێ پرسیارەکە بداتەوە دوو فریشتەکە پێی دەڵێن: (لا دَرَيْتَ ولا تَلَوْتَ؟

ئایا نەتزانی و نەشتخوێندەوە)؟

## گرنگی و بایەخی فێربوونی وەڵامدانەوەی سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ

*** ڕازی بوون بەوەی کە خوا (اللَّهُ) پەروەردگارت بێت و ئیسلام ئاینت بێت و (مُحَمَّد ﷺ) پێغەمبەرت بێت بەهەشتت بۆ مسۆگەر دەکات و دەبێتە مایەی لێخۆشبوونی تاوانەکانت:**

عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه أن رسول الله ﷺ قال: ((مَنْ قال: رَضيتُ بِاللهِ رَبًّا، وبِالإسلامِ دِيْنًا، وبِمُحَمَّدٍ رَسولاً، وَجَبَتْ لَهُ الجنَّة))[٢] .

واتە: هەر کەسێك بڵێت: ڕازیم بەوەی خوا (اللَّهُ) پەروەردگارمە و ئیسلام ئاینمە و (مُحَمَّد ﷺ) پێغەمبەرە، بەهەشتی بۆ مسۆگەر کراوە .

وە لە بەر گرنگی بە ئاگا بوون و لە یاد نەچوونی وەڵامی ئەم سێ پرسیارە پێغەمبەری خوا ﷺ فێری کردووین کەوا

---

[٢] صحيح أبي داود رقم: (١٥٢٩) وصحيح الجامع الصغير رقم: (٦٤٢٨) .

له چەندین کات و حەڵەتدا بڵێین (رَضيتُ بِاللهِ رَبًّا، وبِالإِسلامِ دِيْنًا، وبِمُحَمَّدٍ رَسولاً):

**١ ــ له کاتی بەیانیاندا:**

عن الـمُنَيْذِر رضي الله عنه صاحب رسول الله ﷺ وكان يكون بإفريقية قال: سمعت رسول الله (ﷺ) يقول: ((من قال إذا أصبح: رَضيتُ باللهِ رَبًّا، وبالإسلامِ دِيْنًا، وبمُحَمَّدٍ نَبيًّا، فأنا الزعيمُ لآخذن بيده حتَّى أدخله الـجنة))(٣).

واتە: هەر کەسێك بەیانیان بڵێت: ڕازیم بەوەی خوا (ﷻ) پەروەردگارمە و ئیسلام ئاینمە و (مُحَمَّد ﷺ) پێغەمبەرە، ئەوا من کەفیلی ئەوە دەکەم کە دەستی بگرم تاوەکو دەیخەمە بەهەشتەوە .

**٢ ــ له کاتی بیستنی بانگدا:**

عن سعد بن أبي وقاص رضي الله عنه عن رسول الله ﷺ قال: ((مَنْ قالَ حِينَ يَسْمَعُ الـمُؤَذِّنَ: وأنا أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَـهَ إِلاَّ الله وحدَهُ لا شَريكَ لهُ، وأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ ورَسُولُهُ، رَضيتُ بِاللهِ رَبًّا، وبمُحَمَّدٍ ﷺ رَسولاً، وبِالإِسلامِ دِيْنًا، غُفِرَ له ذنبه))(٤).

واتە: هەر کەسێك کاتێك گوێی لە بانگ دەبێت بڵێت: وە منیش شایەتی دەدەم بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوای تەنها و بێ شەریك نەبێت، وە بەڕاستی (مُحَمَّد)یش بەندە و پێغەمبەری خوایە، ڕازیم بەوەی خوا (ﷻ) پەروەردگارمە و (مُحَمَّـــد ﷺ) پێغەمبەرە و ئیسلام ئاینمە، ئەوا خوا لە تاوانەکانی خۆشدەبێت .

هەموو ئەم فەرموودانەی سەرەوە گرنگی و بایەخی ناسین و ڕازی بوون بە (خوای پەروەردگار و ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرایەتی مُحَمَّد ﷺ) دەردەخەن، بۆیە پێویستە ئێمەش خۆمان ئامادە کەین و هەوڵ بدەین بۆ فێربوون و فێرکردنی ئەم بابەتە زۆر گرنگە .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آلة وصحبة أجمعين.

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

---

(٣) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٦٥٧) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٤٢١) .

(٤) صحيح مسلم رقم: (٨٤٩) وصحيح أبي داود رقم: (٥٢٥) وصحيح سنن الترمذي رقم: (٤١١) وصحيح سنن النسائي رقم: (٦٧٩) وصحيح سنن ابن ماجه رقم: (٧٢١) .

# حیكمەت لە ناردنی پێغەمبەران

(علیهم الصلاة والسلام)

ئامادەكردنی: م/ زانا عادل صابر

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله والصلاة وسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه :**

بەڕاستی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و مەبەستەكەیان ئەو چرا ڕۆشنایەیە كە هەمیشە لەهەموو كات و ساتێكدا شەوەزەنگی بێ ئاگایی بێ باوەڕی ڕەوانۆتەوە و مرۆڤەكانی لەخەوی قوڵی نەفامی و گومڕایی ووشیار كردوەتەوە تا لەڕاستی ڕێزو بەهای خۆیان تێ بگەن و بەچاكیش درك بەو ڕاستییە بكەن كە لەپێناویدا دروست كراون وپێغەمبەرانی(علیهم الصلاة والسلام) لە پێناودا نێردراون، جا بە پشتیوانی خودای گەورە لەم چەند لاپەڕە كەمەدا هەوڵ دەدەین گرنگ ترین هۆی هاتنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)باس بكەین و بزانین حیكمەت لە هاتنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة السلام) چیە.

حیكمەتی یەكەم:

پەرستنی خودای گەورە بەتاك و تەنها و بەبێ شەریك:

بەڕاستی پەرستنی خودای گەورە بە تاك و تەنها یەكێكە لەهەرە گەورەترین حیكمەتەكانی هاتنی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)بەڵكو هەر بەو هۆیەوە گەردونی دروست كردووە، هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەرزو ئاسمان و بوونەوەر و بەهەشت و دۆزەخی دروست كردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوە هێشتا چەند بەناو موسڵمانێك هەن كە چاویان بەوەدا هەڵنایەت كە لەسەرەتاوە تەفسیرو ووردەكارییەكانی مانای (لا إله إلا الله) باس بكرێت، بەڵام بیانەوێت و نەیانەوێت حیكمەت لەهاتنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام)و ڕێبازو پێشەی پێغەمبەران ڕوون كردنەوەی ووشەی ( لا إله إلا الله) بووە، بەڵگەشمان خودای گەورە دەفەموێت:

﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رَسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ﴾ [الأنبياء: ٢٥].

واته : ئەی محمد ﷺ ئێمە سروشمان (وحی) مان بۆ هیچ پێغەمبەرێك لەپێش تۆ نەناردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت هیچ شتێك شایەنی پەرستن نییە تەنها من نەبێت، واتە: (الله) کەواتە خودا بەتاك وتەنها بپەرستن .

لەم فەرموودەیەی خودای گەورە بۆمان دەردەکەوێت کە گرنگترین حیکمەتی هاتنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) یەکخواپەرستی خودای گەورە بووەو گەورەیی(لا إله إلا الله) مان بۆ دەردەخات کە پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا فێری بین و پایە و مەرجەکانی لەخۆماندا بهێنینەدی، کەواتە: ئامانجی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) لە هەر زەمان و سەردەمێکدا ڕاست کردنەوەی بیروباوەڕی خەڵکی بووە و خودای گەورە و شێوازی پەیوەست بوونی بەندە بە خودای خۆیەوە و مل کەچ بوون بەوەی کە سود و زیان هەر بەدەستی خۆیەتی و هەر خۆی شایستەی پەرستنە .

### حیکمەتی دووەم:

ڕاگرتنی ئایین وەك خۆی بەبێ جیاوازی و ناکۆکی :

بەڕاستی هیچ یەکێك لە ئایینە ئاسمانییەکان ڕێگەیان نەداوە بەوەی کە خەڵکی پارچە پارچەیی و جیاوازی دروست بکەن لەناو ئەو ئایینەیاندا، چونکە هەمیشە خۆ جیاکردنەوە لە موسڵمانان بەگشتی لە هەر سەردەمێکدا سەر دەکێشێت بۆ دووبەرەکی و ناکۆکی، خودای گەورەش ئامۆژگاری پێشەوایانی مرۆڤایەتی دەکات بەوەی خۆیان بەدروور بگرن لەم سیفەتە وەك دەفەموێت:

﴿شَرَعَ لَكُمْ مِنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ﴾ [الشورى: ١٣] .

واتە: خودای گەورە بۆ ئێوە ئایینێکی داناوە کە بە(نوح) یشیﷺ سپاردووە و ئەو سروشەی کە بۆ تۆشمان ناردووە و ئەوەش کە ئیبراهیم و موسا و عیسامان (علیهم الصلاة والسلام) پێ ڕاسپاردووە ئەوەیە کە کاروباری ئایینی مەنهەجی ژیانتان بەچاکی ڕاگرن و ناکۆك و لەیەك جودا مەبن تێیدا .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێك لەو حیکمەتانەی خودای گەورە ئامۆژگاری پێغەمبەرانی پێ کردوە کۆبوون لە ئاییندا و خۆ جیانەکردنەوەیە لە موسڵمانان بەگشتی .

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموویت:

(الأنبياء أولاد علات أمهاتهم شتى ودينهم واحد)[1].

واتە: پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) هەموو کوڕی یەك باوکن ودایکیان جیاوازە وبنچینەی ئاینەکەشیان هەریەکە کە یەکخواپەرستییە .

حیکمەتی سێیەم:

مژدەدان بەڕەزامەندی خودای گەورەو هۆشداری دانی خەڵکی لەسەرکێشی و یاخی بوونی خودای گەورە .

هەر لەو ساتەی پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) هەستیان بە بەرپرسیاریێتی کردووە گرنگیان داوە بەوەی گەلەکەیان بەرەو کردەوە چاك و جوانەکان بەرن و ببنە بەربەستێك لە ئاستی هەموو کردەوەیەکی خراپ و ناشیرین، وە بۆ ئەوەی ئەم مەبەستەیان بێتەدی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) ڕێگەی مژدەدان و ترساندنیان گرتۆتە بەر، وەك خودای گەورە سەبارەت بەنوح ﷺ دەفەموویت:

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُبِينٌ أَنْ لَا تَعْبُدُوا إِلَّا اللَّهَ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ﴾[هود: ٢٥ – ٢٦] .

واتە: بەڕاستی ئێمە نوح مان ﷺ ناردە ناو گەلەکەی پێی ووتن من ترسێنەرێکی ئاشکرام بۆ ئێوە، پێتان ڕادەگەیەنم کە جگە لەخودای گەورە شتی تر مەپەرستن چونکە من دەترسم لە ڕۆژێك کە تووشی سزایەکی سەخت بن تێیدا .

هەروەها خودای گەورە لەسەر زاری موسا وە ﷺ دەفەموویت :

﴿إِنَّا قَدْ أُوحِيَ إِلَيْنَا أَنَّ الْعَذَابَ عَلَى مَنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى﴾ [طه: ٤٨].

واتە: بەڕاستی ئێمە سورش مان بۆ هاتووە کە سزاو سەرگەردانی تووشی کەسانێك دەبێت کە پەیامی پێغەمبەران بە درۆ بزانن و پشتی لێ هەڵ بکەن .

وە عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص رضي الله عنهما دەفەموویت: ڕۆژێکیان گوێمان لێ بوو بانگدەر فەرمووی ( الصلاة الجامعة) هەتا هاوەڵان رضي الله عنهم هەموویان کۆبوونەوە پێغەمبەر ﷺ پێیانی فەرموو:

(١) (صحيح الجامع الصغير: ١٤٥٢).

(إنه لم يكن نبي قبلی إلا كان حقا عليه أن يدل أمته على ما يعلمه لهم و ينذرهم شر ما يعلمه لهم ......)[٢].

واته: بەڕاستی هیچ پێغەمبەرێك لە پێش مندا نەهاتووە ئیللا پێویست بووە لەسەری کەچ شتێك دەبێتە مایەی بەختەوەری گەلەکەی پێیان ڕابگەیەنێت و هەرشتێك دەبێتە مایەی سەرگەردانی گەلەکەی ئاگاداریان بکاتەوە لێی هەروەها خودای گەورە زۆر بەجوانی حیکمەتی ناردنی هەموو پێغەمبەرانمان (علیهم الصلاة والسلام) بۆ ڕوون دەکاتەوە وەك دەفەرموێت:

﴿وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ﴾ [الكهف: ٥٦].

واته: ئێمە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) نانێرین تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە مژدەی بەهەشت بە باوەڕداران بدەن و هەڕەشەی دۆزەخ لەسەرپێچی کاران بکەن .

ئەوەتا خودای گەورە بە جوانترین شێوە ڕووناکی دەخاتە سەر پەیامی پێغەمبەر محمد ﷺ

﴿الر كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ﴾ [إبراهيم: ١].

واته: ئەی محمد ﷺ ئێمە پیرۆزترین کتێبمان بۆ تۆ داگرتووە بۆ ئەوەی خەڵکی لە تاریکیەکانی شیرك و ستەم کردن ونەزانین دەربهێنیت بەرەو ڕووناکی باوەڕو چاکەکردن و بەختەوەری.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئەو حیکمەتانەی لە پێناویدا پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) ڕەوا نەکراون گەر بمانەوێت حەقی باس کردنی بدەین ڕەنگە بەدەیان هەزار لاپەڕەش کۆتایی نەیات، خودای گەورە یارمەتیمان بدات بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مەبەست و حیکمەتی هاتنی پیغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) خودای گەورەش یارمەتی دەرو سەر خەرمان بێت .

وصلى الله وسلم على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اتبعهم الى يوم الدين.

سەرچاوەکان:

١. قورئانی پیرۆز
٢. تفسير القرآن العظيم - ابن كثير -
٣. منهج الأنبياء في الدعوة الى الله - ربيع بن هادي المدخلي -

**سایتی بەهەشت**
**www.ba8.org**

---

(٢) (صحيح الجامع الصغير: ٢٤٠٣). عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص ﷺ یەکێکە لە زانا گەورەکانی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لە پێش باوکیدا موسڵمان بووەو زیاتر لەهەموو هاوەڵان ﷺ فەرموودەی گێڕاوەتەوە و لەساڵی ٦٥ کۆچیدا وەفاتی کردووە .

# ڕوون كردنەوەو پاڵاوتەكردن پاشان پەروەردەو فێركردن

# وەپێویستی موسڵمانان بۆ ئەو دوو كارە


فضيلة الشيخ: محمد ناصر الدين الألباني

وەرگێڕانی: م/عبدالوالی عبدالرحيم القزلجي


بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**له پاشاندا:.**

ئێمە ئەمڕۆ...هەروەكو هەموو لایەك دەزانن لە رۆژگارێكداین كە موسڵمانان گەیشتوونەتە ئاستێك كە ئەوەندە خراپە هیچ كاتێك موسڵمانانی خاوەن باوەڕ بە خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ ناگونجێ لەوە خراپتر ببینرێ، لەبەر ئەم هۆیەو هەروەها وەك بێدار بوونەوەیەك و هەست كردنی هەریەك لە ئێمەو مانان بەرامبەر ئەو زەلیلیو ناڕەحەتیەی كە باڵی كێشاوە بەسەر كۆماڵگا موسڵمانەكاندا بەوپەڕی داخو پەژارەوە..

هەموو تاكەكانی كۆمەڵگا لەگەڵ جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیریان هەمیشە دەپرسن لە كۆڕو كۆبوونەوە گشتی و تایبەتیەكاندا لەو هۆكارەی كە موسڵمانانی بەرەو ئەو حاڵەتە خراپەو بارە پڕ زەبوونو ناهەموارەو ئەو پەنهانەی كە بە هۆیەوە بەرەو نزمترینو ناهەموارترین جێگەی زەلیلیو ژێر دەستەی بردن.

هاوكاتی ئەم پرسیارانە بەهەمان شێوە دەپرسینو داوای چارەسەرو دەرمانی ئەم حاڵەتە دەكەین هەتا بە هۆیەوە بتوانین خۆمان ڕزگار بكەین لەو سەختیو ناخۆشیانە.

ئەوسا بیرو بۆچونەكان جیا جیا دەبنو هەریەكێك دێت لە پرۆگرامو شێوازو ڕێگە چارەیەك كە بە گونجاوی دەزانن بۆ

چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەی کە باسمان کرد.

بەڵام من وای دەزانم ئەم کێشەیە بە تەواوەتی پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کردووەو لە هەندێك لە فەرموودەکانیدا لەو بارەیەوە دواوە، وە چارەسەری گونجاویشی بۆ دیاری کردووە هەروەك لەم فەرموودەیەدا دەفەرمێت:

**(إذا تبايعتم بالعينة، وأخذتم أذناب البقر، ورضيتم بالزرع، وتركتم الجهاد، سلط الله عليكم ذلا لاينزعه حتى ترجعوا الى دينكم)**[1] .

وەك دەبینین لەم فەرموودەیەدا لەگەڵ کورتیو پوختیدا باسی ئەو نەخۆشیانەی تێدایە کە بەربڵاوەو هەیە، هەتا موسڵمانانیشی گرتەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها باسی دوو نەخۆشی دەکات بۆ نمونە هێنانەوە نەك وەك سنوردار کردنی نەخۆشیەکان، لەو دوانەدا:

جۆری یەکەم: بریتییە لە ئەنجام دانی هەندێك کرداری حەرام لە لایەن موسڵمانانەوە بە شێوەیەکی ساختە کردنو فریودان لەگەڵ ئەوەی کە دەزانن ئەو کارە حەرامە هەروەك لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە: (إذا تبايعتم بالعينة). (العينة) هەروەك لە کتێبەکانی فیقهدا باس کراوە بریتییە: لە جۆرێك کڕینو فرۆشتن کە فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ بە کڕینو فرۆشتنێکی حەرامی لەقەڵەم داوە، سەرەڕای ئەمە هەندێك لە زانایان بۆچونیان وایە چ جای خەڵکی عەوامو نەشارەزا کە ئەم موعامەلەیە شەرعییەو دروستە.

شێوازی کڕینو فرۆشتنەکەیش ئا بەم شێوەیەیە: کڕیار هەڵدەسێت بە کڕینی کەلو پەلێکی پێویست ئێمە وای دادەنێین کە سەیارەیەکە، سەیارەکە دەکڕێت بە بڕێك پارە بە شێوەی قیست بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، دوای ماوەیەکی کاتی کابرای کڕیار دێتو سەیارەکە دەفرۆشێتەوە بە فرۆشیاری یەکەم کەسەیارەکەی لێ کڕیووە بەنرخێکی کەمتر لەو نرخەی کە یەکەمجار سەیارەکەی پێ کڕیووە، بەڵام بەو مەرجەی فرۆشیاری یەکەم کە دەبێتە کڕیار ئەم جارە پارەکەی بە نەقد بداتێ. شێوەی معامەلاتەکە نزیکتر دەکەینەوەو دەڵێین:

---

(١) (السلسلة الصحيحة: ١١).

بۆ نمونە ئەو سەیارەیە فرۆشرایەوە دەهەزار لیرە بەشێوەیەکی قیست پاشان کڕیاری ئەم سەیارەیە هەڵدەسێت بە فرۆشتنەوەی سەیارەکەی بە فرۆشیاری یەکەم کە لێی کڕیووە بە نرخێکی هەرزانتر کە هەشت هەزار لیرەیە بەڵام نەقد پارەکەی دەوێت، کابرای فرۆشیاری سەیارەکە یەکەمجار کە دوای سەیارەکە هەڵدەگرێتەوە بە جیاوازی دوو هەزار کەمتر، دوو هەزارەکەی تر وەکو قەرز لەسەر حیسابی کابرای کڕیاری یەکەم دەنوسێتو دەبێت ئەو دوو هەزارە بداتەوە.

ئەو زیادەیە سووە(ڕیبایە) وە ئەوەی کە پێویستەو داواکراوە لە موسڵمانان کاتێك گوێبیستی ئایەتەکانی خوای گەورەو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەبێت کە سوو حەرام دەکات، کە ئەم جۆرە کڕینە (بیع العینة) حەڵاڵ نەکەن مادام لە دانەوەی ئەو قەرزە پێویستە زیادەیەك بدات، وەلەبەر ئەوەی ئەم زیادەیە سووەو ئاشکراو دیارە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك بەحەڵاڵی دەزانن، چونکە دەیکەنە ژێر خانەی کڕینو فرۆشتنەوە، وە بەڵگەیشیان ئەو ئایەتو فەرموودانەیە کە بە شێوەیەکی گشتی باسی کڕینو فرۆشتن دەکەن، وەکو ئەو ئایەتە کە دەفەرمێت: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ [البقرة: ٢٧٥].

واتە: خوای گەورە کڕینو فرۆشتنی بۆتان حەڵاڵ کردووەو ڕیبای لێتان قەدەغە کردووەو دوور بکەونەوە لێی.

وە دەڵێن سوویش هەر کڕینو فرۆشتنە وهیچی تێدا نییە ئەگەر زیادو کەمی تێدا ڕوو بدات، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کاتێك کە کڕیار سەیارەکە دەکڕێت بە دەهەزار بە قیستو پاشان پێی دەفرۆشێتەوە بە هەشت هەزار بە نەقد واتە تەنها مەبەستی ئەوەیە هەشت هەزاری دەست بکەوێت لەو ڕێیەوە، چونکە دەزانێ کابرای فرۆشیاری موسڵمان بەگومانی خۆی هەرگیز هەشت هەزاری پێ نادات لە پێناوی خوداو لەبەر خوا بەڵکو زیادەی دەوێت لەو قەرز پێدانە هەر بۆیە هەردوولا بە فێڵ ئەو زیادەیە حەڵاڵ دەکەن بەناوی کڕینو فرۆشتنەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ یەکەم کاری بریتییە لە ڕێنمونی کردنی خەڵکی هەروەك خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ﴾ [النحل: ٤٤] .

واته: ئەی محمد ﷺ ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ ناردویتە خوارەوە بۆ ئەوەی بۆ ئەو خەڵکەی ڕوون بکەیتەوە ئەوەی کە بۆیان نێردراوەتە خوارەوە.

دووەم: پێغەمبەر ﷺ هەروەك خوای گەورە وەسفی کردووە:

﴿بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾ [التوبة: ١٢٨] .

واتە: لەگەڵ باوەڕداراندا بە ڕەحمو میهرەبانە.

وە لەو بەزەیی ومیهرەبانییەی بەرامبەر بە ئێمە ئەوەیە کە ووریای کردوینەتەوە لەو ڕێگایانەی کە شەیتان لێوەی مرۆڤەکان لە خشتە دەبات، وە ئاگاداری کردوینەتەوە لە داو وتەڵەکەکانی لە زۆرێك لە فەرموودەکانیدا وە یەکێك لەو فەرموودانە ئەوەیە کە ئێمە لە باس کردنیداین وەك دەفەرمێت:

(إذا تبايعتم بالعينة).

واتە: ئەگەر ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ حەرامیان کردووە حەڵاڵتان کرد بە کەمترین فێڵ بەناوی ئەوەی کە ئەمە کڕینو فرۆشتنە، کە لە ڕاستیدا ئەمە دانانی پەردەیەکە لەسەر ڕاستی بابەتەکە و شاردنەوەیەتی، وە ئەو کڕینو فرۆشتنە قەرزدانە لەبەرامبەر زیادەیەك.

هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ بێداری کردووینەتەوە لەم فەرموودەیەدا کە نەکەوینە ناو ئەم فڕو فێڵانەوەو ئەوەی کە حەرامی کردووە حەڵاڵی نەکەین، چونکە ئەم جۆرە کارانە زۆر ترسناکترە لەوەی کە موسڵمان بکەوێتە حەرامەوەو بزانێ ئەوە حەرامە، لەبەر ئەوەی ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت کەواز بهێنێت لەو کارەو تەوبە بکات چونکە دەزانێت ئەو کارە حەرامە.

بەڵام ئەگەر ئەو کارە خراپەی لەبەر چاودا ڕازابێتەوە بەهەر هۆیەك بێت لە هۆیەکان کە لەوانەیە لێکدانەوەیەکی هەڵە بێت، یاخود نەزانییەکی لە ڕادەبەدەر کە وا گومان بەرێت کە ئەم کارەی هیچی تێدا نییە، ئەوا زۆر ئاساییە بەلایەوە کە نەیەت بەخەیاڵیدا ڕۆژێك لە ڕۆژان تەوبەی لێ بکاتو بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە.

کەواتە مەترسی ئەو کەسەی کە حەرام حەڵاڵ دەکات بە بیروباوەڕی خۆی زۆر زیاترە لەو کەسەی کە حەرامێك ئەنجام دەداتو فێڵو فریودانی تیا بەکار ناهێنێت،

وە دانـــی پیـــا دەنێـــت كـــە ســـووە وە دەشـنازێ، ئـەم كەسـە لەگـەڵ ئـەوەی كـە جـــەنگی بـــەرپا كـــردوە لەگـــەڵ خـــواو پێغەمبـــەردا ﷺ هـــەروەك لـــە دەقـــی ئایەتەكـــەدا هـــاتووە مەترســـی لەســـەر ئەنجامدانی كـەمترە لـەو كەسـەی كـە سـوو دەخـواتو بیروباوەڕیـشی وایـە كـە حـەڵاڵ خۆرە.

وێنەی ئەمە وەك ئەو كەسـەیە كـە مـاددەی سەرخۆشـكەر دەخواتـەوەو پێـشی وایـە حەرامـە، ئـەم كەسـە چـاوەڕێی ئـەوەی لێ دەكرێـت تەوبـە بكـاتو واز بهێنێـت، بـەڵام كەسـێك مـاددەی سـڕ كـەر بـەكاربهێنێت و پێی وا بێت حەڵاڵە بەهەر هۆیەك بێت، ئـەوا زۆر مەترسـی لێ دەكرێت چـونكە چـاوەڕێی ئـەوەی لێ ناكرێـت كـە تەوبـەی لێ بكـات، هـەتاوەكو بـەو شـێوە خراپـە حـوكمی ئـەم تاوانە خراپەی لێك بداتەوە.

وە پێغەمبـــەر ﷺ لـــەم فەرموودەیـــەدا باسـی(العینة) دەكـات هـەروەك لەسـەرەتای باسـەكەوە ووتمـان وەك نموونـە هێنانـەوە نەك وەك دیـاری كردنـیو سنووردار كردنـی دەردەكـات، چـونكە مەبەسـتی لەمـەدا ئەوەیە كە هەر موسـڵمانێك كـارێكی حـەڕام ئـەنجام بـداتو بەڕێگەیـەك لـە ڕێگـەكانی لێكدانـــەوەی هەڵـــە حـــەڵاڵی بكـــات، سـەرەنجامی بریتـیـە لـەوەی كـە خـوای گـەورە زەلیـلو ڕیـسوای دەكـاتو بـەهۆی ئەمەشەوە خوای گەورە موسـڵمانان زەلیـل دەكـات ئەگـەر ئـەو كـارە لـە ناویانـدا بـڵاو بووەوە.

پاشـان پێغەمبـەر ﷺ بـاس جـۆری دووەم دەكـات لـەو شـتانەی كـە خـەڵكی بـە زۆری تێیـدا بەشـدارن، وە دەزانـن پێـچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە هـەر بۆیـە دەفـەرمێت: (إذا تبایعتم بالعینة، وأخذتم أذنـاب البقـر، ورضیتم بالزرع).

واتـە: ئەگـەر سـەرقاڵ بـوون بـە ڕاكـردن بـەدوای سـامانو مـاڵی دونیـاداو دەسـت خستی ڕزقو ڕۆزی بەناوی ئەوەی كە خوای گـەورە فـەرمانی پـێ كـردووین كـە هـەوڵ بدەین بۆ بەدەست هێنـانی ڕۆزی، وە زیـاد لە پێویست ڕۆچـوون لـەو پێنـاوەدا، وە لـە بـیری خۆیـانی بەرنـەوە ئـەوەی كـە خـوای گەورە واجبی كردووە لەسەریان، وە خۆیان دەخلافێـنن لـە ڕاكـردن بـە دوای دانەوێڵـەو مـەڕو مـاڵات، وە هاوشـێوەی ئـەو جـۆرە كارانـە كـە دەبێتـە هـۆی لـە بیركردنـی ئـەو

شتانەی کە خوا فەرزی کردووە لەسەریان، وە لەو واجباتانەش کە خوا فەرزی کردووە لەسەریان وە لەو واجباتانەیش کە لە بیریان کردووە بە نمونە تێکۆشان باس دەکات لە پێناوی خوای گەورەدا وەدەفەرمێت:

(إذا تبايعتم بالعينة، وأخذتم أذناب البقر، ورضيتم بالزرع، وتركتم الجهاد، سلط الله عليكم ذلا لاينزعه حتى ترجعوا الى دينكم).

ئەم فەرموودەیە یەکێکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی هەروەك دەبینین، ئەوەتا گومانی تێدا نییە کە ئەو زەلیلیەی باسی کردووە ئەمڕۆ واقیعە لە ناوماندا، هەروەك دەبینرێ لەگەڵ جێی داخدا، کەواتە پێویستە لەسەرمان ئەو چارەسەرە وەربگرین کە لە فەرموودەکەدا باس کراوە دوای ئەوەی کە نەخۆشییەکانی باس کردووە وباسی بەرهەمی ئەو نەخۆشییەی کردووە لەسەر شۆڕی، چونکە موسڵمانان دەستیان گرتووە بە نەخۆش کەرەکانەوەو سەرەنجام بەرەو ئەو نەخۆشییەی بردین کە زەلیلی‌یە.

کەواتە پێویستە لەسەرمان کە بگەڕێینەوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو چارەسەرەی کە پێغەمبەر ﷺ باسی کردووە و ڕای دەگەیەنێ کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆی‌و جێ بەجێی بکەین ئەوا خوای گەورە ئەو زەلیلی وداماوییەمان لەسەر لادەبات‌و هەڵدەگرێت.

خەڵکی ئەم فەرموودەیە دەخوێننەوە وە زۆر گوێ بیستی ئەم دێرە دەبن کە دەفەرمێت: (حتى ترجعوا الى دينكم) .

وە واگومان دەبەن کە گەڕانەوە بۆ لای دین کارێکی ئاسانە، بەڵام من وای دەبینم کە گەڕانەوە بۆ لای ئایینی ئیسلام پێویستی بە (شان بۆ هەڵتەکاندنێك هەیە) -هەروەك لای ئێمە وادەڵێن- لەبەر ئەوەی هەمووومان دەزانین کە ئەم ئایینە توشی چەندەها هەوڵ دان بۆتەوە بۆ گۆڕینی زۆرێك لە ڕاستیەکانی ناوی، وە کۆمەڵێك لەو هەوڵانە توانیویانە بگەنە ئەو جۆرە گۆڕانکاری‌و دەستکاری کردنانە.

هەر بۆیە هەندێك لەو شتانەی کە گۆڕانکاریان تێدا کراوە لە لای خەڵکی زانراوە وە هەندێکی نازانرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەلای زۆرێك لە خەڵکی هەندێك بابەت هەیە کە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە، وە هەندێکی پەیوەندی بە عیبادەت‌و

موعامەلەوە هەیە، واتە بابەتی فیقهی وا گومان دەبەن کە لە دیندا هەیەو بە دین حسێبە کەچی لە ڕاستیدا ئەو بابەتە بە هیچ شێوەیەك لە دیندا نییە.

وە ئەو نمونەیەی کە پێشتر باسمان کرد زۆر دوور نی‌یە کە بریتی‌یە لەیەکەم کێشەو نەخۆشی کە پێغەمبەر ﷺ باسی کردووە.

وەك دەفەرمێت: (إذا تبايعتم بالعينة) . فرۆشتنی عینە ئەم جۆرە کڕینو فرۆشتنە لە لای هەموو خەڵکی دانی پیادا نانرێت، یاخود نازانرێت کە حەرامە بەڵکو تاوەکو ئێستا زۆرێك لە زانایانی هەندێك وولاتە ئیسلامییەکان کە بە ئومێدی ئەوەین شوێنو قەڵای ئیسلامە وە دوورە لەوەی کە بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شتانەی کە وولاتە موسڵمانەکانی تری تێ کەووتون، فەتوا بەوە دەدەن کە ئەم موعامەلەیە لەگەڵ ئەوەی کە فێڵو ساختەی تێدایە بۆ حەلاڵ کردنی سوو (ڕیبا) دروستە، وە ئەم نمونەیە یەکێکە لەو نمونانەی کە زۆرەو کەسانێکی سەرقاڵ بە فیقهی ئیسلامی دەیزانن.

وە ئەم جۆرە لە کڕینو فرۆشتن لەگەڵ ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ حەرامی کردووە وە دایناوە بە هۆیەك بۆ زەلیل بوونی موسڵمانان، نمونەیەکە لە دەیان نمونە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە باسمان کرد، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە لەسەرمان سەر لەنوێ تێ بگەین لەم ئایینە لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەت، وە کاتێك کە ئێمە ئاماژە بەوە دەکەین کە زانایانێك هەن وەهەندێك شت حەلاڵ دەکەن لەگەڵ ئەوەی کە دەقی ڕوونو ئاشکرا هەیە لەسوننەتدا کە ئەو شتە حەرامە، نامانەوێك لە پشت ئەم ئاماژەیەوە تانەیان لێ بدەین یاخود لە ئاستی زانستیان کەم بکەینەوە بەڵکو ئێمە دەمانەوێت ئامۆژگاری موسڵمانان بکەین، وە دەمانەوێت هاریکاریان بکەین بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەی کە سەرقاڵی شارەزا بوونی حوکمە شەرعییەکانن بۆ تێگەیشتنی ئەوشتانەی کە لادانی تێدا کەوتووە لە لایەن هەندێك لە خەڵکییەوە بە هەر هۆیەك بێت.

ئەویش بە گەڕانەوە بۆ لای حوکم ویاسای ئایەتێك کە قورئانی پیرۆزە، وە ئەو ئایەتەیش لای هەمووان زانراوە، بەڵام کەمن ئەوانەی کە دەیانەوێت پابەندی بن، ئەو

ئایەتەیش بریتی‌یە لەو فەرموودەیەی خوای گەورە کە دەفەرمێت:

﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾ [النساء: ٥٩] .

واتە: ئەگەر کێشە کەوتە نێوانتانەوە لە هەر بابەتێکدا ئەوا بۆ چارەسەری بگەڕێنەوە بۆ لای قورئانو پێغەمبەری خوا ﷺ هەتا لە ژیانداییە وە بۆلای فەرموودەکانی لە دوای خۆی ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەنو باوەڕتان بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، چونکە پابەند بوونتان بە کەلامی خواو کەلامی پێغەمبەرەکەی ﷺ لە چارەسەر کردنی کێشەکانتاندا توشی خێرو چاکەی زۆر دەبنو سەرەنجامێکی زۆر چاکیش چاوەڕێتان دەکات.

ئەوانەی کە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە دەکەن بۆ شارەزا بوون لە حوکمە شەرعییەکان دەزانن کە کڕینو فرۆشتنی (عینە) وە زۆرێك لەمامەڵەکانی تر زانایان بۆچونیان جیاوازە دەربارەی لە کۆنو تازەیشدا، دەی کەوایە زانایانی ئەمرۆ چی دەکەن دەربارەی ئەو بابەتانەی کە بۆچونی زانایانی تێدا جیاوازە؟ ئەوەی کە من شارەزا بم ئەوەیە کە زۆربەیان دان بەو جیاوازی بۆچونانەدا دەنێن (ئەوەی کە کۆنە هەر بە کۆنی وازی لێ دەهێنن) وەك دەڵێن، لێرە دەڵێم: موسڵمانان چۆن بگەڕێنەوە بۆ ئایینەکەیان کە تەنها ئەوەیش چارەسەرە کە پێغەمبەر ﷺ دیاری کردووەو دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی کە بەجێ بەجێ کردنی زەلیلیو کەساسیمان لەسەر هەڵدەگرێ ئەگەر نا ئەوا نەخێر.

کەواتە تەنها چارەسەر بریتی‌یە لە گەڕانەوە بۆ لای ئایینی ئیسلام، بەڵام ئەم ئایینە وەکو هەموومان یاخود بە تایبەت کەسانی شارەزا دەزانن جیاوازییەکی زۆر هەیە تێیدا وە ئەو جیاوازییەیش وەك زۆرێك لەزانایانو نوسەران وا گومان دەبەن کە لە چوار چێوەی چەند بابەتێکی فیقهی دایە هەروەك دەڵێن، بەڵام ئەم بۆچونە هەڵەیە بەڵکو ئەم جیاوازییە زۆر لەوە زیاترەو تێپەڕی کردووە بۆ بابەتە بیرو باوەڕییەکان، بۆ نموونە جیاوازی و ناکۆکییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان ئەم دوو گرووپەو موعتەزیلەکاندا، بێجگە لە دەستەو گروپەکانی تر وە هەمووشیان

لەسەر ئێمە دەژمێردرێن وەکو موسڵمانان وەهەموویان ڕاسپێردراون بەم فەرموودەیە: (سلط الله عليكم ذلا لاينزعه حتى ترجعــوا الى دينكم).

ئەو ئایینە کامەیە کە پێویستە بگەڕێینـەوە بۆی؟! ئایا پێویستە گەڕانەوەمان بۆی بە تێگەیشتنی فڵانە مەزهەب بێت، یاخود ئـەو مەزهەبانەی تر کـە هـەن بـا ئێمـە نـاکۆکیو جیـاوازیەکـە سـنوردار بکـەین لـەو چـوار مەزهەبە بەربڵاوەی کە هەیـەو بـە مەزهـەبی ئـەهلی سـوننە دەژمێـردرێن، کامەیـە ئـەو دینـــەی کـــە چارەســـەرە بـــۆ لابردنـــی زەلیلیمـان؟! ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ هـەر مەزهەبێك لەو چوارە بە دڵنیاییەوە هەنـدێك بابـەت یـاخود بەدەیـەها بابـەت هەیـە لـەو مەزهەبەدا کـە پێچەوانەی سـوننەتە ئەگـەر پێچەوانەی قورئان نەبێت.

هەر بۆیە مـن وای بـە بـاش دەزانم کـە هـەر چاکسازیەك کـە پێویسـتە کەسـانی بـانگ خواز پێی هەسـتن بـۆ ئیسـلامو ئەوانەیـشی کـە بانگەشـەی دەوڵـەتی ئیسـلامی دەکـەن بەدڵـسۆزییەوە بـەوە دەبێـت کـە خۆیـان شـارەزا بکـەن یەکـەمجار وە پاشـان ئـەم ئوممەتـەیش: ئـەو دینـەی کـە پێغەمبـەری خــوا ﷺ هێنــاویەتی وە هــیچ ڕێگەیــەکیش نیـیە بۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئەوەنـدەی کـە من دەیزانم لـەوەی کـە شـارەزایانی ئیـسلام یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە هیچ ڕێگەیـەك نـیـە بـۆ گەڕانـەوە بـۆ تێگەیـشتنی ئـەم ئایینە بەو شێوە ڕاستو دروستەی کە خـوا ناردویەتییە خوارەوە تەنها بە لێکۆڵینـەوەو توێژینەوەی قورئانو سوننەت نەبێت.

وە گومـانی تێـدا نـیـە کـە پێـشەوایانی ئیسلام (ڕەحمەتی خوایان لێ بێـت) شـوێن کەوتووانیان ئاگادار کردۆتەوە کە شـوێنیان نەکەونو چاولێکەریان نەکـەنو نـەیان کـەن بەســەر چــاوەی گەڕانــەوە لــە حوکمــە شــەرعییەکانداو بەمــەش ئـەو دوو بنـچینە ســەرەکییەی شــەریعەتی ئیــسلام لــە بــیر بکەن کە بریتیـیە لە قورئـانو سـوننەت، وە ئــەوەش لــە چــاکەو باشــەیانە وە ئــەم باشییەشیان فـەزڵی خوایـە بـە سـەریانەوە، پێویــستیش ناکــات کــە ووتــەی ئــەو پێـشەوایانەتان بـۆ بهێنمـەوە کـە بـە هـەر هـەمووی بـاس لـەو ووتەیـە دەکـات کـە بـە سـەنەدی صـحیح لێیـان دەگێڕدرێتـەوە وە دەڵێ: (إذا صح الحديث فهو مذهبي).

واتە: لە هەر بابەتێکدا لـە بابەتـەکانی ئـەم ئایینـەدا فـەرموودەی صـحیحی دەربـارە هاتبوو ئەوا ئێمە بە گوێی ئـەو فەرموودەیـە دەکـەینو شـوێنی دەکـەوین وە ئـەوەیش ڕێبازو مەزهەبمانە.

ئێمـە ئـەو ووتەیـەی ئـەوانمان بەسـە، وە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە هەر یـەکێك لـەو پێـشەوایانە ئامۆژگـاری خـۆیو پاشـان ئامۆژگاری ئوممەتەکەیو شوێن کـەوتوانی کردووە کاتێك کە فەرمانیان پێ دەکات کـە بگەڕێنـەوە بـۆ لای فـەرموودە ڕاسـتەکان و شـوێنی بکـەون ئەگـەر پێـچەوانەی بـیرو بۆچـونو ئیجتیهـادی ئـەو بـوون، وە ئـەم ئامۆژگارییەی ئـەوان کردنـەوەی ڕێگایـە بـۆ گەڕانــەوە بــۆ لای قورئــانو ســوونەت تەنانـەت لـە ژێـر نـاوی چاولێکردنو شوێن کەوتنی پێشەوایان.

لێرەدا هەنـدێك نمونـە کـە هـەتا ئێـستایش لـەناو کتێبەکانـدا هەیـەو دەخوێنـدرێت لـە قوتابخانە شـەرعیو کۆلێژەکانـداو لەیـەکێك لـە مەزهەبـە ئیسلامییەکانیـشدا هەیـە: کـە نوێــژ خــوێن کاتێــك نوێــژی دابەســت دەسـتەکانی بەردەداتـەوە لەسـەر سـینگی نایگرێت؟! بۆچی؟ مەزهەب ئاوایـە، لەگـەڵ ئەوەی زانایانی فەرموودە هـەوڵێکی زۆریـان داوە کـە فەرموودەیـەك بهێننـەوە ئەگـەر زەعیفـیش بێـت بـەڵکو مـەوزوعیش بێـت لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ بـە دەسـتی ڕاستی دەستی چەپی نـەگرتووە کاتێك کـە لەناو نوێژدا وەستاوە، کەواتـە بەردانـەوەی دەستەکان بـوونی نـییە، ئەپرسـمو دەڵـێم ئایـا ئــەوە ئیـسلامە؟ مـن دەزانم هەنـدێك دەڵێن: ئەم بابەتەی باسی دەکـەی یەکێکـە لــە بابەتــە لاوەکــیــەکان، وە لەوانەیــە هەنـدێك بــە لایانــەوە ئاســانتر بێــتو وای دەربېڕن کە ئەو بابەتە بابەتێکی بێ نرخـەو گرنگ نـییە، وە مـن بیروبـاوەڕم وایـە کـە هــەموو ئــەو شــتانەی کــە لــە پێغەمبــەری خـواوە ﷺ پێمـان گەیـشتووەو پەیوەنـدی بـە ئـایینو پەرستنیـشەوە هەیـە بـێ نـرخ نییەو گرنگە.

چـونکە بیروباوەڕمـان وایـە کـە هـەموو ئـەو شـتانەی کـە لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ پێمـان گەیشتووە دەبێت وەکـو دیـن وەری بگـرین لەگـەڵ ئاسـتی ئـەو شـتە بـەپێی هـەبوونی بەڵگەی شەرعی لەسـەری ئەگـەر فـەرز بـوو ئـەوا فـەرزە وە ئەگـەر سـوونەت بـوو ئـەوا سوننەت، بەڵام ئەو کـارە ناوبنێـت بـێ نـرخ

یاخود توێکڵ هەر لەبەر ئەوەی حوکمەکەی موباحە واتە ڕێپێدراوە لەشەرعدا ئەوا ئەو جۆرە بیرکردنەوانە دوورە لە ڕەوشتی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەی کە ناوەڕۆکی شتێك پارێزگاری لێ ناکرێت ئەگەر توێکڵەکەی نەپارێزرێت واتە بەنەمانی توێکڵ ناوەڕۆك دەفەوتێت.

ئەم نمونە سادەیە کە بەردانەوەی دەستە لەناو نوێژدا بۆچی موسڵمانان بەردەوامن لە جێ بەجێ کردنیدا لەکاتێکدا ئەو هەموو فەرموودەیە هەیە لەو کێشانەی کە فەرموودەی تێدا کۆکراوەتەوە، وە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی دەگرت لەناو نوێژدا تەنها مەسەلەکە چاولێکەریو پێ داگرتنە لەسەر موخالەفە کردنی پێشەوایانی ئیسلام لەوو ووتەیەیاندا:

(إذا صح الحديث فهو مذهبي).

لەوانەیە ئەم نموونە ساکارانە هەندێك لە خەڵکی پێی ڕازی نەبن جا بۆیە نموونەیەکی تر باس دەکەین کە لە هەندێك لە کتێبی فیهی مەزهەبەکاندا هەتا ئێستایش باس دەکات کە مەی (ئارەق) دوو جۆرە: جۆرێکیان لە ترێ دروست دەکرێت ئەم جۆرە کەمەکەیو زۆرەکەی حەرامە، جۆرەکەی تر لە غەیری ترێ دروست دەکرێت واتە لە جۆ یان خورما یان شتی تر کە بێباوەڕانی ئەمڕۆ کارامەن لە دەرهێنانی مەی تێیدا، ئەم جۆرە لە مەی ئارەق حەرام نییە تێیدا تەنها ئەوەندەی حەرامە تێیدا کە سەرخۆشکەرە، بۆچی هەتا ئێستایش ئەم ووتەیە لەناو کتێبەکاندا بە نوسراوی ماوەتەوە.

دڵنیام هەندێك لە خەڵکی بەرگری دەکەن لەم ووتەیە بە جۆرەها چەشنی بەرگری لەبەر هیچ نا تەنها لەبەر ئەوەی پێشەوایەك لە پێشەوایانی موسڵمانان ئیجتیهادی کردووەو ئەم قسەیەی ووتووە: لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەموومان لەگەڵ جیاوازی مەزهەبو ڕێبازمان ئەیخوێنینەوە لە کتێبەکانی سوننەتدا بە سەنەدی صحيح ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ:

(ما أسكر كثيره فقليله حرام)(٢).

واتە: هەرشتێك بڕە زۆرەکەی مرۆڤ سەرخۆش بکات بڕە کەمەکەیشی حەرامە.

هەروەها:

---

(٢) (إرواء الغليل: ٢٣٧٥، وصحيح سنن أبي داود: ٣٦٨١، وصحيح الجامع الصغير: ٥٥٣٠).

(كل مسكر خمر وكل خمر حرام)[٣].

هــەموو بــێ هۆشــكەرێك مەيــە، وە هــەموو مەيەك (شەراب) حەرامە.

بۆچی دەبێت ووتەيەكی ترسناكی وەك ئـەم ووتەيە بمێنيتـەوە كـە هانـدەری خـەڵكی‌يـە بەتايبەت ئەوانـەی لـە ڕۆخـی چاڵی تـاوانو خراپەدان، ياخود كەوتوونەتە ناوێوە بۆيـان دەڕازێنێتەوە خواردنەوەی بڕێكی كـەم لـەو عارەقـە كـە لـە تـرێ دروسـت نـەكراوە بـە بەڵگەی ئەوەی فلانە پێشەوا كـە زانايـەكی بـەڕێزە ئـەم شـتەی ووتـووە؟ ئـای لـەو بەڵگەيـە! ئێمـەش باوەڕمـان وايـە كـە ئـەو زانايە بـەڕێزە بـەڵام جياوازييەكـە لەوەدايـە كـە ئێمـە بیرمـان ناچـێت كـە ئـەو زانايـە بەڕێزەو پارێزراو نىيە لە هەڵە كردن، بـەڵام ئەوان ئەو ڕاستييە لـەبیر خۆيـان دەبەنـەوە هەر بۆيـە بـەردەوامن لەبـەرگری كـردن لـەو ووتەيـــە، وە هەنـــدێكيان ئـــەم ووتەيـــە دەقۆزنـەوەو هەڵدەسـتن بـە بڵاوكردنـەوەی مـاددە بـێ هـۆش كـەرەكان لـە نێـوان موسڵمانانـدا وە هەندێكيان بـەرگری دەكـات لەو پێشەوايە نەك لە ووتەكەی.

ڕەنگە زۆرێكيان بـزانن (مجلة العــربي) پـێش چەند ساڵێك ووتارێكی بڵاو كردەوە كـە هـی يـەكێك بـوو لەوانـەی لـە وتارەكەيـدا ئـەو ووتەيـــە پەســـەند دەكـــات: واتـــە ئـــەو خواردنـەوە بـێ هـۆش كەرانـەی لـە تـرێ دروست نەكراون وە ئـەو خواردنەوانـەی كـە ئـەمڕۆ هەيـەو دەزانـرێ زۆربـەی لـە تـرێ دەرنـەهێنراون لــەو ووتــارەی كــە بــڵاوی كردۆتـەوە لـە (مجلة العــربي) تێيـدا حـەڵاڵی دەكات بۆ موسڵمانان كـە چـەنديان ووَيسـت بيخۆنەوە لەو ماددەبێ هـۆش كـەرە تازانـە بــە بەڵگــەی: ئەوەنــدە مــەخۆرەوە كــە سەرخۆشت بكات.

وە ئەمەيش كارێكی خەياڵی‌يە لەبەر ئەوەی لـە ڕاسـتيدا وەكـو هـەمووومان دەزانـين كـە دڵۆپی يەكەم دڵۆپی دووەم بـە دوای خۆيـدا دەهێنێــت وە ســێيەم بــە دوای خۆيــدا دەهێنێت وە بەو شێوەيە.

وە ئەو بڕە كەمەی مرۆڤ سەرخۆش نـەكات وە ئەمــەيش كردارێكــە ناتوانرێــت ديــاری بكرێت وڕێك بخرێـت بڕێكـی زۆر دێنێـت كـە مرۆڤ سەرخۆش دەكات.

لێـرەدا دەڵـێم بۆچـی دەبێـت وێنـەی ئـەم جۆرە قسەيە بمێنێتـەوە لـەناو كتێبـەكانی

---

(٣) (إرواء الغليل: ٢٣٧٣، وصحيح سنن ابــن ماجــة: ٣٣٩٠).

فیقهدا لەگەڵ ئەوەی کە دژواری دەکات لەگەڵ ئەو هەموو فەرموودە وبەڵگە نەویستو جێگیرانەی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووە دەربارەی پوچەڵ کردنەوەی ئەو جۆرە وتەیە؟! بۆ دەبێت ڕێگە بدەین بە نوسەرێکی ئاوەها نەیار کە ئەم قسەیە بڵاو بکاتەوە. وە تەلارو کۆشکی لەسەر دروست بکات وەك دەڵێن: وە حەڵاڵی بکات بۆ موسڵمانان خواردنەوەی ئەم جۆرە خواردنەوە حەرامانە بە مەرجێ: ئەوەندە مەخۆرەوە کە سەرخۆشت بکات، وە کەم بخۆرەوەو زۆر مەخۆرەوە لەوانەیە ئەو کەسەی ئەم ووتارەی نوسیووە کەسێك بێت مەبەستی هەبێت لەوانەیشە نیەتی ساغ بێت وە بیەوێت ڕێگەی هەندێك کەس بگرێتە بەر کە دەڵێت: جەماعەت دین قورس مەکەن لەسەر موسڵمانانو توندو تیژ مەبن مادام ووتەی پێشەوایەك هەیە لە پێشەوای موسڵمانان کەبۆی حەڵاڵ کردون ئەو خواردنەوانە بۆچی ئێمە حەرامی بکەین؟ لەوانەیە ئەم نوسەرە ئاوها بێت بەڵام بۆچی دەبینین یەکێك لە زاناکانی وڵاتی شام کەسێکی وا بەڕێز نامیلکەیەك دەنوسێتو تێیدا بەرپەرچی ئەم ووتارە دەداتەوە دەبینین لەوەڵامدانەوەکەیدا سەرسامە جارێك بۆچوونی ئەوان سەر دەخات کە هەمان ووتەی ئەو نووسەرەیان هەیە، وە جارێك ئەو فەرموودانە دەهێنێتەوە کە باسیمان کرد کە وەڵامێکە بۆ ئەو نووسەرەو ئەوەیش کە تەوەری باسی ئەو نوسەرەیە.

بۆچی دەبینین ئەم زانا بەڕێزە ڕاڕایە؟! لەبەر ئەوەی ئەو ووتەیە بە پیرۆز دەزانێ بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی لە لایەن زانایەك لە زاناکانی موسڵمانانەوە ووتراوە، وە ئەو زانایەیش بە ئارەزووی خۆی یاخود بە نەزانی قسە ناکات، وە منیش دەڵێم لە گەڵی: ئەو زانایە قسە ناکات بە هەواو ئارەزوی خۆی یاخود بە نەزانی بەڵام ئایا کەسێکی پارێزراوە لە تاوانو دورە لە هەڵە کردن لەو ئیجتیهادەی کە تێیدا دوورە لە نەزانینو هەواو ئارەزوو.

هەموومان دەڵێین: نەخێر وە هەموویشمان لە بیرمانە ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (إذا حكم الحاكم فاجتهد ثم أصاب فله أجران، وإذا حكم فاجتهد ثم أخطأ فله أجر واحد)(٤).

---

(٤) (البخاري: ٧٣٥٢، ومسلم: ١٧١٦).

واتـه: ئەگـەر دەسـەڵات دار (زانـا) ویـستی دەربـارەی حـوکمێکی شـەرعی فـەتوا بـدات لەدوای گەڕانو هەوڵ دان بۆ ڕوونکردنەوەی ئـەو حوکمـە لـە قورئـانو سـوننەتداو فەتواکەی لە سـەر هـەبوونی زانیـاری یـەوە داوە پاشان پێکای ئەوا دوو پاداشتی هەیـە پاداشـتێك بـۆ هـەوڵو تەقەلاکـەی وە پاداشـتێك بـۆ فەتواکـەی، بـەڵام ئەگـەر هـەوڵو توانـای خـۆی داو لەسـەر هـەبوونی زانیاریەوە فەتوای دا هەرچـەندە نـەیپێکێو بەهەڵەدا بچێت ئەوا یەك پاداشتی بۆ هەیـە ئـەویش هـی تێکۆشـانەکەیەتی بـە گـەڕانی بەدوای ئەو حوکمە لـە قورئـانو سوننەتدا، ئـیتر بۆچـی لـەبیر خۆمـانی بەرینـەوە کـە موجتەهیـد لەوانەیـە پاداشـت وەربگرێـت کەیـەك پاداشـتە وە ئێمـە نـاڵێین هەڵـە دەکات؟ لەبـەر ئـەوەی هەنـدێك لـە خـەڵکی قورسـە بـە لایەنـەوە ئەگـەر کەسێك بڵێت: فلانە پێشەوا بە هەڵـەدا چـووە، بـەڵام وەك دەڵـێن: هـەموو ڕێگاکـان دەچـێتەوە سـەر ئـاردی ئاشـەکە ئێمـە دەڵـێین بـۆ ئـەم ڕۆچوونە؟ بۆچی بترسین لەوەی کە بڵێین: پێـشەوایەك لـە پێـشەوایانی موسـڵمان بـە هەڵـەدا چـووە لـەو بابەتـەدا، یـاخود لـەو ئیجتیهادەیدا یاخود لـەو بۆچـونەیدا لەگـەڵ ئەوەیشدا پاداشـتێك وەردەگرێـت لـەجیاتی دوو پاداشت بۆچی وانەڵێین وەك بیروباوەڕ:

دووەم: وەك جێ بەجێ کردنو بـە کـردەوە سەلماندنی لـە هەنـدێك لـە بابەتـە فـەرعی-یەکانـدا هـەر لەوبابەتـەی کـە ئێمـە لـەباس کردنیـداین؟ کاتێـك ئـەو نووسـراوەی ئـەو زانایـە دەخوێنینـەوە کـە نوسـیوێتی وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ نووسەری ئەو ووتـارەی کە باسمان کرد ناگەین بە ئـەنجامی ئـەوەی کـە بڵـێین نووسـەرەکەی بـە هەڵـەدا چـووە لـەوەی کـە پـشتی بەسـتووە بـە بۆچـونی پێـشەوایەك لـە پێـشەوایانی موسـڵمانان، لەبــەر ئــەوەی ئــەو بۆچــوونە دوای لێکۆڵینەوەو بـەراورد کردنـی لەگـەڵ بەڵگـە شەرعییەکاندا.

هەندێك لە شـوێن کـەوتوانی ئـەو پێـشەوایە ناچار بوون واز لەو بابەتە بهێننو خۆیـان لێ لابـدەن، وە وەکـو ئیجتیهادێـك سـەیری دەکـەن بـۆ ئـەو پێـشەوایە کـە پاداشـتێکی لەسەر وەردەگرێ وە شوێن ئـەو فـەرموودە ڕاستانە دەکەون کە لـەو بابەتـەدا هـاتووە، کەواتـە بۆچـی لەبەرچـاومان نەکـەون لـەو نووسـراوەدا کـە ئـەو پێـشەوایە بەهەڵـەدا

چووە وەلەگەڵ ئەوەیشدا پاداشتی خۆی وەردەگرێت وە نابێت ئەو نووسەرە پێچەوانەی قورئانو سوننەت بکات بە بۆچونی ئەو پێشەوایە.

وەلامەکەی: چونکە ڕاگرتنو ڕێزو پلەی پێشەوایان بالّی کێشاوە بەسەر دلّی هەمووماندا بەجۆرێك کە زۆر زیاترە لەوەی کە خوای گەورە پێویستی کردووە لەسەرمان، وە ئێمە باوەڕمان بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ هەیە کە پێمان دەفەرمێت:

(ليس منا من لم يجل كبيرنا ويرحم صغيرنا ويعرف لعالمنا حقه)(٥).

واتە: لە ئێمە نىيە ئەو کەسەی کە ڕێز لە گەورەکانمان نەگرێتو بە ڕەحمو میهرەبان نەبێت لەگەڵ منداڵەکانماندا، وە ڕێزو مافی زانایانی لە لا نەبێت.

پێغەمبەر ﷺ هانی موسڵمانان دەدات کە ئەم ڕەفتارە جوانە جێ بەجێ بکەن، وە داوا دەکات کە پلەو پایەو مافی زانایان بزانن، بەلام ئایا لە مافی زانایەکە کە ئاستو پلەی بەرز بکەینەوە بۆ ئاستی پێغەمبەرایەتیو پەیام هەتا پلەی ئەوەی بدەینێ کە هەڵە ناکاتو مەعصومە بە زووبانی حاڵ، چونکە زوبانی حاڵ زۆر ڕوونو ئاشکرا ترە لەو زوبانەی کە قسەی پێ دەکەین.

ئەگەر پێویستە لەسەرمان ڕێزی زانا بگرینو حەقی تەواوی خۆی بدەینێ وە شوێنی بکەوین کاتێك کە بەڵگەکانمان بۆ دخاتە ڕوو ئەوا بۆمان نىيە ووتەی ئەو سەر بخەین بەسەر ووتەی خواو هەروەها ووتەی پێغەمبەر ﷺ ئەم نمونەیەی کە باسمان کرد یەکێکە لەو نمونانەی کە هەتاوەکو ئێستایش بەردەوامە لە نێوانماندا بە بێ ئەوەی ئینکاری بکەینو یاخود دژی بوەستین لە لایەن کەسانی شارەزا لە قورئانو سوننەتدا.

وە من ئەو بابەتەم باس کردووە لە نوسراوێکدا چاپم کردووە وە وا پێویست بوو خوێنەر بگات بەیەك ئەنجام تێیدا ئەویش ئەوەیە:

کە بۆچوونی تەواو ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرمێت:

(ما أسكر كثيره فقليله حرام) .

---

(٥) (صحيح الجامع الصغير: ٥٤٤٣).

واتــە: هەرشــتێ بەشــە زۆرەکــەی مرۆڤــ سەرخۆش بکات کەمەکەیشی حەرامە.

وە ئـەو نوسـەرەی (مجلة العــربي) بەهەڵـەدا چووە، وە هەر کەسێك زانایـانو شـارەزایان پشت بەو بۆچوونە ببەستێ بەهەڵەدا چـووە وە لایـەنگیریو خـاترو خۆشەویـستیمان بـۆ هیچ کەسێك نیە کە هەڵـەی کرد، چـونکە هەڵە هـەر هەڵەیـە، کـوفر هـەر کـوفرە ئـیتر کەسێکی بچوك بیکات یـان گـەورە ژن بێـت یاخود پیاو لە لایەن هـەر کەسـێکەوە هەڵـە بکرێت هەر هەڵەیە وە بە هیچ جۆرێك هەڵـە کردن جیاوازی تێدا نیـە بـە نیـسبەت ئـەو کەسەی کە دەیکات.

نمونەیـەکی تـر هەیـە کـە باسـی بکـەین بـۆ نمونە ئەویش لـە ژن هێنانـدا کـە هـەتاوەکو ئــەمڕۆیش پیــادە دەکرێــت لــەناو ئــەو یاسـایانەی کـە پێـی دەوتـرێ یاسـای بـاری کەسـایەتی کـە بەداخـەوە زانـراوە کـە ئـەو یاســایانە ســەپێنراوە بەســەرماندا وەکــو سەپاندن لەگەڵ ئەوەی زۆر شتی تێدایە کـە پێـچەوانەی شـەریعەتی ئیـسلامیـە بەیـەك دەنگ، بـەڵام ئـەم حوکمـە هـەتا ئێـستایش ماوەتەوە بـەوەی کـە بۆچـونێکی ئیـسلامی بـەڕێزە هـەتاوەکو ئێـستایش بـەوە حـوکم دەکـرێ کـە کـچێکی موسـڵمانی عـاقڵی پێگەیشتوو ئەتوانێت خۆی بەشوو بـدات بـە بێ پرسی کەسو کـاری لەگـەڵ ئـەوەی کـە پێغەمبـــەر ﷺ بـــە ڕوونو ئاشـــکرایی دەفەرمێت:

(أيما امرأت نكحت بغير اذن وليها فنكاحهـا باطل، فنكاحها باطل، فنكاحها باطل)[٦].

واتـە: هـەر ئافرەتێـك شـوو بکـات بـە بـێ پرسی کەسو کـاریو بەخێوکـەری (بـاوکی) ئەوا ئەو شووکردنەی ناڕەوایەو دانەمـەزراوە سێ جار ئەمەی فەرموو.

ئـەم فەرموودەیـە ئیـشی پـێ نـاکرێ بـەڵام ئـەم حوکمـە یاسـایەو ئیـشی پـێ دەکـرێو جێبـەجێ دەکـرێ لەوانەیـە هەنـدێك لـە خەڵکی بڵێن: ئایا کەس لەو فەرموودەیە تێ نەگەیـشتووە تـەنها تـۆ نـەبێت؟ لەوەڵامـدا دەڵـێم: ئــەم فەرموودەیــە کەســێ وەری گرتــووە کــە یەکێکــە لــە تێگەیــشتووترین پێشەوا بە زووبـانی عـەرەبیو شـێوازەکانی ئـەویش کـە پێـشەوا شـافعیـیە، وە ئەمـە بۆچـونی کەسـێك نـیـە بنەچـەکەی زانـراو بێـت کـە ئەلبانییــەو خــەڵکی ئەلبانیایــە،

(٦) (إرواء الغليل: ١٨٤٠، وصحيح الجمع الصغير: ٢٧٠٩، وصحيح سنن ابن ماجة: ١٨٧٩).

بـەڵکو ئـەم ئـەلبانیـیە فەرموودەیـەکی بەرچـاو کـەوتووە هـەروەها تێگەیـشتنی پێشەوایەکیش کە پێـشەوایەکی قوڕەیـشی- یەو لە نەوەی(مطلب)ە.

پاشـان بۆچـی ئـەم بۆچـوونە ڕاسـتە کـە بەڵگەی لەسەرە لەو فەرموودە ڕاستە وازی لێ دەهێنرێ بۆ بۆچونی پێشەوایەکی تـر لـە پیـشەوای موسـڵمانان؟! بـەڵێ ئیجتیهـادی پێـشەوا لەسـەر سـەرمان، بـەڵام ئیجتهـاد کاتێـك نرخـی هەیـە کـە دژایـەتی دەقێـك نـەکات کـە دوورە لـە هەڵـەوە لـە قورئـانو سـوننەت، هـەموومان ئـەو ووتەیـە دەخوێنینەوە لە کتێبەکانی بنچینە فیقهی- یەکاندا (الأصول) کە دەڵـێ: (إذا ورد الأثـر بطل النظر) (إذا جاء نهر الله بطل نهر معقـل) (لا اجتهاد في مورد النص).

کـە هـەر هـەمووی بـاس لـەوە دەکـات کـە لەبابەتێکدا دەقێك هـاتبوو چ لـە قورئـان چ لە سوننەت ئیش بەو دەقـە دەکرێـتو ئـاوڕ لە هیچ بۆچوونو فەتوایەکی تر نادرێتەوە.

وە ئـەم بنـچینانە ئاشـکراو ڕوونـن لـە ڕووی زانستیەوە ئـیتر بۆچـی گرنگـی نـەدەین بـە جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم بنـچینانە لـە ڕووی کـردەوە پـێ کردنـی، وە بـەردەوام بـین لەسـەر هەنـدێك بابـەتی فـەرعی کـە پێچەوانەی سوننەتە!!.

ئەگەر بمانەوێت ئـەو چارەسـەرە وەربگـرین کە پێغەمبەر ﷺ بـۆی دیـاری کـردووین لـە دوای ئەوەی نەخۆشیەکانی دەسـت نیـشان کرد کە ئەویش:

(حتى ترجعوا الى دينكم).

هـەتاوەکو دەگەڕێنـەوە بـۆ ئاینەکـەتان. دەپرسم ئایا گەڕانـەوە بـۆ ئـایین تـەنها بـە کردەوەو بیروباوەڕە؟! زۆرێك لە موسڵمانان دەڵێن هیچ پەرستراوێك نـیـە بـە حـەق کـە شایەنی پـەرستن بێت جگە لـە زاتـی اللە، وە محمـدیش ﷺ نێـردراوی خودایـە، لەگـەڵ ئەوەشدا هەڵناسن بە پەیوەسـت بـوون بـەو ئەرکو مافانەی کە ئەم دوو شـایەتی دانـەی لـەخۆ گرتـووە، وە ئەمـە باسـێکی دوورو درێـژە زۆرێـك لـە موسـڵمانانی ئـەمڕۆ هـەتاوەکو ئەوانـەی بـە ڕێنمـونی کـاری خەڵکی دەناسرێن وشەی لا اله الا الله مـافی خـۆی نادەنـێ لـە لێکدانـەوەو ڕوونکردنەوەیدا، وە لـە ڕاسـتیدا زۆرێـك لـە گـەنجانی موسـڵمانانو نوسـەرە ئیـسلامییەکان بـەئاگا هاتونەتـەوە لـەم بابەتـەدا کـە ئـەویش ئەوەیـە یـەکێك لـە

ماناكانی ئەم شایەتی دانە بریتـیـیە لـەوەی کە حوکم تەنها بۆ خودایە بەڵێ دەمەوێ بە ئاشکرا بڵێم: گـەنجانی موسـڵمانو نوسـەرە موسڵمانەکان بە ئاگا هاتوون دەربارەی ئەو ڕاسـتـیـیە ئـەمڕۆ کـە ئـەویش حـوکم تـەنها مافی خوایە بـە تـەنها وە سـەپاندنی یاسـاو دەستووری سەر زەویو پشت بەسـتن پێـی بـۆ چارەسـەر کردنـی کێـشەکانی ئـەمڕۆ پێـچەوانەی ئـەو بیروباوەڕەیـە کـە دەبێـت دەسەڵاتو حوکم هـەر بـۆ خـوا بێـت، بـەڵام ئەوەی کە دەیبینم ئەوەیـە کـە زۆرێك لـەو نوسەرانە یەك ناگرنـەوە لەگـەڵ ئـەو بـەئاگا هاتنـە ترسـناکە کـە بریتـیـیە لـەوەی کـە حـوکم هـەر بـۆ خوایـە وە حـوکمی خـوایش بریتـیـیە لـە حـوکمی قورئـانو سـوننەت، سەیر دەکەین ئایا حوکمێك دژ بـە قورئـانو فەرمـوودە لە لایەن فلانـە کەسـی بـێ بـاوەڕ هات ئـەوا ئـەو حوکمـە پێـچەوانەی حـوکمی خوایە.

وە ئەگـەر ئیجتیهـادێکی هەڵـە لـە لایـەن موجتەهیدێکـەوە هـات پێـچەوانەی حـوکمی خـوا نـیـیە؟! مـن پـێم وایـە کـە هـیچ جیاوازییـەك نـیـیە چـونکە پێویسە لەسـەر موسـڵمانان کـە ووتـەی هـیچ کەسـێك وەرنەگرن بـا سەرچاوەکەیشی هەرکەسێك بێـت مـادام پێـچەوانەی قورئـانو سـوننەتە بـەڵام جیاوازییـەك هەیـە لـە نێـوان ئـەو کەسەی ئەو کوفرە دەڵێت، چونکە ئـەو بـێ بـاوەڕەو بـە هـەتا هـەتایی لـە ئـاگردا دەمێنێتـەوە وە ئـەو کەسـەی تـر کـە ئـەو ووتەیـە دەڵێـت بـە هەڵـەوە یەکێکـە لـە موسڵمانان، چونکە ئەو موسـڵمانە پاداشـت وەردەگرێ لەسەر ئەو هەڵەیەی وەك پێشتر ووریایمـان پێـدا لـە ڕووانگـەی فـەرموودە صەحیحەکەوە.

کەواتـە پێویـستە بگەڕێینـەوە بـۆ ئـاینو دوای هـــەوڵ دانو گرتنـــەوەی ڕێگـــەی تێگەیشتنی ئەم ئایینە کـە ئـەویش بـە جـێ بەجێ کردنی ئەو فیقهـە دەبێـت کـە ئـەمڕۆ پێـی دەوترێـت: (فقة المقـــارن) او(المقـارن) واتە تێگەیشتنو شارەزا بوون لە ئیسلام بـە بەراورد کردنی مەزهەبـە فیقهیـەکان لەگـەڵ قورئانو سوننەتدا.

وە ئــەم فیقهــە پێویــستە توێژینــەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێتو بخوێنرێت، وە کەسانی شـارەزاو مـەلاو خـاوەن بڕوانامـەی شـەرعی لـە فیقـهو سـوننەتدا هەسـتن بـە ووتنەوەی.

وە ئێمە لە كاتێكدا داوای دروست بوونی دەوڵەتێكی موسڵمانان دەكەین پێویستە ئەو دەوڵەتە دەستوورو یاسایەكی ڕوونو ئاشكرای هەبێت، دەبێت لەسەر چ مەزهەبێك ئەو دەستوورە دابنرێ؟! وە لەسەر چ مەزهەبێك ئەو دەستوورە یاساییە لێك دەدرێتەوە.

هەندێك لە نوسەرە ئیسلامییەكان ئەمڕۆ هەندێك لەو حوكمانە ڕوون دەكەنەوە كە پێویستە یاساو دەستووری دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر پێك بێت. دەبینین ئەم یاساو دەستورە لە توێژینەوەو لێكۆڵینەوە سەرچاوەی نەگرتووە بەو شێوەیەی كە پێشتر ئاماژەمان پێدا كە بریتیە لە (فقه المقارن) بەڵكو تەنها ئەوەندە كە ئەو نووسەرە توێژینەوەی لەسەر مەزهەبێك كردووە، وە بۆچوونی ئەو مەزهەبە نەقڵ دەكات لە زۆرێك لەو بابەتە لاوەكیانەی كە كۆی كردۆتەوە لە كتێبێكدا لەسەر ئەو بنچینەیەی كە دەوڵەتی ئیسلامی كاتێك دروست دەبێت، وە خۆزگە دەخوازم ئەو كاتە نزیك بێت ئەو كتێبە دەبێت بە یاساو دەستووری.

وە ئەو كەسەی كە لە ڕاستیدا هیچ شتێكی تازەی نەهێناوە بەهەمان شێوە نوسەری نامیلكەی خواردنەوە سەرخۆشكەرەكان شتێكی تازەی نەهێناوە بەڵكو ئەو شتە تازەیەی كە دەمانەوێت ئەوەیە كە موسڵمانان ئاگادار بكەینەوە.

بەڵام كەمترین شت بۆ ووتنی كە بوترێت: ئەو ووتەیەی تر ڕاستە كە پێشەواكەی تر ووتویەتی، چونكە پاڵپشتی هەیە لە سوننەتدا وە ئەوەی من ئاماژەی پێ دەدەم هاتووە لە ماددەی: ئەگەر موسڵمانێك كەسێك بكوژێ كە(ذمي) بێت، -(ذمي) بەكەسێك دەوترێ كە لە ووڵاتی ئیسلامدا دەژی وە سەرو ماڵی پارێزراوەو لەو پێناوەیشدا بڕێك سەرانەی لێ دەسەندرێ-.

ئەوا ئەو موسڵمانە دەبێت بكوژرێتەوە وە ئەم بۆچوونە ڕوونو زانراوە لەناو فیقهی ئیسلامدا، بەڵام بۆچونێكی تر لە بەرامبەریدا دەوەستێتەوە كە پێچەوانەیەتی: ئەگەر موسڵمانێك (ذمي) یەك بكوژێ ناكوژرێتەوە لە حەقیدا،

بەڵگـەیش لەسـەری ئـەو فەرموودەیـەی پێغەمبەر ﷺ: (لا يقتل مسلم بكافر)[٧].

واتـە: موسـڵمان ناکوژرێتـەوە لـە حـەقی کەسێکی بێ باوەڕدا.

کەواتە چی وای کردووە کە ئەم زانا بەڕێزو نوسەرە هاوچەرخە ئەم حوکمە بخاتە ناو سیستمی ئیسلامیو یاسای ئیسلامی کە موسڵمان دەکوژێ لە تۆڵەی بێ باوەڕدا کە پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەرە ﷺ، لام وایە هۆکارەکەی بریتییە لەوەی کە ئەم نوسەرە توێژینەوەی لەسەر ئەو فیقهە کردووە کە گەورە بووە لە سەری وە کردوویەتی بە پێویست لە هەموو شتێکدا.

دەپرسم ئایا ئەوە گەڕانەوەیە بۆ دین؟!

ئایین دەڵێ: موسڵمان لە حەقی بێ باوەڕدا ناکوژرێتەوە، بەڵام مەزهەب دەڵێ: دەکوژرێتەوە بە هەمان شێوە هەر ئەو نوسەرە لە هەمان بابەتدا دەڵێ: ئەگەر موسڵمانێك کەسێکی (ذمي) بکوژێ بە هەڵە خوێن دانەکەی چییە؟ خوێنەکەی وەك خوێندانی موسڵمان وایە؟ یاسا ئاوها دەڵێ وەك لە مەزهەبدا هاتووە وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(دية عقل الكافر نصف عقل المؤمن)[٨].

واتـە: خوێن بای بێ باوەڕ بە ئەندازەی نیوەی خوێنی موسڵمانە.

کەواتە: ئایا ئەمە بکەین بە یاسا یاخود ئەو بۆ چوونەی پێچەوانەی ئەمە؟ وە نمونەی تریش زۆرە.

کەواتە گەڕانەوە بۆ ئایین بریتییە لە گەڕانەوە بۆ قورئانوسوننەت، چونکە ئەوە بریتییە لە دین بە تێکڕای ووتەی پێشەوایان، وە هەر قورئانو سوننەت پارێزراوو دوورە لە هەڵەو لادانو کەوتنە ناو گومڕاییەوە.

هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(تركت فيكم شيئين لن تضلوا بعدهما: كتاب الله وسنتي، ولن يتفرقا حتى يردا علي الحوض)[٩].

واتـە: لـەدوای خـۆم دوو شـتم بـۆ جـێ هێشوون ئەگەر شوێنیان بکەونو پەیوەست بن پێیانەوە ئەوا هەرگیز گومڕا نابن: ئەو دووشتە قورئانو سوننەتەکەمە

---

(٧) (إرواء الغليل: ٢٢٠٩، وصحيح الجمع الصغير: ٧٧٥٢، وصحيح سنن ابن ماجة: ٢٦٥٨).

(٨) (صحيح الجامع الصغير: ٣٣٩١).

(٩) (صحيح الجامع الصغير: ٢٩٣٧).

وە هەرگیز پارچە پارچە بوونو دووبەرەکی ناکەوێتە نێوانتانەوە هەتا لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر حەوزی کەوسەر بەیەك دەگەین.

وە هەندێك نمونەمان باس کرد کە پێویست دەکات لەسەر کەسانی شارەزاو ئەهلی عیلم کە بگەڕێنەوە بۆ تێگەیشتنی دین لەو دوو سەرچاوە سەرەکیەی کە باسمان کرد: قورئانو سوننەت بۆ ئەوەی موسڵمانان نەکەونە حەڵاڵ کردنی ئەو شتانەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە بە گومانو بیری ئەوەی کە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە.

لێرەدا کۆتا قسەم بۆ گەڕانەوە بۆ ئایینی ڕاستەقینە ئەوەیە: ئەگەر بمانەوێت سەربەرزو شکۆدار بین لە لای خوای گەورەو ئەو زەلیلیو نارەحەتیەمان لەسەر لاباتو سەرمان بخات بەسەر دوژمندا ئەوا بەس نییە بۆ ئەوەی کە باسمان کرد لە پێویستی ڕاست کردنەوەی بۆچوونو تێگەیشتنەکان و سەرخستنی ئەو بۆچونانەی کە لێکدانەوەیە بۆ بەڵگە شەرعیەکان لە لایەن کەسانی خاوەن زانستو شارەزاو پسپۆڕ.

بەڵکو شتێکی زۆر گرنگ هەیە کە ئەویش مەبەستی بابەتەکەیە بۆ ڕاست کردنەوەی چەمکەکان ئەویش بریتییە لە کردەوە کردن، لەبەر ئەوەی زانیاری هۆکارێکە بۆ کارکردن واتا کاتێك کە مرۆڤ زانیاری وەرگرتو زانیاریەکەیشی پاكو پاكژ کراوە بوو، وە پاشان کردەوەی پێ نەکرد ئەوا زۆر ئاساییە کە ئەو زانستە هیچ بەرهەمێکی نەبێت، کەواتە پێویستە لەگەڵ ئەم زانستەدا کردەوەی لەگەڵدا گرێ بدرێت.

وە پێویستە لەسەر ئەهلی عیلم هەستن بە پەروەردە کردنی جیلی موسڵمانی تازە لەسەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەت.

وە نابێت واز لەوە بهێنین کە ئەو خەڵکە لەسەریەتی کەوەکو میراتیەك بۆیان بەجێ ماوە لەو چەمكو هەڵانەی کە هەندێکیان بەتاڵن بە تێکڕای ئوممەت، وە هەندێکی جیاوازی تێدا هەیە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت سەیر بکرێت وەکو تێڕوانین یاخود ئیجتیهاد یان بۆچونێك، کە هەندێك لەو ئیجتیهادو بۆچونانە پێچەوانەی سوننەتن.

کەواتە لەدوای پاڵفتە کردنی ئەو بابەتانە وە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێبازەی کە پێویستە دەست پێکی دەرچونو ڕۆشتن

بێــت لەســەری، وە پێویــستە پــەروەردە کردنــی جیلــی تــازە لەســەر ئــەو زانــستە ڕاســـتو دروســـتە، وە ئـــەو پـــەروەردە کردنەشـــە کـــە کۆمەڵگەیـــەکی ئیـــسلامی پاڵفتـەت بـۆ دەهێنێتـە بەرهـەم، وە دوا بـە دوای ئــەوەیش دەوڵــەتی ئیــسلامیمان بــۆ دادەمەزرێت.

وە بـێ ئـەم دووشـتە لـە زانـستی ڕاسـتو پەروەردە کردنی ڕاست لەسەر ئەو زانستە ڕاستە مەحاڵە بـە بـاوەڕی مـن جـارێکی تـر ئیسلام هەستێتەوە سەر پێ یاخود حوکمی ئیسلام یاخود دەوڵەتی ئیسلام٠

نمونەیـەك دەهێنمـەوە لەبـەر گرنگـی ئـەو پەروەردە دروستە لەسـەر زانـستی دروسـت ئـەویش: لـە لای ئێمـە لـە شـام کۆمـەڵێك موسڵمان هەن ئەیانـەوێت ئـیش بـۆ ئیـسلام بخـــەن وە ســـەری بخـــەن، وە خۆیـــان پەروەردە دەکەنو جیلی تازەیش لەسـەری پەروەردە دەکەن بەڵام بـە تـەواوی هەسـت دەکەین کە ئەوانەی لە ناویاندا ڕێنمونیکارن پێویـستیان بـە دیراسـە کردنێکـی بـەربڵاو هەیە دەربارەی ئیسلام لەسـەر ئـەو ڕێبـازە ڕاسـتو دروسـتەی کـە ئاماژەمـان پـێ داو پێشتر باسمان کرد.

هــەر بۆیــە دەبیــنین زۆرێــك لــە گــەنجی موســڵمانی تــازە پێگەیــشتوو بانگێــشتی یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی لەشـەوی جومعـەدا کۆ ببنەوەو ئەو شەوە زیندوو بکەنـەوە، وە ئـەو بانگهێـشتە بـۆ عیبـادەتو گوێڕایـەڵی خـوای گەورەیـە وە ئـەم کـارە کـارێکی زۆر جوانــە بــەڵام لەبــەر ئــەوەی توێژینــەوەو خوێندنەوەیان نیە بۆ سـوننەتو هـەوڵیان نـــەداوە شـــارەزا بـــن تێیـــدا وە ئـــەو نەوەیەشـــیان بـــەدی نـــەکرد هـــەتا پـــەروەردەیان بکـــات لەســـەری هـــەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە دەکەونە پێچەوانە کردنی سوننەت، کە مەبەستمان ئاماژەدانـە بــەو فەرموودەیــەی پێغەمبــەر ﷺ کــە دەفەرمێت:

(لا تختصوا ليلة الجمعة بقيام من بين الليـــالي، ولا تختصوا يوم الجمعة بـصيام مـــن بـــين الأيام)[١٠].

واتە: شەوی جومعە تایبەت مەکەن بە شـەو نوێـــژەوە لـــە نـــاو شـــەوەکانی تـــردا، وە ڕۆژەکەیـشی تایبـەت مەکـەن بـە ڕۆژوگـرتن تێیدا لەناو ڕۆژەکانی تردا٠

(١٠) (مسلم: ١١٤٤)٠

کەواتە ئەی چۆن شەوی زیندوو بکەینەوە لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ قەدەغەمان دەکاتو نەهی لێ دەکات؟

وەڵام: لەبەر ئەوەی ئێمە شارەزایمان نییە. بەڵام ئەوەی کە پێویستە ئەوەیە کە ڕێنمایی کردن لە لایەن کەسانی شارەزاو ئەهلی عیلمەوە بێت بەوەی کە ئەو شەوە دروست نییە زیندوو کردنەوەی لەبەر ووتەی پێغەمبەر ﷺ کە پێشتر باسمان کرد، وە هەندێکی تر دەبینی لەو گەنجە باشانە گوێ گرتن لە مۆسیقاو گۆرانیو ئالەتی ژەنینی مۆسیقا بە حەڵاڵ دەزانن، لەبەر ئەوەی گوێیان لە ئێسگەکانە کە پڕیەتی لە مۆسیقاو گۆرانی وە هیچ ڕێنمایەکی گشتیو ئاراستە کردنێك نییە بۆ ئەم نەوە موسڵمانە تازەیە کە (پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە ئالەتەکانی ژەنینو وریامان دەکاتەوە وە لە گوێ گرتن لێی وە هەڕەشە دەکات لەوانەی شەو بەڕێ دەکەن لەسەر کاری پڕو پوچو گوێ گرتن لە ژەنینی مۆسیقا بەوەی کە خوای گەورە شێوەو ڕوخسایان بگۆڕێت بۆ بەرازو مەیمون)[11].

ئەم جیلە تازەیە پەروەردە نەکراوە لەسەر زانینی ئەوەی کە دروستەو ئەوەیش کە دروست نییە، وە لەبەر ئەوەی ئەم جیلە چەندەها ووتەو بۆچوون دەبیستێ دەربارەی ئەو بابەتە بۆ نمونە دەبینێ کە ئیبن حەزمی پێشەوا نامیلکەیەکی هەیە لەسەر حەڵاڵ کردنی گۆرانیو مۆسیقا.

وە زۆر بە خێرایش ئەو نامیلکەیە چاپ دەکرێتو بڵاویش دەکرێتەوە لە نێوان خەڵکیدا کە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ هەواو ئارەزووی ئەو خەڵکە.

وە لەوانەشە هەندێك لەوانەی کە ڕابەری خەڵك دەکەنو هەندێ لەوانەی کە بانگەشەی چاك سازی دەکەن بڵێن: مادام ئەم پیاوە بەڕێزە پێشەوایەو ئەم جۆرە بۆچونەی هەیە کەواتە پێویستە شوێنی بکەوین یان چاولێکەری بکەین لەوەی کە گوێ لە مۆسیقا بگرین بە جۆرێك کە گۆرانیو مۆسیقا بووە بە پەتایەکی گشتیو بەربڵاو، ئەی کەواتە سوننەت لە کوێیە لەم

---

(١١) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٩١).

كاتەدا؟ سوننەت ئێستا لەبیر چۆتەوەو لەبیر کراوە. ئەی باشە کە پێغەمبەرﷺ چارەسەری بۆ لابردنی ئەو زەلیلیو نارەحەتیەی کە باڵی کێشاوە بە سەرماندا لەوەدا داناوە کە بگەڕێینەوە بۆ لای دین پێویست نیە لەسەرمان تێگەیشتنمان بۆ دین لە ڕێی ئەهلی عیلمەوە بێت بە تێگەیشتنێکی ڕاستو تەواو کەشیاو بێت لەگەڵ قورئانو سوننەت، وە هەستین بە پەروەردە کردنی ئەم لاوە چاکو باشانە لەسەری وە هەر ئەوەیش تاکە ڕێگەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەی کە موسڵمانان پێوەی دەناڵێنن، لە ڕاستیدا قسەیەك زۆر جوانە بە لامەوە(هەر وەکو بڵێی پوختەی ئەو قسانەیە کە من کردمو ڕوونم کردەوە پێشتر) کە ئەویش قسەی کەسێکی چاکسازی ئەم سەردەمەی ئێستایە وە بە بۆچوونی من دەڵێی سروشێکە لە ئاسمانەوە(وحي من السماء) دەڵێ: (دەوڵەتی ئیسلامی لەناو دڵتاندا دروست بکەن خوایش لەسەر زەویدا بۆتان دروست دەکات).

کەواتە پێویستە خۆمان چاك بکەین لەسەر بنچینەی ئیسلامو ئاینەکەمان وە ئەمەش هەروەکو باسمان کرد بە نەزانین نابێت بەڵکو بە زانیاری دەبێت هەتاوەکو ئەو کاتەی کە دەوڵەتی ئیسلام دروست دەبێت لەسەر ئەم زەوی یەی ئێمەدا.

لە کۆتاییدا: ئامۆژگاریم بۆ هەموو کەسێ کە دەتوانێ بەشداریمان بکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کارە گرنگە هەستێت بە هاوکاری کردن لە نێوان خۆیو ئەوانەی کە شارەزاییو تایبەت مەندیان هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ئیسلامە کە لە قورئانو سوننەتدا هاتووە وە پەروەردە کردنی ئەو جیلە لەسەری وە ئەمەش بیر خستنەوەیە وە بیرخستنەوەیش سود بەخشە بۆ بڕواداران.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته
وصلى الله وسلم على نبينا محمد
وعلى آله وصحبه أجمعين

**سایتی بەهەشت**
**www.ba8.org**

# شوێن کەوتنی سوننەت و
# وازهێنان لە لاسایی کردنەوەی بێ بەڵگە:

وەرگێڕانی: م: عبدالغفور عبدالله

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده

به داخەوە یەکێك لەو گرفت و کێشانەی کە توشی کۆمەڵگای ئیسلامی هاتووە بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەیە کە خەڵکانێکی زۆر کوێرانەو بێ هیچ بیر کردنەوەو بەڵگەیەك شوێن ڕاو بۆچوون و ووتەی هەندێ لە زانایان و پێشەوایانی ئەم ئوممەتە دەکەون، وە گومانیشی تێدا نییە کە هیچ زاناو پێشەوایەك پارێزراو نییە لە تاوان و کەوتنە ناو هەڵەوە، جگە لە پێغەمبەر ﷺ کە پارێزراوو (مەعصوم)ە بە بێ هیچ گومان و دوو دڵییەك، بۆیە هەموو زانایەك ئەو ووتانەی کە پێکاویەتی وەردەگیرێت و ئەوانەشی کە نەی پێکاوەو لەگەڵ سوننەت نایاتەوە وەرناگیرێت، وە لەهەمان کاتدا ئەو زانایە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە بابەتێکدا نەی پێکاوە بەلام پاداشتێکی هەر بۆ دەنوسرێت لەسەر ئەوەی کە ماندوو بووەو ئیجتهادی کردووە.

وە پێشەوای فەرمودەناس شێخ (محمد ناصرالدين الألباني) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبە نایاب و پڕ سوودەکەیدا (صفة الصلاة النبي ﷺ) ناونیشانێکی سەربەخۆی هێناوە بە ناوی: (أقوال الأئمة في اتباع السنة وترك أقوالهم المخالفة لها)

واتە: (ووتەی پێشەوایان لە شوێن کەوتنی سوننەت و وازهێنان لەو ووتانەی ئەوان کە پێچەوانەی سوننەتن)، کە تێیدا ووتەی پێشەوایانی هەر چوار مەزهەبە بڵاوەکانی هێناوە کە ئەوانیش (پێشەوا ئەبو حەنیفەو پێشەوا مالك و پێشەوا شافعی و پێشەوا أحمدی کوڕی حەنبەل)ن (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت). کە ووتەی هەموانیان ئاماژە بەوە دەدەن کە واز لە هەموو قسەو فەتوایەکی ئەوان بهێنرێت کە ئەگەر هاتوو پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بوو، یان فەتوایەکیان دابێت بەلام فەتواکەیان هەڵە بوو وە نەیان

پێکــابوو، وە بــێ گومــان هــەموو زانــاو موفتییـەکی ڕاسـتەقینە هـەمان ڕاو بۆچـوونی ئـەوانی هەیـە دەربـارەی ئـەو ڕاو بۆچـون و فەتوایانەی کە هەیانە.

بۆیە منیش بـە پێویستم زانـی کـە ئـەو بابەتە وەك خـۆی بخەمـە ڕوو تـا زیـاتر بۆمـان ڕوون بێتــەوەو تــێ بگــەین کــە هــەر فــەتواو وتەیەك پێچەوانەی قورئـان و سـوننەت بـوو، وە هـیچ بەڵگەیەکیـشی لەسـەر نـەبوو؛ ئـەوە دەبێـت وازی لــێ بهێـنین و شــوێن بەڵگــەی قورئـان و فـەرمودە بکـەوین، جـا ئـەو فـەتواو وتەیـە هـی هـەر زانایـەك بێـت لـە زانایـانی ئوممەتی ئیسلامی، چونکە وازهێنان لە وتەی ئـەوان و شـوێن کـەوتنی قورئـان و سـوننەت، جێ بەجێ کردنی وتـەو فەرمانـەکانی ئەوانـە، وەك دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە بە پشتیوانی خوای گەورە.

## ١- **پێشەوا** (**ئەبو حەنیفە**) (ڕەحمـەتی خوای لێ بێت):

یەکەمیان پێشەوا ئەبو حەنیفە (نعمـانی کـوڕی ثـابـت)ە (ڕەحمــەتی خــوای لــێ بێــت)، کــە هـاوەڵان و قوتابیـەکانی وتـەو دەسـتەواژەی زۆرو جـۆراو جۆریـان لـێ گێڕاوەتـەو، کــە هــەموویان یــەك شــت دەگەیــەنن و یــەك مەبەستیان هەیە، ئەویش: واجبی و پێویستی دەست گـرتن بـە فـەرموودەو وازهێنـان و دوور کەوتنەوە لـە لاسـایی کردنـەوەی ڕاو بۆچـونی پێشەوایان کە پێچەوانەی سوننەتە، لەوانەش:

أ- دەفەرموێت:

(**إذا صح الحديث فهو مذهبي**)[1].

واتە: (ئەگـەر فەرمودەیـەکی صـحیح و ڕاسـت هەبوو ئەوە مەزهەبی منە).

ب- وە دەفەرموێت: (**لا يحـل لأحـد أن يأخـذ بقولنـا مـالم يعلـم مـن أيـن أخـذناه**)[2]. واتـە: (دروست نییە بۆ هیچ کەسێك کە وتـەی ئێمـە وەربگرێـت، مـادام نـەزانێت ئێمـە لـە کوێمـان وەرگرتووە).

وە لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێت: (**حرام على من لم يعرف دليلي أن يفتى بكلامي**) واتە: (حەرامە لەسەر هەر کەسێك کە نـەزانێت بەڵگـەم چیەو فەتوا بدات بە وتەکەی من).

وە لە ڕیوایەتێکی تردا ئەمەشـی زیـادە: (**فإننـا بشر، نقول القول اليوم ونرجع عنه غداً**).

(١) ابن عابدين في (الحاشية) (١ /٦٣)، وفي رسالته (رسم المفتي) (٤/١ من مجموع رسائل ابن عابـدين)، والـشيخ (صالح الفلاني) في (إيقاظ الهمم) (ص ٦٢) وغيرهم.

(٢) ابن عبدالبر في (الإنتقاء في فضائل الأئمة الفقهاء) (ص ١٤٥)، وابن القيم في (إعلام الموقعين) (٣٠٩/٢)، وابــن عابدين في (حاشيته) على (البحر الرائــق) (٢٩٣/٢) وفي (رسم المفتي) (ص ٢٩ و٣٢ )......... .

واتە: (ئێمە مرۆڤین، ئەمڕۆ قسەیەك دەكەین و بەیانی لێی پەشیمان دەبینەوە).

وە لە یەكێكی تردا دەڵێت: (ويحك يا يعقوب! (هو أبو يوسف) لا تكتب كل ما تسمع مني، فإني قد أرى الرأي اليوم وأتركه غداً، وأرى الرأي غداً وأتركه بعد غد ).

واتە: (ئەی یەعقوب (واتە: ئەبو یوسف) هەموو شتێك مەنوسە كە لە منی دەبیستی، چونكە لەوانەیە من ئەمڕۆ ووتەیەك بە باش بزانم و بەیانی وازی لێ بهێنم، وە بەیانیش ووتەیەك بە باش بزانم دوو بەیانی وازی لێ بهێنم).

ت- (إذا قلتُ قولاً يخالف كتاب الله تعالى و خبر الرسول ﷺ، فاتركوا قولي)[٣]،

واتە: (ئەگەر قسەیەكم كرد پێچەوانەی كتابەكەی خوای پەروەردگارو فەرمودەكانی پێغەمبەر ﷺ بوو، ئەوا واز لە ووتەكەی من بهێنن).

٢- **پێشەوا ( مالك )** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

وە هەروەها پێشەوا مالیكی كوڕی ئەنەس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت:

أ- (إنما أنا بشر أخطئ وأصيب، فانظروا في رأيي، فكل ما وافق الكتاب والسنة فخذوه، وكل مالم يوافق الكتاب والسنة فاتركوه)[٤].

واتە: (بەڕاستی منیش مرۆڤم و هەڵەش دەكەم و دەشپێكم، وە بڕواننە ووتەو ڕاكانم، هەرچیەكی كۆك و هاودەنگ بوو لەگەڵ قورئان و سوننەت ئەوا وەری بگرن، وە هەرچیەكیشی كۆك و هاودەنگ نەبوو لەگەڵ قورئان و سوننەت ئەوا وازی لێ بهێنن).

ب- (ليس أحد بعد النبي ﷺ إلاّ يؤخذ من قوله و يترك، إلاّ النبيَّ ﷺ)[٥].

واتە: (هیچ كەسێك نییە لە دوای پێغەمبەر ﷺ ئەوا ئیلا (بە دڵنیاییەوە) ووتەو قسەكانی وەردەگیرێت و وازیشیان لێ دەهێنرێت، تەنها ووتەو فەرمودەكانی پێغەمبەر ﷺ نەبێت).

ت- (قال ابن وهب: سمعت مالكاً سئل عن تخليل أصابع الرجلين في الوضوء؟ فقال: ليس ذلك على الناس. قال: فتركته حتى خفَّ

---

(٣) الفلاني في ( الإيقاظ ) ( ص ٥٠ ).

(٤) ابن عبدالبر في ( الجامع ) (٢/٣٢)، وعنه ابن حزم في (اصول الأحكام) (٦/١٤٩)، وكذا الفلاني (ص ٧٢).

(٥) نسبة هذا الى مالك هو المشهور عند المتأخرين، و صححه عنه ابن عبدالهادي في (إرشاد السالك) (١/٢٢٧)، وقد رواه ابن عبدالبر في (الجامع) (٢/٩١)، وابن الحزم في (أصول الأحكام) (٦/١٤٥و١٧٩)، من قول الحكم بن عتيبة ومجاهد.....

الناس، فقلت له: عندنا في ذلك سنة، فقال: وما هي؟ قلت: حدثنا الليث بن سعد وابن لهيعة و عمرو بن الحارث عن يزيد بن عمرو المعافري عن أبي عبدالرحمن الحبلي عن المستورد بن شداد القرشي قال: (رأيت رسول الله ﷺ يدلُك بخنصره ما بين أصابع رجليه). فقال: إن هذا الحديث حسن، وما سمعت به قط إلا الساعة. ثم سمعته بعد ذلك يُسأل، فيأمر بتخليل الأصابع)[٦].

واته: (ابن وهب) بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: گوێم لە ئیمامی مالیك بوو كە پرسیاری لێ كرا دەربارەی پەنجە خستنە ناو پەنجەی هەردوو پێیەكان لە كاتی دەست نوێژدا؟ ئەویش ووتی: ئەوە پێویست نییە لەسەر خەڵك، وە دەڵێت: منیش وازم لێ هێنا هەتا خەڵكەكە كەم بوونەوە، ئینجا ووتم: دەربارەی ئەمە فەرمودەمان هەیەو سوننەتە، ئەویش ووتی: فەرمودەكە كامەیە؟ ووتم: لەیثی كوڕی سەعدو ابن لهیعەو عەمری كوڕی حارث لە یەزیدی كوڕی عەمری المعافری لە ئەبو عبدالرحمن الحبلی لە المستورد كوڕی شداد ووتی: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی پەنجەی بچوكی دەخستە نێوان پەنجەی پێیەكانی). ئەویش ووتی: ئەمە فەرمودەیەكی چاك و حەسەنە، وە ئێستا نەبێت ئەم فەرمودەیەم نەبیستووە. لە دوای ئەمە گوێم لێ دەبوو كە پرسیاری لێ دەكرا، فەرمانی دەكرد بە پەنجە خستنە نێوان پەنجەی پێیەكانەوە).

**٣- پێشەوا (شافعی)** (ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

وە پێشەوا شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)؛ قسەی زۆرترو جوانتری لێ دەگێڕنەوە، وە شوێن كەوتوانیشی زۆرتر كردەوە بە ووتەكانی دەكەن و بەختەوەرترن، لەوانەش:

أ- (ما من أحد إلا وتذهب عليه سنة لرسول الله ﷺ وتعزُب عنه، فمهما قلت من قول، أو أصّلت من أصل فيه عن رسول الله ﷺ خلاف ما قلت؛ فالقول ما قال رسول الله ﷺ، وهو قولي)[٧].

واته: (هیچ كەسێك نییە ئیلا هەندێ لە فەرمودەكانی پێغەمبەری ﷺ بەسەردا دەڕوات و لێیان بێ ئاگا دەبێت، جا من هەر ووتەو قسەیەكم كردبێت، یان بنچینەیەكم

(٦) مقدمة (الجرح والتعديل) لابن أبي حاتم (ص٣١-٣٢)، ورواها تامة البيهقي في (السنن) (١/ ٨١ ).

(٧) رواه الحاكم بسنده المتصل إلى الشافعي رحمه الله؛ كما في (تاريخ دمشق) (لابن عساكر) (٣/١/١٥)، و(إعلام الموقعين) (٢/٣٦٣و٣٦٤)، و(الإيقاظ) ( ص١٠٠).

لەسەر دارشتبێت، وە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێچەوانەی ووتەکەی من هەبوو، ئەوە قسەو ووتە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی، وە هەر ئەویش ووتەی منە).

ب- (أجمع المسلمون على أن من استبان له سنة عن رسول الله ﷺ؛ لم يحل له أن يدعها لقول أحد)[٨].

واتە: (موسڵمانان کۆڕان لەسەر ئەوەی کە هەر موسڵمانێك سوننەتێك لە سوننەتەکانی پێغەمبەری خوای ﷺ بۆ ڕوون بۆوەو ئاشکرا بوو، ئەوا بۆی حەڵاڵ و دروست نییە کە وازی لێ بهێنێت بۆ قسەی هیچ کەسێك).

ت- (إذا وجدتم في كتابي خلاف سنة رسول الله ﷺ؛ فقولوا بسنة رسول الله ﷺ، ودعوا ماقلت)، وفي رواية: (فاتبعوها، ولا تلتفتوا إلى قول أحد)[٩].

واتە: (ئەگەر لە کتێبی مندا شتێکتان بینی پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو؛ ئەوا بە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ قسە بکەن، وە واز لە ووتەی من بهێنن)، وە لە ڕیوایەتێکی تردا: (شوێنی بکەون، وە لێی لامەدەن بۆ ووتەی هیچ کەسێك).

ث- (إذا صح الحديث فهو مذهبي)[١٠].

واتە: (ئەگەر فەرمودەیەکی صەحیح و ڕاست هەبوو، ئەوە مەزهەبی منە).

ج- (أنتم[١١] أعلم بالحديث والرجال مني، فإذا كان الحديث الصحيح؛ فأعلموني به أي شيء يكون: كوفياً أو بصرياً أو شامياً؛ حتى أذهب إليه إذا كان صحيحاً ).

واتە: (ئێوە -مەبەستی پێشەوا (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)- شارەزاترن لە من بە زانستی فەرمودەو پیاوان، جا ئەگەر فەرموودەیەکی صەحیح و ڕاست هەبوو؛ ئەوا ئاگادارم بکەنەوە لێی جا

(٨) ابن القيم (٢/٣٦١)، والفلاني (٦٨).

(٩) الهروي في (ذم الكلام) (٣/٤٧/١)، والخطيب في (الإحتجاج بالشافعي) (٨/٢)، وابن عساكر (١٥/٩/١)، والنووي في (المجموع) (١/٦٣)، وابن القيم (٢/٣٦١)، والفلاني (ص١٠٠)، والرواية الأخرى لأبي نعيم في (الحلية) (٩/١٠٧)، وابن حبان في (صحيحه)( ٣/٢٨٤ الإحسان) بسنده الصحيح عنه نحوه).

(١٠) النووي في المصدر السابق، والشعراني (١/١٠٧)، وعزاه للحاكم والبيهقي، والفلاني (ص١٠٧)، وقال الشعراني : (قال ابن حزم: أي : صح عنده او عند غيره من الأئمة).

(١١) الخطاب للإمام أحمد بن حنبل رحمه الله، رواه ابن أبي حاتم في (آداب الشافعي) (ص٩٤- ٩٥)، وأبو نعيم في (الحلية) (٩/١٠٦)، والخطيب في (الإحتجاج بالشافعي) (١/٨)، وعنه ابن عساكر (١٥/٩ /١)، و ابن عبدالبر في (الإنتقاء) (ص ٧٥)، و ابن الجوزي في (مناقب الإمام أحمد) (ص ٤٩٩)............الخ .

له كوفه بێت یان له بەصره یان لـه شام؛ تـا بـچم بـۆ لای و لێـی وەربگـرم ئەگـەر هـاتوو صەحیح بوو).

ح- (كل مسألة صح فيها الخبر عن رسول الله ﷺ عند أهل النقل بخلاف ما قلت، فأنا راجع عنها في حياتي وبعد موتي)(١٢).

واته: (هەر مەسەلەو بابـەتێك كـه فـەرموودەی ڕاست و صەحیحی پێغەمبەری ﷺ لەسەر بوو لای ئـەهلی حـەدیـث و فەرموودەناسـانەوەو پێچەوانه بوو لەگـەڵ ئـەوەی کـه مـن ووتومـە، ئەوا من دەگەڕێمەوەو پەشیمانم لێـی لـه ژیـانم و دوای مردنیشم).

خ- (إذا رأيتموني أقول قولاً، وقد صح عن النبي ﷺ خلافه، فاعلموا أن عقلي قد ذهب)(١٣).

واته: (ئەگەر منتان بینـی قـسەیەکم کـرد، وه له پێغەمبەری خـواوه ﷺ فـەرموودەی ڕاسـت و صەحیح هەبوو به پێچەوانەی ووتەکەی مـن، ئـەوا بـزانن کـه ئـەو کاتـه عـەقل و هۆشـم لا نەماوەو ڕۆیشتووه).

د- (كل ما قلت؛ فكان عن النبي ﷺ خلاف قولي مما يصح؛ فحديث النبي أولى، فلا تقلدني)(١٤).

واتـه: (هەرچـیەکم ووتبێـت؛ وه لـه پێغەمبـەرەوه ﷺ فـەرموودەی صـەحیح و ڕاست هەبوو وه پێچەوانەی ووتەکەی من بـوو، ئەوا فـەرموودەی پێغەمبـەر ﷺ لـه پێشترە، وه لاسای من مەکەنەوه).

ذ- (كل حديث عن النبي ﷺ فهو قولي، وإن لم تسمعوه مني)(١٥).

واته: (هەموو فەرمودەیەك که له پێغەمبەرەوه ﷺ هاتبێت ئـەوه ووتـەی منـه، وه ئەگـەر لـه منیشتان نەبیستبێت)(١٦).

## ٤- پێشەوا (أحمدی کوڕی حەنبەل)

(ڕەحمەتی خوای لیّ بێت):

(١٢) أبونعيم في (الحلية ٩/١٠٧)، والهروي (١/٤٧)، وابن القيم في (إعلام الموقعين) (٢/٣٦٣)، والفلاني (ص١٠٤).

(١٣) رواه ابن أبي حاتم في (آداب الشافعي)( ص٩٣)، وأبو القاسم السمرقندي في (الأمالي) كما في (المنتقى) لأبي حفص المؤدب (١/٢٣٤)، وأبو نعيم في (الحلية) (٩/١٠٦)، وابن عساكر (١٥/١٠/١)بسند صحيح.

(١٤) ابن أبي حاتم ( ص ٩٣ )، وابو نعيم وابن عساكر (١٥ / ٩ / ٢ )بسند صحيح.

(١٥) ابن أبي حاتم (٩٣ – ٩٤).

(١٦) وه پێشەوا شافعی (ڕەحمەتی خوای لیّ بێت) لـه ووتەیەکی تریدا دەڵێت: (هـەر بابـەتێك کـه قـسەم تێدا کـرد بێـت و پێچەوانەی سـوننەت بێت؛ ئـەوا مـن لێـی پەشیمانم له ژیانم و له دوای مردنم).

وە بەڵام پێشەوا أحمد (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)؛ لە هەموو پێشەواکانی تر زیاتر سوننەتی کۆکردۆتەوەو دەستی پێوە گرتووە، وە وتویەتی:

أ- (لا تقلدني، ولا تقلد مالكاً ولا الشافعي ولا الأوزاعي ولا الثوري، وخذ من حيث أخذوا)[17].

واتە: (لاسای مـن مەکەنـەوە، وە لاسای هیچ کام لە مالك و شافعی و ئەوزاعی و ثوری مەکەنەوە، وە لەو شوێنانەوە وەربگرن کە ئەوان لێیانەوە وەرگرتووە).

وفي رواية: (لا تقلد دينك أحداً من هؤلاء، ما جاء عن النبي ﷺ وأصحابه فخذ به، ثم التابعين بعدُ الرجل فيه مخير)، وە لە ڕیوایەتێکی تردا: (لە دینەکەتدا لاسایی هیچ یەکێك لەمانە مەکەوە، هەر شتێك لە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی ﷺ هاتبوو، ئەوا وەری بگرە، پاشان لە تابعیەکان، دوای ئەوە پیاو ئازادە لە وەرگرتن و وەر نەگرتنی ووتەی کەسانی تر).

وقال مرة: (الإتباع أن يتبع الرجل ما جاء عن النبى ﷺ وعن أصحابه، ثم هو من بعد التابعين مخير)[18].

وە جارێکیان ووتی: (شوێن کەوتن ئەوەیە کە پیاو شوێن ئەوە بکەوێت کە لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیەوە ﷺ هاتووە، پاشان لە دوای شوێن کەوتوان مرۆڤ ئازادە لە وەرگرتن یان وەرنەگرتن لە کەسانی تر).

ب- (رأي الأوزاعي، ورأي مالك، ورأي أبي حنيفة كله رأي، وهو عندي سواء، وإنما الحجة في الآثار)[19].

واتە: (ڕای ئەوزاعی و ڕای مالك و ڕای ئەبو حەنیفە هەموویان ڕاو بۆچونن، وە هەموویان لای من وەك یەکن و یەکسانن، وە بە ڕاستی ئەوەی بکرێت بە بەڵگە تەنها فەرموودەیە).

ت- (من ردَّ حديث رسول الله ﷺ؛ فهو على شفا هلكة)[20].

واتە: (هەر کەسێك فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەت بکاتەوە؛ ئەوە بە ڕاستی لەناوچونی زۆر نزیکە).

ئەوەیە ووتەی پێشەوایان ﷺ لە فەرمان کردنیان بە دەست گرتن بە فەرمودەوە، وە نەهی کردنیان لە لاسایی کردنەوەیان بەبێ چاو ڕۆشنی و سەیر

(١٧) الفلاني (١١٣)، وابن القيم في (الإعلام) (٢/٣٠٢).

(١٨) أبو داود في ( مسائل الإمام أحمد ) ( ص ٢٧٦ و ٢٧٧ ).

(١٩) ابن عبدالبر في ( الجامع ) ( ٢ / ١٤٩ ).

(٢٠) ابن الجوزي ( ص ١٨٢ ).

نەكردنی بەڵگەكانیان، وە ئەوە لە كاتێكدا كە ئـــەم ووتانـــە ئەوەنـــدە ڕوون وئاشـــكران بەشێوەیەك كە هیچ مشت و مڕو دەمە تـەقێ و لێكدانەوەیەكی پوچەڵ و نادروست هـەڵناگرن، وە بە پێی ئەم ووتانەش؛ ئەگـەر هـەر كەسێك دەست بگرێت بە هەموو ئەو فـەرموودە ڕاست و دروســتانەی كــە لــە ســوننەتدا جــێگیرو سـەلمێنراون، ئەگـەر پێـچەوانەش بـن لەگـەڵ هەندێ لە ووتەكانی ئـەم پێشەوا بـەڕێزو پایە بەرزانـــە، ئـــەوە پێـــچەوانەی ڕاو بۆچـــونی مەزهەبی ئەوان نابێت، وە دەرچونیش نییە لـە ڕێگەو ڕێبازی ئەوان، بەڵكو ئـەو كەسـە شـوێن هـەموویان كـەوتووە، وە دەسـتی گرتـووە بـە پەتی بـەهێزو پتـەوی ئیسلامەتیەوە كـە هـیچ كات پـچڕانی بـۆ نییـە، بـەڵام ئـەو كەسـە بـەو شێوەیە نییە كـە واز لـە سوننەتێكی جێگیرو سـەلمێنراو دەهێنێـت تـەنها لەبـەر ئـەوەی پێچەوانەی ووتـەی ئەوانـە، بـەڵكو ئـەو كەسـە بەهۆی ئەوەوە سەرپێچی ئەوانی كـردووە، وە پێچەوانەی ووتە بە نرخەكانی ئـەوانی كـردووە كە پێـشتر هێنرانـەوەو بـاس كـران، وە خـوای گەورەش دەفەرموێت:

﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا﴾ [النساء: ٦٥].

واتـــە: ســـوێند بەپـــەروەردگاری تـــۆ ئـــەی محمدﷺ كەسیان باوەڕیان تەواو نییـە تـا تـۆ نەكەن بـەدادوەر لـەو كێشانەی كـە ڕوودەدات لــە نێوانیانــدا، پاشــانیش هەســت بــە هــیچ ناخۆشیەك نەكەن لـە نەفسیاندا لـەو بڕیـارەی كە تۆ داوتە لە نێوانیاندا، وە تەسلیم بـوونێكی تەواو تەسلیمی بن.

وە هەروەها دەفەرموێت:

﴿فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ [النور: ٦٣].

واتە: با ئەو كەسانەی كـە سەرپێچی فـەرمانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەكـەن ئاگـادار بـن، چونكە خوای گەورە لـە سزای ئـەوەدا توشـی كـوفر وشـیرك وبیدعـەو گومڕاییـان دەكاتـ، یاخود توشی سزایەكی بـە ئـێش وئازاراوییـان دەكات لە دونیادا بە كوشتن وبەند كردن.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد
وعلى آله وصحبه أجمعين

سایتی بەهەشت
www.ba8.org

# فیسق، پێناسەی، جۆرەکانی، زیانەکانی، وەئەوانەی کە فاسقن

م/ عبدالكريم محمد قادر
ئیمام وخەطیبی مزگەوتی
ئیمان لە سلێمانی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

موسڵمانانی خۆشەویست دەمانەوێت لەم بابەتەدا باسی فاسق بکەین و بزانین بەکێ دەوترێت فاسق، وەچەند جۆری هەیە سزاو حوکمی شەرعی چییە بۆ فاسقەکان لە دونیا و دواڕۆژدا، وە زیانی کەسی فاسق چییە بۆ سەر خۆی و کۆمەڵگەکەی؟

إن شاء الله بەشێوەیەکی پوخت ڕوونی دەکەینەوە.

لەڕاستی دا ئەوەی زۆر بەکاردێت بۆ پێناسەی فاسق ئەوەیە کە دەوترێت: ((فاسق بەزۆری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە گوێڕایەڵی شەرعی خوایان کردبێت إقراریان بەشەرعی خوا کردبێت پاشان بەڕەزامەندی خۆی وازبهێنی لە گوێڕایەڵی کردنی زۆرێك لەحوکمە شەرعییەکان یان لە هەندێکی، ئەوکەسە هەرچییەك بێت پیاو بێت یان ئافرەت دەسەڵاتدار بێت یان بێ دەسەڵات، دەوڵەمەند بێت یان هەژار سپی پێست بێت یان ڕەش پێست کە ئەو سیفەتانەی تێدا بوو کە نیشانەن بۆ فاسق ئەوە ئەو کەسە کەسێکی فاسقە))، هەروەها (فسق) بەو کەسەش دەوترێت کەگوناهو تاوانی گەورەو بچوك ئەنجام بدات وبەردەوام بێت لەسەری، لەڕاستی دا بە مشك دەوترێت: (فویسیقە) لەبەر ئەوەی گیاندارێکە سیفەتی پیسی و خەبیثی تێدایە هەر لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(وإن الفويسقة تضرم على الناس بيتهم أو بيوتهم)[1] .

واتە: (مشك بکوژن، چونکە سیفەتی پیسی تێدایە) کەسی فاسقیش هەر

(١) (صحيح سنن أبي داود: ٣٧٣٢).

بەهەمان شێوە زۆرێك لەتاوانەكان یان هەندێك لەتاوانە پیسەكان ئەنجام ئەدات بەئارەزووی خۆی لەبەر ئەوە پێی دەوترێت كەسێكی فاسق، چونكە هەركەسێك تاوان ئەنجام بدات و پەشیمان نەبێتەوە و بەردەوام بێت لەسەری ئەوە دەبێتە سیفەتێكی ناشیرین بۆ ئەو كەسە و بەكەسێكی سیفەت ناشیرین دەناسرێت، هەر بۆیە جێگەی خۆیەتی كە پێی بوترێت فاسق.

### فسق دەكرێت بەدوو بەشەوە:

١- فسقی گەورە: (كەخاوەنەكەی لەچوارچێوەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە)، كە هەر كەسێك ئەنجامی بدات و بەردەوام بێت لەسەری و پەشیمان نەبێتەوە و بەو حاڵەیەوە بمرێ ئەوە پاشەڕۆژێكی ترسناك چاوەڕوانیان دەكات ئەویش چوونە ناو ئاگری دۆزەخە بەهەتاهەتایی پەنا بەخوا. وەكو هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە و كوفركردن و دوو ڕوویی لەبواری بیروباوەڕدا....

٢- فسقی بچووك: ئەم جۆرە فسقە ناگاتە ئەو ڕادەیەیی كە خاوەنەكەی لە دین بەدەر بێت بەڵام موستەحەقی چوونە دۆزەخ دەبێت بەئەندازەی ئەو تاوان و خراپەكاریانەی كە هەیەتی دوای ئەوە بەهۆی ئیمانەكەیەوە یان بەگوێرەی ئیمانەكەی لە دۆزەخ ڕزگاری دەبێت، ئەم جۆرە فسقەش بوونی زۆرە لەنێو كۆمەڵگەی مسوڵمانان وەكو جنێودان بە موسڵمانان و فیتنەیی كردن و.....هتد .

### كێن ئەو كەسانەی كە فاسقن:

ئەوانەی كە فاسقن زۆرن، بەڵام لە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- إبلیس: لەعنەتی خوای لەسەر فاسقە لەبەر ئەوەی یەكەم كەس بوو كە گوێڕایەڵی خوای گەورەی نەكرد كاتێ خوای گەورە پێی فەرموو:

﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ كَانَ مِنَ الْجِنِّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِ﴾ [الكهف: ٥٠].

واتە: كاتێ ووتمان بەفریشتەكان كە سوجدەی ڕێز بۆ ئادەم ببەن هەموویان سوجدەیان بۆ برد تەنها إبلیس نەبێت كە لەكۆمەڵەی (جن)ە سوجدەی نەبرد و فاسق بوو بەرامبەر فەرمانی خوای گەورە .

کەواتــە: ئەوانــەی کــە فــەرمانی خــوای گــەورە جــیٚ بــەجیٚ ناکــەن إبلــیس ئاســا فاسقن و شـوێنکەوتەی ڕێبـازو ڕێـچکەی شەیتان و إبلیسن هـەمان چارەنووسـیان هەیـە لەقیامەتـدا ئەگـەر تۆبـە نەکـەن و نەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە .

٢- کەسانی بیٚ باوەڕ فاسـقن: هـەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَلَقَدْ أَنْزَلْنَا إِلَيْكَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ وَمَا يَكْفُرُ بِهَا إِلَّا الْفَاسِقُونَ﴾ [البقرة: ٩٩].

واتە:سوێند بێت بـەخوا ئێمـە بێگومـان نیشانەو ئایەتی ڕوونمان بۆ تـۆ داگرتـوە ئـەی محمـد ﷺ کـەس بـیٚ بـاوەڕ نابێـت پێی جگە لەفاسقەکان نەبێت .

ئەوانەی دەروون نەخۆش و یاخی بوون لەفەرمانی خوا.

کەواتــــە: ئەوانــــەی کــــەباوەڕ نــــاهێنن بەقورئان و ئیـسلام و شـوێنی ناکـەون و کار بەبەرنامەو ڕێبازێکی جگە لەئیـسلام دەکەن ئەوانە بیٚ باوەڕو کافرن.

٣- ئــەهلی کتــاب لــە گــاورو جولەکــە ئەوانەی باوەڕ نـاهێنن بەپێغەمبەرایـەتی (محمد) ﷺ ئەوانە فاسقن .

هــەروەك خــوای گــەورە دەفــەرمووێت:

﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ﴾ [الحديد: ١٦].

واتــە: ئایــا کــاتی ئــەوە نــەهاتووە بــۆ ئەوانەی کەئیماندارن دڵـەکانیان خـشوعی تیا دروست بێـت بـۆ یـادی خـوا، بـۆ ئـەو حەقــەی کــە خــوای گــەورە ناردۆتیــە خــوارەوە بــۆ ســەر پێغەمبــەر ﷺ کــە بریتــیـە لــەقورئان وســوننەت، پاشــان وەکو ئەهلی کیتاب مەبن کاتیٚ ئامۆژگاری خێــر دەکــران بــەڵام وەریــان نــەگرت و ڕۆژگــــاری تەمــــەنیان درێــــژەی کێــــشا هــــەتاوەکو وای لێهــــات بەگوێڕایــــەڵی نەکردنیان بـۆ شـەرعی خـوا دڵیـان ڕەق و زۆربەیان فاسق بوون.

هەر بۆیە لەشەرعی خوادا لـە هەفتەیەکدا ڕۆژێـك دانـراوە کـە هــەینییـە بـۆ ئـەوەی ئامۆژگاری موسڵمانان بکرێت، ئەگەر بێت و موسڵمانان ئامۆژگاریـەکان وەرنـەگرن و بەگوێیان نەکەن ئەوانە تەمەنیان بـەفیڕۆ دەڕوات و دڵکانیــــــان ڕەق دەبێــــــت و

سەرەنجامیش وەك ئـەهلی كیتـاب دڵیـان ڕەش و ڕەق دەبێــت و یــاخی دەبــن و فاسق دەبن پەنا بەخوا.

٤- ئەوانــەی دووڕوون فاســقن: هــەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ [التوبة: ٦٧].

واتە: ئەوانەی كەدووڕوون بێگومان ئەوانە فاسقن و یاخی بوون .

مونافیق ئەوانەی بەڕواڵەت موسڵمان و بـە دڵ كافرو بێ باوەڕن ئا ئەوانە فاسقن.

٥- ئەوانەی شوێن هەواو ئـارەزوو بكـەون و حـوكم بكـەن بـە جگـە لەشـەرعی خـوا، هــەروەك خــوای گــەورە دەفــەرمووێت:

﴿وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ﴾ [المائدة: ٤٧].

واتە: ئەوانەی حوكم بەشەرعی خوا ناكەن و شوێنی هەواو ئارەزووی خۆیان كـەوتون ئەوانە فاسـق و یـاخی بـوون لـە فـەرمانی خوا.

كەواتــە: ئەوانــەی كــەحوكم ناكــەن بــەو شەرعەی كـەخوای گـەورە وەكـو بەرنامـە بـۆ ژیـانی مرۆڤـەكانی دانـاوە وەشـوێنی هەواو ئارەزووی خۆی كەوت لەوەی شوێن بەرنامەو ڕێبازێكی جگـە لـە شـەرعی خـوا بكەوێت ئەوانە فاسقن.

٦- هــەر پیاوێــك بوختــان بكــات بــۆ ئافرەتێكی ئیمانداری داوێن پـاك وتۆمـەت باری بكات بەزینا وەچوار شاهیدی نەبێت بۆ ئەو تۆمەتە ئـەوا ئـەو پیـاوە كەسـێكی فاســـقە، هـــــەروەك خـــــوای گـــــەورە دەفەرمووێت:

﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَـأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَـا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَـدًا وَأُولَئِـكَ هُـمُ الْفَاسِقُونَ﴾ [النور: ٤].

واتە: ئەوانەی بوهتان بـۆ ئـافرەتی داوێـن پاك دەكەن و چوار شـاهیدیان نـەهێناوە بـۆ ڕاسـتی قـسەكەیان ئـەوە هەشـتا جەڵــدەیان لێ بــدەن، وە بەهەمیــشەیی شاهیدیان لێ وەرناگیرێ ئائەوانە كەسێكی فاسقن.

تۆمەت باركردنی ئافرەتـانی داوێـن پـاك و پیاوانی داوێن پاوێن لەناو كۆمەڵگـەدا زۆر دەبینرێـت بـەبێ ئـەوەی چـوار شـاهید هەبێت بۆ ئەو تۆمەتە، كەسانی موجریم و فاسـق شـەهادەیان لـەلای خـوای گـەورە قــەبوڵ نییــە، ئــیلا مەگــەر تۆبەیــەكی

ڕاستەقینە بکەن و جارێکی تر نەگەڕێنەوە سەر ئەوکارەیان .

٧- النمام ((ئەوانەی قسە دەهێنن و قسە دەبەن و نێوانی خەڵکی تێك دەدەن)) فیتنەگێڕ: هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ [الحجرات: ٦ ].

واتە: ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی فاسق هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان ئەوە یەکسەر بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو سەرەنج بدەن و لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە ڕاستە یان درۆیە، نەوەك بەهۆی هەواڵی ئەم فاسقەوە ئازارو ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بەنەزانی، جا دوای ئەوە پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کە پێی هەستاون.

بەڕاستی زۆر خەڵك کوژرا بەهۆی قسەهێنان و قسەبردنەوە، زۆرکەسی بێ تاوان زۆر ئافرەتی داوێن پاك تەڵاق درا، زۆر باوك ئازار درا لەلایەن منداڵەکانییەوە، زۆر پیاو پشتی لەدایك و باوکی خۆی هەڵکرد بەهۆی فیتنەی خێزانەکەیەوە، هەر بۆیە خوای گەورە ئەو کەسانەی ئەوە ئیشیانە بەفاسق ناو دەبات، چونکە هەر فاسقە ئیشی پیس و کارو گوفتاری نەشیاوی لێ دەوەشێتەوە.

٨- ئەوانەی جنێو ئەدەن بە موسڵمانان بەهۆی ئەو جنێو دانەیانەوە موسڵمانان ئازار ئەدەن وخێزانی خۆیان ئازار ئەدەن منداڵەکانیان ئازار ئەدەن و دۆست و هاوڕێکانیان ئازار دەدەن و هاوسێکانیان ئازار دەدەن، هەر بۆیە پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت:

(سباب المسلم فسوق، وقتاله كفر)[٢] .

واتە: جنێودان بەموسڵمانان فسقەو کوشتنی کوفرە.

ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگای موسڵماناندا ئەم دیاردەیە زۆر باوە تەنانەت وای لێ هاتووە لەجیاتی سەلام کردن لەیەکتر جنێو بەیەکتری ئەدەن.

٩- ئەوانەی لەکاتی شاهێدی داندا یان لەکاتی نوسیندا کاتێ دەکرێت بەکاتب زیان دەگەیەنن بەخاوەن حەق و خیانەت

(٢) (متفق عليه، وانظر: ٣٥٩٥).

دەكـەن ئەوانـەی كەئـەوە ئـیشیان بێـت ئەوانە فاسقن پەنا بەخوا.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ وَإِنْ تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ﴾ [البقرة: ٢٨٢] .

واتـە: نابێـت زیـان بـدەن لـەخاوەن حـەق نوسـەرو شـاهید، ئەگـەر زیانیـان گەیانـد بـەخاوەن حـەق و خیانـەتیان لێ كـردن ئەوە بەڕاستی ( فسق ) یان كردوە.

١٠- هـەر كەسـێك تانـەو تەشـەر لـە موسـڵمانان بـدات بەهـەر بیانوویـەك بێـت ئەوە فسقی كردووە پەنا بەخوا.

ئەمە لـەگرنگترین جۆرەكـانی فـسق بـوون كەهەردوو جۆرەكەی لەخۆ گرتـوە گـەورە و بچوك.

### * زیانی كەسی فاسق لەسەر خۆی و كۆمەڵگە:

١- كەسی فاسق بەوكارانـەی كەئـەنجامی ئەدات زیـان بـەخۆی دەگەیـەنێت و خـۆی موستەحەقی ئاگری دۆزەخ دەكات.

٢- كەسی فاسق هەمیشە لەناو خەڵكی دا كەسێكی بێ ڕێزو بـێ شەخسیاتە و كـارو گوفتارەكـانی پـیس و نـەگریس و شەیتانییە.

٣- كەسی فاسق دەرچـووی قوتابخانـەی (إبلیس)ەو شوێن ئەو كەوتووە.

٤- كەسی فاسق هەمیـشە لـەناخی خۆیـدا كەسێكی بێزارو ماندووە بەهۆی ئەو كـارو ڕەفتـارە خراپانـەی كەبـەردەوام دووبارەیان دەكاتەوە.

٥- كەسـی فاسـق كەسـێكی یـاخی بـوو وسـەرگەردانە بـەوەی كەلـە گوێڕایـەڵ بـوونی بـۆ دینـی خـوا یـاخیـەو شـوێن كەوتەی شەیتانە.

٦- كەسـی فاسـق كەسـێكە بـۆ كۆمەڵگـە میكرۆبـە، كۆمەڵگـە تووشـی چـەندەها نەخۆشی و فەسادی دەكات.

٧- كەسـی فاسـق زیـان دەگەیـەنێت بەخـەڵكی و هـەوڵی نانـەوەی ئاشـوب و فیتنـە ئـەدات لـەنێوان تاكـەكانی نـاو كۆمەڵگا.

٨- كەسی فاسـق كەسێكی دەم پـیس و قـسە پـیس و ڕەوشـت پیـسە، دەبێتـە مایەی ناخۆشی و ئـازار بـۆ ئـەو خەڵكـەی كە ئەم فاسقەیان تێدایە.

٩- كەسـی فاسـق كۆكـەرەوەی هـەموو سیفەتێكی ناشـرینە لەوانـە(بـێ بـاوەڕی، كوفر كـردن، هاوبـەش بڕیـاردان بـۆ خـوا،

فیتنەیی، خیانەت کردن، جنێودان، شەڕ کردن، ئازاردانی چواردەور، بێ ڕەوشت........هتد).

١٠-کەسی فاسق نەخۆشی و عیلەتە بۆ خێزانی، بۆ چواردەوری، بۆ هاوسێکانی، بۆ کۆمەڵگەکەی پێویستە بنبڕ بکرێت.

**حوکمی فاسق لەشەرعی خوادا بەشێوەیەکی گشتی:**

* حوکمی فاسق لەدونیادا:

خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿مَا قَطَعْتُمْ مِنْ لِينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَاسِقِينَ﴾ [الحشر: ٥].

واتە: ئەو دارانەی کەبڕیتانەوە یان یان ئەوانەی کەوازتان لێ هێنا هەمووی بەئیزنی خوابوو بۆ ئەوەی فاسقەکانی پێ سەرشۆڕ و خەجاڵەت بن.

کەواتە: سزاو حوکمی خوا بۆ فاسقەکان لە دونیادا ئەوەیە دەبێت سەرشۆڕو خەجاڵەت بکرێن لەهەر کات وساتێکدا بێت ئیلا مەگەر تۆبە بکەن وبگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە و وازبهێنن لەو فسقانەی کە کردویانە، ئەگەر نا دەبێت سەرشۆڕییان بەچاوی خۆیان ببینن.

***حوکمی فاسق (فسقی گەورە بەتایبەتی) لەڕۆژی قیامەتدا:**

خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿وَأَمَّا الَّذِينَ فَسَقُوا فَمَأْوَاهُمُ النَّارُ كُلَّمَا أَرَادُوا أَنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا أُعِيدُوا فِيهَا وَقِيلَ لَهُمْ ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ الَّذِي كُنْتُمْ بِهِ تُكَذِّبُونَ﴾ [السجدة: ٢٠].

واتە: ئەوانەی کەفاسق بوون و فسقی گەورەیان ئەنجامداوە وەکو(کوفر کردن، هاوبەش بڕیاردان، منافق بوون لەبیروباوەڕدا) ئەوانە شوێن و مۆڵگەیان ئاگرەو تیایدا دەمێننەوە کاتێ ئاگرەکەی ناوی پەلکێشیان دەکات بەرەو لای دەرگای جەهەننەم بەئەقڵی خۆیان دەتوانن دەربچن لە دۆزەخ، بەڵام هەر کاتێ نزیکی قەراغی دۆزەخ دەبنەوە دووبارە فڕێ دەدرێنە ناوییەوەو پێیان دەوترێت بچێژن عەزاب و سزای ئاگر ئەو ئاگرەی ئێوە بەدرۆتان دەزانی کاتێ هەواڵیتان پێ درابوو.

جا لە کۆتایدا ماوەتەوە بڵێین پێویستە کەسی فاسق بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە و تۆبە بکات و خۆی توشی ئەو سزایە نەکات کە بۆی دانراوە پەنا بەخوا،

لـەخوای گـەورە دەپاڕێینـەوەو دەڵـێین:
خوایـە گیـان لێـت دەپاڕێینـەوە بـەناوە
جـوان و سـیفەتە بـەرزەکانت کـە بمـان
پــارێزی لــەئاگری دۆزەخ و لەهــەموو
سیفەتێکی فـسق گـەورە بێـت یـان بـچوك
ڕەحممـان پـێ بکـەو ڕەحـم بـەمردوومان
بکــەو خۆمــان و منــداڵ و خێزانمــان
سەلامەت بکە لەعەزابی خۆت▪ آمین

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين
وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

سایتی بەهەشت
www.ba8.org

# ترسناكی زمان لەسەر دوا ڕۆژی ئینسان

بەشی چوارەم

م: محسن محمود
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی صلاح الدین لە زەڕایەن

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

لە زنجیرەكانی پێشودا چەند تاوانێكمان باس كرد لە تاوانەكانی زمان، بەیارمەتی خوای گەورە لەم زنجیرەیەیشدا دێینە سەر باسی خراپەیەكی تر لە خراپەكانی زمان لەژێر ناونیشانی (**قسە گێڕی**):

١- قسە گێڕی بریتییە لە گواستنەوەی قسەو باسی خەڵك بەمەبەستی دروست كردنی ڕقو كینە و دووبەرەكی لە نێوانیاندا.

كەواتە كەسی قسەگێڕ سیخوڕو دەم ڕاستی شەیتانە لەسەر زەوی بۆ دروست كردنی دوژمنایەتیو نانەوەی ئاشوب لە نێوان خەڵكدا.

ئاخۆ دەبێت تاكو ئێستا چەندین خوێن ڕژا بێت، چەندین منداڵ هەتیو بووبێت، چەندین خێزان لێك تۆرا بێت، چەندین هاوڕێ دڵی لەیەك ئێشا بێت....هتد بە هۆی چەپەی قسە گێڕێكەوە، هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(شرار عباد الله من هذه الأمة المشاؤون بالنميمة المفرقون بين الأحبة الباغون للبرآء العنت)[١].

واتە: خراپترین خەڵك لە بەندەكانی خوای گەورە لەم ئوممەتەدا ئەوانەن كە سەرقاڵی هێنانو بردنی قسەو باسی

---

(١) (رواه أحمد، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٨٢٤، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٨٤٩) .

خەڵکنودەبنە هۆی لێك جیا کردنەوەی خۆشەویستەکان لەیەکتر، هەروەها ئەگەڕێن بە شوێن لەکەدار کردنی خەڵکدا.

٢-قسەگێڕی دەبێتە هۆی سزای ناو گۆڕ:

عبداللەی کوڕی عەباس رضي الله عنهما دەفەرمێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەر ﷺ ڕۆیشت بەلای دوو گۆڕدا پاشان فەرمووی:

(إنهما ليعذبان وما يعذبان في كبير، بلى إنه كبير: أما أحدهما فكان يمشي بالنميمة، وأما الآخر فكان لا يستتر من بوله)[٢].

واتە: ئەم دوو مردووە سزا دەدرێن وە لەبەر گوناهی گەورەی سزا نادرێن، واتە: بەلای خەڵکیەوە گەورە نییە بەڵام هەر وەکو لە ڕیوایەتەکەدا هاتووە پێغەمبەر ﷺ خۆی دەفەرمێت: بەڵکو ئەم دوو گوناهە گەورەن: یەکێکیان گوناهەکەی ئەوە بوو قسەگێڕی دەکرد لە نێوان خەڵکدا، وە ئەوەی تریشیان خۆی لە میز نەدەپاراست).

وەك ئاشکرایە بە پێی ئەم فەرموودەیە قسەگێڕی لە نێوان خەڵکدا هۆکارێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی سزای ناو گۆڕ بۆ کەسی قسەگێڕ.

٣- حوکمی قسە گێڕی.

قسە گێڕی حەرامە بەکۆدەنگی زانایان (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە.

وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:

﴿وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَهِينٍ هَمَّازٍ مَشَّاءٍ بِنَمِيمٍ﴾ [القلم: ١٠-١١].

واتە: بە قسەی ئەوانە مەکە کە سوكو ڕیسواو سوێند خۆرنو بەشوێن کەم و کوڕی خەڵکدا دەگەڕێنو قسەگێڕی دەکەن لە نێوانیاندا بەمەبەستی خراپەکاری.

وەهەروەها پێغەمبەر ﷺ لەبارەی قسە گێڕانەوە فەرموویەتی:

(لا يدخل الجنة نمام)[٣].

واتە: قسە گێڕان ناچنە بەهەشتەوە.

(٢) (رواه البخاري ومسلم، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ١٥٧) .

(٣) (رواه البخاري ومسلم والترمذي وأبو داود، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: ٢٨٢١، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٠٣٤)٠

پێشەوا (ئیبن حەجەر) لە لێكدانـەوە ئـەم فەرموودەیـەدا فەرموویـەتی: قـسە گێـڕان لەگـەڵ موسـڵماناندا لەسـەرەتاوە ناچـنە بەهەشـتەوە واتـە: لـەپاش سـزا دەچـنە بەهەشت.

كەواتە: قـسەگێڕی حەرامـەو بەیـەكێك لـە تاوانە گەورەكان دادەنرێت بۆیە پێویـستە لەسەرمان كە خۆمان لەم گوناهە گەورەیە بپـارێزین بەمەبەسـت بەدەسـت هێنـانی ڕەزامەندی پەروەردگارو دوركەوتنەوەمان لەو دۆزەخەی كە سوتەمەنیەكەی ئینسان و بەردە.

٤- هەڵوێستمان چۆن بێت لەگـەڵ قـسە گێڕاندا.

پێویـستە لەسـەمان بـەم شـێوەیەی لای خوارە لەگەڵ قسەگێڕاندا بجوڵێینەوە:

یەكـەم: نابێـت كـابرای قـسەگێڕ بەڕاسـت بـزانین، چـونكە فاسـقەو شـایەتی لـێ وەرناگیرێت.

دووەم: مەنعی بكەین لـەو جـۆرە كارانـەو ئامۆژگاری بكەین كە دوبارەی نەكاتەوە.

سـێیەم: پێویـستە ڕقمـان لـە كـابرای قسەگێڕ بێـت وخۆشمـان نـەوێت، چـونكە پەروەردگار خۆشی ناوێت.

چوارەم: هەروەها پێویستە گومانی خراپ بەو كەسە نەبەین كە قـسەكانی لـەبارەوە وتراوە.

پێنجەم: نابێت قـسەی كـابرا كارمـان تـێ بكاتو شوێن گێڕی ئەو موسـڵمانە بكـەین كە قسەكانی دراوەتە پاڵ.

شەشەم: وە نابێت خۆشمـان قـسە گێـڕی بكـەینو قـسەی قـسەگێڕان بگێڕینـەوە، چونكە ئەو كاتە خۆیشمان هـەمان حـوكم وەردەگرین.

٥- چ كاتێك قسە گێڕانەوە دروستە؟

قـــسە گێـــڕی دروســـتە گـــەر بـــۆ بەرژەوەندییـــەكی شـــەرعی بێـــت وەك ئـەوەی كـە ببینیـت كەسـانێكی خـراپ خەریكی داڕشتنی پیلانێكن بۆ لەناوبردنی بــێ تاوانێــك، یــان لەكــەدار كردنــی موسـڵمانێك، یـان فەوتانـدنی سـەروەتو سامانیان، ئا لەم كاتـەدا واجبـە لەسـەرت كـە كەسـی پـیلان بـۆ كێـشراو ئاگـادار بكەیتـەوە بـۆ ئـەوەی نەكەویتـە نـاو داوەكـــەوە، چـــونكە پێغەمبـــەر ﷺ فەرموویەتی:

(من حمى مؤمنا من منافق أراه قال بعث الله ملكا يحمي لحمه يوم القيامة من نار جهنم)[٤].

واته: هەر کەسێك بڕوادارێك بپارێزێت لە پیلانی دووڕوویەك خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا فریشتەیەك دەنێرێت کە لاشەی ئەو لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت.

کەواتە قسە گێڕانەوە دروستە بۆ بەرژەوەندییەکی شەرعی وەك زەیدی کوڕی ئەرقەم ﷺ دەفەرمێت: (گوێم لێ بوو لە غەزایەکدا عبداللەی کوڕی ئوبەی ئەی ووت: ماڵو سامانی خۆتان مەدەن بەوانەی کە لەدەوری پێغەمبەرن ﷺ هەتا هیچیان بەدەستەوە نامێنێتو لێی دوور دەکەونەوە، جا ئەو کاتەی کە گەڕاینەوە مەدینە خاوەن دەسەڵاتەکان زەلیلەکان دەربەدەر دەکەن.

منیش ئەم قسانەم گێڕایەوە بۆ مامەم ﷺ ئەویش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ)[٥].

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

---

(٤) (صحيح سنن أبي داود: ٤٨٨٣).

(٥) (صحيح سنن الترمذي: ٣٣١٢، ٣٣١٣).

# چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز

م/ شێرزاد عبدالقادر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

بەشێکی گرنگ لەو زانستانەی کە قورئانی پیرۆز لە خۆی گرتووە بریتییە لە چیرۆکی پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) و خواناسان، وە بێ گومان باسکردنی ئەم باسە زۆر گرنگە، ئێمەش لەم ژمارەیەدا لەسەر ئەم باسە دەدوێین لەم چەند ڕووەوە

١. مانای چیرۆک لە قورئاندا.

٢. تایبەتمەندێکانی چیرۆکی قورئان.

٣. سودی باسکردنی چیرۆک لە قورئاندا.

٤. دووبارەبوونەوەی چیرۆک لە قورئاندا.

٥. چیرۆک لە قورئاندا ڕاستییە نەک (خەیاڵ)

٦. سوود وەرگرتن لە چیرۆکی قورئان لە بواری پەروەردەو بانگەوازدا.

* مانای چیرۆک لە قورئاندا.

* چیرۆکەکانی قورئان: بریتییە لەو هەواڵانەی کە قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە سەبارەت بە حاڵ و وەزعی ئوممەتەکانی ڕابردوو، وە سەبارەت بە پێغەمبەرانی لەوەو پێش(عليهم الصلاة والسلام)، وە بەو ڕووداوانەی لە سەردەمیاندا هەبووە، وە بەشێکیش لە چیرۆکەکانی قورئان بریتییە لەو ڕووداوانەی کە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕووی داوە، وەکو باسکردنی جەنگی بەدرو (أُحُد).

* تایبەتمەندی چیرۆکەکانی قورئان:

**یەکەم:** چیرۆکەکانی قورئان ڕاستگۆترین چیرۆکن، چونکە بەتەواوی یەکسانن لەگەڵ ڕاستیدا بەبێ هیچ زیادوو کەمێك لێی، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿ومَنْ أصْدَقُ مِنَ اللهِ حديثاً﴾ [النساء: ٨٧].

واتە: ووتەی کەس لە ووتـەی خـوای گـەورە ڕاستتر نیـیە.

جـا هـەموو ووتەیـەکی خـودا، وە هـەموو هەواڵێك لە لایەن ئەوەوە لەو پەڕی پلـەکانی ڕاسـتیدایە، وە هەرشـتێك بووترێـت لـە هـەر بوارێکدا کە پێچەوانەی هـەواڵی خـودا بێـت ئــەوا ناڕاســتە، لەبــەر پێــچەوانەیەتی بــۆ هەواڵی ڕاستی بێ گومان.

**دووەم:** چیرۆکی قورئـان جـوانترین چیرۆکە، چونکە بـەرزترین پلـەکانی تـەواوی و بـەرزی تێدایە لـە ڕەوانبێـژی مـەزنی مانـادا، خـوای گەورە دەفەرمێت:

﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَذَا الْقُرْآنَ﴾ [يوسف: ٣].

واتــە: ئــەی پێغەمبــەری خــودا ﷺ ئێمـە جـوانترین و چـاکترین چـیرۆکت بـۆ دەگێڕینـەوە کـە لـەو پـەڕی ڕاسـتی و مانـا جوانی و ووشە پتەویدان، ئەم گێڕانەوەیـەش بــەهۆی ئــەوەی کــە قورئانمــان بــۆت دابەزانـدووە کـە جۆرەهـا بـاس و ڕووداوی تێدایە، هەرچەندە تۆش ئـەی پێغەمبـەر ﷺ لـە پـێش ئـەم قورئانـە بـێ ئاگـا بوویتـە لـە پــەیامی خــودا، بــەڵام قورئانمــان کــردە ڕۆشـنـیـیـەك بـۆ تـۆ، وە بـۆ هەرکەسێك کـە شوێنی بکەوێت.

سـێـیـەم: چـیرۆکی قورئـان بەسـودترین چـیرۆکە، چـونکە کاریگـەری بـەهێزە لـە چاککردنی دڵەکان و کردەوەکان.

خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ﴾ [يوسف: ١١١].

واتـە: بەڕاسـتی لـە چـیرۆکی پێغەمبـەران لەگـەڵ نەتەوەکانیانـدا جۆرەهـا پەنـدو ئامۆژگاری هەیە بۆ خـاوەن عەقڵـەکان، چـی چـاکەکاران، وە چـی خراپـەکاران کـە هـزری خۆیان بجولێنن، وە بۆیان دەردەکـەوێت کـە هەرکەسێك هەمان کاری ئەو پێشینانە بکـات هەمان ئەنجامی دەبێت لە خۆشی یـان سـزاو ناخۆشی. وە هـەروەها بۆیـان دەردەکـەوێت کـە خـودای پـەروەردگار خـاوەنی سـیفاتی هەرە تەواو بەرزە، وە خاوەنی داناییـیەك و بڕیـاردانێکی تـەواوە، وە تـەنها هـەر ئـەو خودایەیە کـە دەبێـت پەرستنی بـۆ ئـەنجام بـدرێت، جـا هــەر کەسـێك بییەوێـت چـیرۆکەکانی قورئـان جـوانتر بکـات یـان تەواوتر بکات بەوەی چەند باسێکی بـۆ زیـاد بکات لە هەواڵی مێژوویی گاورو جولەکـە کـە

نازاندرێت ئەو هەواڵانە ڕاستن یان ناڕاستن، ئـەوا کـارێکی هەڵـەی کـردووە لـە چـەند لایەکـەوە. ئـەم جـۆرە هەواڵانـەش کـە بـە سەنەدی صحیح نەهاتوونـە، وە کـە قورئـان شایەتی لەسەر نادات زۆر بڵاوە لـە کۆمـەڵێك لـە تەفـسیرەکان، وە زۆرتـریش لـە فلیمـە بەناو (ئاییینی‌یەکان).

## * سوودەکانی گێڕانەوەی چیرۆك لە قورئان.

خـــوای گـــەورە چـــیرۆکێکی زۆری بۆمـــان باسکردووە لە قورئاندا، ئەمـەش بـێ گومـان سوودی زۆری هەیە:.

١. جێگیرکردن و شایەتیدان لەسـەر ڕاسـتی-یـەتی پـەیامی پێغەمبەرایـەتی محمـد ﷺ چـونکە هـەواڵی نەتـەوەکانی ڕابـردوو تـەنها خـودا دەی زانـێ، جـا هـەر چـیرۆکێك لـە چـیرۆکەکانی نەتـەوەکانی ڕابـردوو بەڵگـەی تـەواوە لەسـەر ڕاستی‌یـەتی پێغەمبەرایـەتی محمد ﷺچونکە پێغەمبـەر ﷺ ئـەو جـۆرە چـیرۆکانە بـۆ کەسـانی دەوروپـشتی خـۆی دەگێڕایـەوە لـە دۆسـت و دوژمنـی لەگـەڵ ئەوەشدا کتێبی هیچ کەسێکی نەخوێندبوو، وە لای کەســـیش وانـــەی نەخوێنـــدبوو، لەهـــەمان کاتیـــشدا قەومەکـــەی بـــەیانی و ئێوارە دەیان بینی لـە نێـوان خۆیاندایـە، وە دەیـــان زانـــی پێغەمبەرێکـــە نـــە توانـــای خوێندنی هەیە نەنووسـین، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـــەواڵی پێغەمبـــەرﷺ، وە گێڕانـــەوەی بـــۆ چـــیرۆکەکانی وەکـــو هـــەواڵ و چـــیرۆکی کتێبـەکانی پێغەمبـەرانی(علـــیهم الـــصلاة والسلام) پێش خۆی بووە.

٢. ڕوونکردنـەوەی دانـایی خـودا لـەوەی کـە چیرۆکەکان لەخۆی گرتووە هـەروەکو خـوای گەورە ئەفەرمێت:

﴿وَلَقَدْ جَاءَهُمْ مِنَ الْأَنْبَاءِ مَا فِيـــهِ مُزْدَجَـــرٌ حِكْمَةٌ بَالِغَةٌ﴾ [القمر: ٤-٥].

واتە: بەڕاسـتی بـێ بـاوەڕان هـەواڵی زۆریـان پـێ گەیـشتووە لـە هـەواڵی ڕابـردوو هـەواڵی دێ، وە لـەجۆرەها (معجیـزات)، ئەمـەش بـۆ ئەوەی ئەو شتانە ببێت بـە قەدەغەلێکـەرێك بۆیان لە بێ باوەڕی و نـەزانیان، هێنانـەوەی ئەم هەواڵ و ڕووداوانە لە لایەن خودا لەسـەر زاری پێغەمبـەرانی(علیهم الصلاة والـــسلام) داناییەکی زۆر مەزنە لـە لایـەن خـوداوە، بـۆ ئەوەی بەڵگەی خودا جێگیر بێت لەسـەر بـێ بـاوەڕان، وە هـیچ کەسـێك لـە دوای هـاتنی پێغەمبـەران(علیهم الصلاة والسلام) پاسـاوی نەمێنێت.

٣. ڕوونكردنـــەوەی دادپـــەروەری خـــودا لـــە ســـزادانی بـــێباوەڕان. هـــەروەكو خـــودا دەفەرمێت:

﴿وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ فَمَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ آلِهَتُهُمُ الَّتِي يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ لَمَّا جَاءَ أَمْرُ رَبِّكَ﴾ [هود: ١٠١].

واتە: كاتێك ئێمە بێباوەڕانمان لە ناوبرد ئەوا ستەممان لێیان نەكرد، بەڵام خۆیان ستەمیان لەخۆیان كرد بەئەنجام دانی جۆرەها هاوەڵ بڕیاردان و بێباوەڕی و بەرەنگار بوونەوەی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)، جا كاتێك فەوتاندنیان بەسەر هات ئەوا ئەو پەرستراوە ناڕاستانەی كە دەیان پەرست هیچ سودێكی پێیان نەگەیاند.

٤. ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە خودا چۆن پاداشتی باوەڕدارانی داوەتەوە، هەروەكو چیرۆكی باوەڕدارانی قەومی (لوط) ﷺ دەفەرمێت:

﴿إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ حَاصِبًا إِلَّا آلَ لُوطٍ نَجَّيْنَاهُمْ بِسَحَرٍ نِعْمَةً مِنْ عِنْدِنَا كَذَلِكَ نَجْزِي مَنْ شَكَرَ﴾ [القمر: ٣٤-٣٥].

واتە: دوژمنانی (لوط)مان لەناودا، بەڵام (لوط ﷺ و شوێن كەوتووانیمان ڕزگار كرد لە سزای گەورە، بە هۆی سوپاس كردنیان بۆ خودا، وە بەهۆی پەرستنیان بۆ خودای گەورە.

٥. دڵ نەوایی كردنی پێغەمبەر ﷺ لەوەی كە تووشی دەبێت لە ئازارو ناخۆشی لە لایەن بێ باوەڕانەوە. هەروەكو خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَإِنْ كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِنْ قَبْلِكَ جَاءُوا بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَالْكِتَابِ الْمُنِيرِ﴾ [آل عمران: ١٨٤].

واتە: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ گەر بێ-باوەڕان تۆیان بە درۆ زانی ئەوا بزانە ئەمە داب و نەریتی ستەمكارانە، چونكە دابیان بریتییە لە كوفر كردن بەخوا، وە بە درۆخستنەوەی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)، وە ئەم دژایەتییەیان لە نەزانی و پێ نەگەیشتنی ڕاستی نییە بۆیان، بەڵكو ئەمە لە دوای ئەوەی كە پێغەمبەرەكانیان (علیهم الصلاة والسلام) بەڵگەی ڕوونكردنەوەی زۆریان بۆ هێناون، وە كتێبی ئاسمانی خودایان بۆ هێناون كە ڕوونكەرەوەن بۆ حوكمە شەرعییەكان، وە ڕوونكەرەوەن بۆ هەواڵی ڕاست و بەسوود، جا ئەگەر ئەمە دابیان بێت لەگەڵ

پێغەمبەراندا ئەوا تۆ خەفەتیان لێ مەخۆ، وە بەردەوام بە لەسەر بانگەوازەکەت.

٦. ڕوونکردنەوەی ئەوە کە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) پەروەردەکاری بڕوادارانن، بە جۆرێك کە موسڵمانان کەمترین چاکەیان بەدەست نەهێناوە، وە کەمترین خراپەیان لەسەر لانەچووە مەگەر لەسەر دەستی پێغەمبەران نەبێت(علیهم الصلاة والسلام)، جا زۆر ناشرینە بۆ موسڵمانان کە بێ ئاگابیت لە حاڵی پەروەردەکەری و مامۆستاکەی، خۆ ئەگەر شتێکی خراپ بێت مرۆڤ بێ‌ئاگا بێت لە حاڵی دایك و باوکی، ئەوا بێ‌ئاگا بوون لە حاڵی پێغەمبەرەکەی زۆر خراپترە، چونکە پێغەمبەرەکەی چاکترە بۆ ئەو لە خودی نەفسی خۆشی، هەر بۆیەش لە دوای مافی خودا – مافی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) لە پێش هەموو مافێکە.

٧. پەند وەرگرتن لەوەی ڕووی داوە لە ژیانی پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام)، موسڵمانیش بەم کارە مامۆستایەتی جوان وەردەگرێت، وە زۆر نارەحەتی لەسەر سوك دەبێتەوە، چونکە ئەو نارەحەتییانە هەرچەندە زۆر بن ئەوا ناگاتە بەشێکی زۆر کەم لەوەی کە بەسەر پێغەمبەراندا (علیهم الصلاة والسلام)هاتووە.

گەورەترین سودمەندبوون لە ژیانی پێغەمبەران بریتییە لە شوێنکەوتنیان لە ئامۆژگارییەکانیان، وە لە چۆنێتی گەیاندنی زانستی شەرعی بە پێی پلەکان و هەستی مرۆڤەکان، وە لە ئارام گرتن لەسەر کاری فێرکردن، وە لە بانگەوازکردن بۆ ڕێگای خودا، هەر بەم شتانەش زانایان بوون بە میراتگری پێغەمبەران.

٨. وە یەکێك لە سوودەکانی شارەزابوون لە چیرۆکی پێغەمبەر محمد ﷺ بریتییە لە شارەزابوون لەمانای ئەو ئایەتانەی کە لەسەری دابەزیوە، چونکە گەیشتن بەمانا پەیوەستە بەزانینی حاڵی پێغەمبەر ﷺ، وە چۆنێتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوەڵان و نەتەوەکەی وە لەگەڵ کەسانی دیکەش، چونکە کاتەکان و کەسەکان و شوێنەکان جیاوازن زۆر لەناو یەکدا.

٩. بەشێك لە مافەکانی پێغەمبەران بەسەرماندا – بەتایبەت محمد ﷺ بریتییە لە ناسینیان، وە خۆشەویستیان خۆشەویستییەکی ڕاست و تەواو، ڕێگاش

بۆ ئەم مافە نىيە جگە لە زانينى حاڵ و چيرۆكيان.

١٠. زانين بە حاڵ و چيرۆكى پێغەمبەران(عليهم الصلاة والسلام) وا لە موسڵمانان دەكات كە سوپاسى خودا بكەن بەوەى كە پێغەمبەرێكيان بۆ ڕەوانە كراوە كە پاكيان دەكات، وە فێرى كتێبى خوايان دەكات لە پاش ئەوەى كە ئەو نەتەوانە لەو پەڕى گومڕايى دا بوون.

## دووبارەبوونەوەى چيرۆكەكان

هەندێك لە چيرۆكە قورئانىيەكان تەنها جارێك باس كراوە، وەكو چيرۆكى (لقمان) و (هاوەڵانى ئەشكەوت) وە هەيانە چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە بەپێى ئەوەى پێويستى و بەرژەوەندى دەى خوازێ، ئەم دووبارەكرانەوەيەش بەيەك شێواز نايەت، بەڵكو جياوازن لە كورتى و درێژى و شێوازى دەربڕينى، وە باسكردنى هەندێك لايەنەكانى چيرۆكەكە لە شوێنێك، وە باسكردنى هەندێكى ديكە لە شوێنێكى تر. ئەمەش بێ گومان چەندەها سوودو دانايى تێدايە:

١. ڕوونكردنەوەى ئەوەى كە ئەم چيرۆكە زۆر گرنگە، هەر بۆيەش دووبارە كراوەتەوە.

٢. بەهێزى ئيعجازى قورئان، چونكە هێنانەوەى يەك مانا بە چەند شێوازێكى جۆراوجۆر لەگەڵ بێ دەسەڵاتى عەرەبەكانى سەردەمى دابەزينى قورئان زۆر بەهێزترە لە بەرەنگاربوونەوەى ئەو عەرەبانە.

٣. گرنگى دان بەباسى چيرۆكەكە لە پێناو جێگيربوونى پەندو ئامۆژگارىيەكانى لە دەروونداا، چونكە دووبارە كردنەوەى باس لە ڕێگاكانى بەهێز كردنێتى، وە لە نيشانەكانى گرنگى دانە پێى، هەروەكو ئەمە زۆر بەڕوونى دەبينين لە چيرۆكى (موسى)دا ﷺ لەگەڵ (فيرعەون)دا، چونكە ڕووداوێكە ناكۆكى و بەرەنگاربوونەوە دەنوێنێ لە نێوان ڕاستى و ناراستىدا بەو پەڕى نواندن. ئەمەش سەرەڕاى ئەوەى چيرۆكى قورئان دووبارە نابێتەوە لە خودى يەك سورەتدا هەرچەند لە چەندەها شوێنى ديكەدا دووبارە ببێتەوە.

٤. جياوازى ئەو مەبەستەى كە چيرۆكەكە لەپێناويدا دەهێنرێتەوە، قورئانى پيرۆز

هەنــدێك لــەو مانایانــە دەهێنێتــەوە لــە شوێنێکدا کە مەبەستە لەو چیرۆکە، بەڵام چــەند مانایــەکی دیکــە دەهێنێتنــەوە لــە شــوێنی تــردا لــە قورئــان ئــەو مانایانــە مەبەستە لـە هـەمان چیرۆکدا، ئەمەش بە پێی جیاوازی ئەوەی کە ئەو حاڵەتە دەی خوازێ.

### چیرۆکی قورئان ڕاستییە نەك خەیاڵ:

ئەوەی لێرەدا شایەنی ووتنە ئەوەیە کە یەکێك لە خوێندکارە زانکۆیەکانی ووڵاتی (میصر) نامەیەکی(دکتۆرا)ی پێشکەش کرد بۆ کۆلێژەکەی (کۆلێژی ئاداب) لە ساڵی (١٣٦٧)ی کۆچی. کە ناونیشانی نامەکەی بریتی بوو لە (الفن القصصي في القرآن)، واتە: (هونەری چیرۆك لە قورئاندا). ئەم نامەیەش دەنگ ومشتومڕی زۆری دروست کــرد لــە ناوەنــدەکانی خوێنــدنی ئــەو سەردەمەدا.

لە ڕاستیدا ناوەڕۆکی ئەم نامەیە- هەروەکو هەندێك لە مامۆستایانی ئەو شوێنە باسی لێوە دەکەن- بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەمای چیرۆکی قورئان بریتییە لە کارێکی هونــەری و ئــەدەبی، وە ملکەچــە بــۆ باسکردنی ماناو هەستی زیاد لە ناو چیرۆکدا ئەگەر ئەو ماناو هەستانە لە ڕاستیشدا نەبن.

واش دەردەکــەوێت کــە ئــەم خوێنــدکارە هونــەری چــیرۆکی ئــەدەبی خوێنــدووە، لەوەش گەیشتووە کە گرنگترین بنەمای ئەو جۆرە چیرۆکانە ئەوەیە کە دانەرەکەی پەنا بەرێتە بەر هێنانە کایەوەی خەیاڵو مانای تازە. وە هەرچەندە ئەم خەیاڵە زۆرتربێت وە دوورتربێت لە ڕاستی ڕودانییەوە ئەوا ئەو چیرۆکە خەڵکی زیاتر حەزیان پێ دەبێ، وە زیاتر لەزەت لە بیستنی یان خوێندنەوەی دەکەن.

لــــە پاشــــان ئــــەم خوێنــــدکارە- وادەردەکــەوێت- چــیرۆکەکانی قورئــانی پێواوەتە سەر چیرۆکی ئەدەبی مرۆڤەکان.

بەڵام قورئانی پیرۆز وا نییە، چونکە دابەزێنراوە لە لایەن خودایەکی زاناو دانادا، وە هەر هەواڵ و باسێك هەبێت ئەوا ڕاستەو یەکسانە لەگەڵ ڕاستیدا، هەروەکو لەوەو پێش باسمان کرد، خۆ ئەگەر مرۆڤە ئاقڵەکان خۆیان بەدوور بگرن لە درۆ، وە زۆر بە خراپ و نرخ شکێنی مرۆڤ دا بنێن،

ئـەوا چـۆن دەبێـت مرۆڤـی ژێـر تۆمـەتی ناڕاستی بداتە پاڵ ووتەی خودای مەزن.

گومـانیش لـەوەدا نـیـیە کـە خـوای گـەورە (حقّ)ە، وە نـاردنی پێغەمبەرەکـەی ﷺ بـە (حەق)و ڕاستـیـیە، وە هـەر ووتەیـەکی خـودا کـە پێغەمبەرەکـەی دەی گـەیێنێ ڕاسـت و دروسـتە، جـا بـە هـیچ شـێوازێك گومـانی (خـەیاڵ)و ناڕاسـتی لـە قورئانـدا مەزەنـدە ناکرێت.

## *گرنگی بەکارهێنانی چیرۆکی قورئان لە بواری پەروەردەدا:

گومان لەوەدا نـیـیە کە چیرۆکی پتـەو جـوان زوو دەڕواتـە نـاو دڵـی مرۆڤـەوە، وە بیسـەر باشـتر ئامادەیـە بـۆ بـۆ وەرگرتنـی، بـەبێ ئـەوەی تووشـی بێـزاری ببێـت، لـە هـەمان کاتیـشدا جـوانترین سـوود لـەو مەبەسـتانە وەردەگرێـت کـە مەبەسـت بـووە لـە هێنانەوەی ئەو چیرۆکە بۆی.

شـێوازی وانـە ووتنـەوەی سـادە- دوور لـە چـیرۆك- بێـزاری بـۆ بەرامبەرەکـە دروسـت دەکـات، لاوانـیش نـاتوانن بـەردەوام گـوێ بیستی ئەو وانەیە بینەوە مەگەر بەزەحمـەت نـەبێت. هـەر بۆیـەش بـەکارهێنانی ڕێگـای چیرۆك سوودی زیاترە.

جا لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز باسـی زۆر بە پیت هەیە کە یارمەتی دەری مامۆستـایان و بانگەواز کارانی ڕێگـای خـودان بـۆ ئـەوەی سەرکەوتوو بن لە کارەکەیانـدا، چـونکە ئـەو چـیرۆکانە بابـەتێکی پەروەردەکـەریان پـێ دەبەخشێت لە چیرۆکی پێغەمبـەران، وە لـە هەواڵی نەتەوەکانی ڕابـردوو، وە لـەوەی کـە خـودا چـی بەسـەر ئەوانـدا هێنـاوە. ئەمـەش سەرەڕای ئەوەی کە هەمووی چیرۆکی ڕاست و دروسـتن. جـا ئـەو کەسـەی کـە کاردەکـات لـە بواری فێرکردن و بانگەوازدا ئەوا دەتوانێت ئـەو چیرۆکە بگێڕێتـەوە بـە جۆرێك و شـێوازێك کـە گونجـاوە لەگـەڵ ئاسـتی ڕۆشـنبیری فێرخوازەکـان و گـوێ گرەکـان. ئومێـدیش دەکرێـت کـە بـەکارهێنانی ئـەم شـێوازە بەروبوومێکی زۆر باشی هەبێ.

بەمەش کۆتایی دەهێنین بە باسی ئەم جارە. بۆ ژمارەی داهاتوو هەوڵ دەدەین -إن شاء الله- بدوێین لە بارەی باسێکەوە کە پەیوەندی هەیە بە چەند لایەکی چیرۆکەوە، ئەوەش باسی (الإسرائيليات)ە .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

سایتی بەهەشت
www.ba8.org

# ڕێگای ئافرەتی موسڵمان بەرەو بەختەوەری

✍: **الشيخ: عبدالعزيز المقبل**

وەرگێرانی: دایکی ئالاء          بەشی دووەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسـول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، وبعد:

## پەرتوكخانە:

٢٣- سوربە لەسەر هەڵبژاردن وكۆكردنەوەی پەرتوكی چاك وبەسود بۆ پێكەوەنانی پەرتوكخانەیەك لە ماڵەوە كە سودی هەبێت بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەكەت.

٢٤- خۆت بپارێزە لەوەی كە كاتەكەت بە فیڕۆ بدەیت لە خوێندنەوەی پەرتوكی بێ سود، وەخۆت بە دوور بگرە لە خوێندنەوەی پەرتوكی زیان بەخش وەك: گۆڤارە رووخاوەكان وبەسەرهات ورۆمانی روخێنەر كە نووسەرەكانیان مەبەستیان بلاَوكردنەوەی خراپەكارییە، وەئاگاداربە ئەم شتانە نەبەیتەوە بۆ ماڵەكەت.

٢٥- وا بەسودە كە پەرتوكخانەكەت پەرتوكی جۆراوجۆری تێدا بێت بۆ پڕكردنەوەی هەموو پێویستییەكان، وچارەسەركردنی هەموو بابەتەكان، چونكە موسڵمان پێویستی بە زانینی هەموو حوكمەكانی دین وكاروباری بیروباوەڕەكەیەتی، وزانینی هەواڵی جیهانی ئیسلامی وكێشەی موسڵمان، وەهەست كردن بەو هۆكارانەی كە یارمەتیت دەدات لە پەروەردە كردنی ماڵ ومنداڵ وخێزان، وەتەماشا كردنی ژیاننامەی پێشینە چاكەكان و وەرگرتنی پەند وئامۆژگاری لێیانەوە.

٢٦- ئەگەر پەرتوكێكی خۆش وبەسود سەرەنجی راكێشایت هەوڵ بدە بیناسێنیت وبیدەیت بە خوشكە موسڵمانەكانت، وە هانیان بدەیت لەسەر خوێندنەوەی، وە

ئەگــەر پــەرتوكێكی خــراپ وزەرەرمەنــدت بەردەســت كــەوت ئــەوا خوشــكەكانتی لێ ئاگادار بكەرەوە لە هەڵە وخراپەكانی.

٢٧- خوێندنەوە كارێكی پێویست و گرنگە، هــەوڵ بــدە بــۆ قۆســتنەوەی هــەل وســود وەرگــرتن لــە كــات بــۆ زیــاد كردنــی زانــست وزانیاری.

## دەرچون بۆ بازاڕ:

٢٨- ســور مەبــە لەســەر دەرچــون ئەگــەر یەكێك هەبوو پێویستییەكانی بۆت جیَ-بەجیَ دەكرد، بەڵام ئەگەر ناچار بوویت بـۆ دەرچــوون بــا دەرچــوونەكەت لــە كــەمترین كاتدا بێت وبەپێی پێویستییەكەت بێت.

٢٩- ئەگەر دەرچوویت بۆ بـازار ووریابـە لـە بۆن لـە خـۆدان و جوانكـاری وپۆشـینی جـل وبــەرگی جــوان وســەرەنج راكــێش، چــونكە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(إن المرأة إذا استعطرت فمرت بالمجلس فهي كذا وكذا . يعني زانية)[1].

واتە: ئەگەر ئافرەت بۆنی لـەخۆی داو بـەلای كۆمەڵێكدا تێپـەڕی بـۆنی بـچێت بەسـەریاندا ئـەوا ئـەو ئافرەتـە ئـاواو ئاوایـە، واتـە: زینـا كارە.

وە جل وبەرگەكەت هەموو لەشت داپۆشێت.

٣٠- ئەگەر لە بازاڕ بوویت یان لە ڕێی بازاڕ زۆر ئاوڕ مەدەرەوە، چونكە چاو خلیسكانی ترســناكە، وەلــەكاتی جێبــەجێ كردنــی پێویــستییەكەت وریابــە زۆر قــسە لەگــەڵ فرۆشـیارەكە مەكـە، چـونكە دەبێتـە هـۆی نەمانی شـەرم وكردنـەوەی دەرگـای ئاشـوب وخراپەكاری.

٣١- ئەگەر خراپەیەكت بینی لەبازاڕ یـان لـە ڕێی بازار ئەوا پێویستە لەسـەرت نكوڵی لێ بكـەیت، وەئەگـەر نـەتوانی بـەدڵت، خـوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ﴾ [التوبة: ٧١] .

واتە: باوەڕدارانی پیاو وئـافرەت هەنـدێكیان پشتیوان ویارمەتیدەر وسەرخەری هەنـدێكی تریـان، فـەرمان دەكـەن بـە چاكەو نكـوڵی دەكەن لە خراپە.

٣٢- هەندێك لە ئافرەتان دەرچون بـۆ بـازاڕ دەكەنــە رابــواردنێكی رۆژانــەیان، كــە زۆر دەردەچن وهەموو رۆژێـك بـەیانیان وئێـواران

---

[1] (رواه أحمد والترمذي، ولأبي داود والنـسائي نحـوه، وصححه الألباني في: مشكاة المصابيح: ١٠٦٥).

دەبینرێن لە بازاڕ، پەنا دەگرم بە خوا لەو کۆمەڵە نەبیت، چونکە دەبنە هۆی ئاشوب بۆ خەڵکی وکات بە فیڕۆ دانیان.

٣٣- بەزەییەکت بە خۆت و هاوسەرەکەتدا بێتەوە، باماڵەکەت نەبێتە بەشێك لە بازاڕ ئەوەی پێویست نەبێت مەیکڕە.

## پاڕانەوە:

٣٤- تۆ لاوازو بە پێویست ونەبوونی بەرامبەر بە خوای دەڵەمەندی بالآ دەست، با دەستت هەمیشە بەرزکراوە بێت وداوای لێبوردن وسەلامەتی وسەرکەوتنی دونیا وقیامەت بکە، خوای گەورە وەلآمت دەداتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

**(إن ربكم حي كريم يستحيي من عبده أن يرفع إليه يديه فيردهما صفرا)[٢].**

واتە: پەروەردگارتان بەشەرم و بەخشندەیە، شەرم لە بەندەی خۆی دەکات کاتێك کەدەستی بەرز دەکاتەوە بە خاڵی وبەتاڵ بیگەڕێنێتەوە.

وە ووریابە وپەلە مەکە لە وەلآمدانەوەی، چونکە پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

**(ما من عبد يرفع يديه (حتى يبدو إبطه يسأل الله مسألة إلا آتاه إياها ما لم يعجل يقول قد سألت وسألت فلم أعط شيئا)[٣].**

واتە: هیچ بەندەیەك نییە ئەوەندە دەستی بەرز بکاتەوە تا بن باڵی دەرکەوێت وداواکارییەك لە خوای گەورە بکات ئیلا خوای گەورە دەیداتێ ئەگەر پەلە نەکات ونەڵێت داوام کرد وداوام کرد هیچم پێ نەبەخشرا.

وە دەست پێکردنی پاڕانەوەکەت با بە سوپاس وستایشی خوا و سەلآوات دان بێت لەسەر پێغەمبەرﷺ، وە هەر بەمە کۆتایی پێ بهێنە، وە ڕوو لە خوا بکە بە ڕاستی، پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

**(ادعوا الله وأنتم موقنون بالإجابة، واعلموا أن الله لا يستجيب دعاء من قلب غافل لاه)[٤].**

---

(٢) (رواه ابن ماجة، وصححه الألباني في: صحيح سنن ابن ماجة: ١٨٦٥).

(٣) (رواه الترمذي، وصححه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ٢٨٥٣، وصحيح الجامع الصغير: ٥٧٣٩).

(٤) (رواه الترمذي والحاكم، وحسنه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ٣٤٧٩، وصحيح الجامع الصغير: ٢٤٥، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٦٥٣) .

واتــە: بپاڕێنــەوە لــە خــوا ودڵنیــا بــن لــە وەڵامدانــەوەی، وە بـزانن كـە خـوای گـەورە وەڵامی داوایەك ناداتەوە لە دڵێكی بێ ئاگا.

وە ووریابە لـە داوا كـردن وپاڕانـەوەی تـاوان وخراپــەو بــچڕانی پەیوەنـدی خزمایـەتی، وە ئەگەر وەڵامێكی ئاشـكرای داواكـەت نـەبینی ئـەوا دڵ گـران مەبـە، چـونكە خـوای گـەورە بــۆت هەڵــدەگرێت بــۆ ڕۆژی دوایــی وبــۆت دەكات بە پاداشـت، یـان بـە ئەنـدازەی ئـەو پاڕانەوەیە گوناهت لێ دەسـڕێتەوە، یـان بـە ئەندازەی ئەو پاڕانەوەیە خراپـەت لەسـەر لا دەبات.

٣٥- خۆت نزیك بكـەرەوە لـە خـوای گـەورە بـە فـەرز وسـوننەتەكان وهـەموو شـتێك كـە نزیكت بكاتەوە لـە خـوای گـەورە، پاداشـتی گــەورەت دەســت دەكــەوێت و دەگەیتــە پلەیــەكی بــەرز ودەبیــت بــە یــەكێك لــە خۆشەویـستانی خـوای گـەورە ئەوانـەی كـە ترسیان نییە لە ڕۆژی دوایی ودڵ تەنگ نـابن لەوەی لە دونیـا بـەجێیان هێـشتووە، خـوای گـەورە وەڵامــی پاڕانەوەكــەیان دەداتــەوە وناخۆشــییەكانیان لا دەبــات و دڵیــان پــڕ دەكـــات لـــە ئـــارامی، پێغەمبـــەر ﷺ دەفەرمێت:

(إن الله تعالى قال من عادى لي وليــا فقــد آذنته بالحرب، وما تقرب إلي عبدي بشيء أحب إلي مما افترضته عليه، وما يزال عبدي يتقرب إلي بالنوافل حتى أحبه، فإذا أحببتــه كنت سمعه الذي يسمع به، وبصره الــذي يبصر به، ويده التي يبطش بها، ورجله التي يمشي بها، وإن سألني لأعطينه، وإن استعاذني لأعيذنه)(٥).

واتە: خوای گەورە دەفەرمێت: هـەر كەسـێك دژایەتی خۆشەویستێكی من بكـات ئـەوا مـن جەنگی لە دژ رادەگەیەنم، وە بەندەی من لە من نزیك نابێتەوە بە شتێك خۆشەویستتر لـە لای مــن لــە فــەرزەكان، وە بــە بــەردەوام بەنــدەی مــن لــێم نزیــك دەبێتــەوە بــە ئەنجامــدانی ســوننەتەكان تــا وای لێ دێـت خۆشم دەوێت، وە كـە خۆشـم ویـست ئـەوا چـاو وگـوێ ودەسـت وپـێی دەپـارێزم لـە تــاوان، وە ئەگـــەر داوام لێ بكــات پـــێی دەبەخـشم، وە ئەگـەر داوای پـەنا گـرتنم لێ بكات ئەوا پەنای دەدەم.

(٥) (رواه البخاري: ٦٥٠٢، وانظر: صــحيح الجــامع الصغير: ١٧٨٢، ومشكاة المصابيح: ٢٢٦٦) .

٣٦- ئەگەر ئافرەتێکی موسڵمانی دەست گرتوت بە دینەوە بینی کە وەلأمی فەرمانەکانی پەروەدگاری دابووەوە و شانازی بە بیروباوەڕەکەیەوە دەکرد ئەوا هەستی خۆشەویستی خۆتی بۆ دەربڕە وبە هاوڕێی خۆتی بگرە، چونکە خۆشەویستی لەبەر خوا پلە وپایەی بەرزە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

قال الله تعالى: (المتحابون في جلالي لهم منابر من نور يغبطهم النبيون والشهداء)[٦].

واتە: خۆشەویستان لەبەر خاتری من لە ڕۆژی دواییدا لەسەر مینبەری نورن، کە پێغەمبەران وشەهیدەکان خۆزگەیان پێ دەبەن.

٣٧- ئەگەر کاتەکەت بەباشی دابەش نەکەیت ئەوا لەدەستت دەچێت، چونکە تۆ پێویستیت بە پێداچونەوەی وانەکانت هەیە ئەگەر قوتابی بیت، وە پێویستە هەستیت بە ئەنجامدانی ئەرکی ماڵ ومێردت، وەدەرچونێك کە سودمەند بێت، وە خوێندنەوەیەك کە بەسود بێت، وەسەردانی کەس وکارت.

٣٨- سەردانی خزمەکانت بکە دەبێتە هۆی پیت وبەرەکەت لە تەمەن ورۆزیت، وە سور بە لەسەر سەردانی خزمەکانت وە با سەردانەکانت بە سود بێت بۆت، وەهانیان بدە لەسەر چاکە وە بیان ترسێنە لە خراپە، وە ئاگاداریان بکە لە شتی زەرەرمەند، وە ئامۆژگاریان بکە بەوەی کە باشە بۆ ئارامی ودڵنیا بوونت لە تەندروستیان، وە پرسیار بکە دەربارەیان، پێغەمبەرﷺ دەفەرمێت:

(من أحب أن يبسط له في رزقه وأن ينسأ له في أثره فليصل رحمه)[٧].

واتە: هەر کەسێك پێی خۆشە ڕۆزی فراوان بێت و تەمەنی درێژ بێت با سەردانی خزمانی بکات.

٣٩- با زۆری ئەو کەسانەی کە سەرپێچی فەرمانی خوا دەکەن وە کەمتەرخەمی لە جێبەجێ کردنی شەرعدا دەکەن فریوت نەدەن، چونکە ڕۆژێك دێت ستەمکار دەستی خۆی دەگەزێت وپەشیمان دەبێتەوە وئیمانداریش دڵ خۆش دەبێت بە ڕزگار بوونی دڵ خۆش بوونێکی گەورە، وە ناخۆشییەکانی قیامەت دەبینێت کە کەس

(٦) (رواه الترمذي، وصححه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ٢٣٩٠، وصحيح الجامع الصغير: ٤٣١٢)٠

(٧) (متفق عليه، وانظر: صحيح الجامع الصغير: ٥٩٥٦).

خاوەنی هیچ شتێك نییە تەنها ئەو كتابە نەبێت كە بەدەستی راستی دەیدرێتی و دەڵێت: وەرن ئەم كتابەی من بخوێننەوە، چونكە من دڵنیا بووم كە توشی ئەم سەرەنجامە باشە دەبم. خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ إِنِّي ظَنَنْتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ﴾ [الحاقة: ١٩-٢٠] .

٤٠- سۆزو بەزەیی بچێنە لە دڵتدا، وە بەزەییت بە گەورە وبچوكدا بێتەوە تەنانەت بە ئاژەڵانیش، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت: (من لایَرحم لایُرحم)[٨].

واتە: ئەو كەسەی بەزەیی بە كەسدا نەیاتەوە رەحمی پێ ناكرێت.

وەپێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(بينما رجل يمشي بطريق فاشتد عليه العطش فوجد بئرا فنزل فيها فشرب، ثم خرج فإذا كلب يلهث يأكل الثرى من العطش، فقال الرجل: لقد بلغ هذا الكلب من العطش مثل الذي كان بلغني فنزل البئر فملأ خفيه فأمسكه بفيه حتى رقي فسقى الكلب فشكر الله له فغفر له، فقالوا يا رسول الله ﷺ وإن لنا في البهائم لأجرا؟ فقال في كل ذات كبد رطبة أجر)[٩].

واتە: پیاوێك بە رێگایەكدا دەڕۆیشت، وتونێتی زۆری بۆ هێنا، بیرێكی بینی دابەزییە ناوی وئاوی خواردەوە وهاتە دەرەوە بینی سەگێگ هەناسە بڕكێیەتی ولە تونێتیدا خۆڵ دەخوات، پیاوەكە ووتی ئەم سەگەیش لە تونێتیدا وەكو منی بەسەر هاتووە، دابەزییەوە ناو بیرەكەو پێڵاوەكانی پڕ ئاو كرد و بەدەمی گرتی تا سەركەوت وسەگەكەی تێر ئاو كرد، خوای گەورەیش سوپاسی كرد ولێی خۆش بوو. وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا لە بەزەیی هاتنەوە بە ئاژەڵیشدا پاداشتمان هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ لە هەموو ئاژەڵێكی زیندوو پاداشتان بۆ هەیە.

هەروەها دەفەرمێت:

(عذبت امرأة في هرة حبستها حتى ماتت، جوعاً فلا هي أطعمتها ولا هي أرسلتها تأكل من خشاش الأرض)[١٠].

واتە: ئافرەتێك سزا درا لەسەر پشیلەیەك كە بەندی كرد هەتا مرد لە برسا، نە خواردنی

---

(٨) (البخاري، الفتح: ١٠/ح٦٠١٣).

(٩) (البخاري: ٦٠٠٩) .

(١٠) (البخاري: ٢٣٦٥) .

پێدا نە بەریدا خۆی خواردن پەیدا بکات، لەسەری خرایە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

٤١- ئاگاداری بانگخوازانی خراپە بە بەناوی پێشکەوتن، کە هەموو هۆکارێك دەگرنە بەر بۆ تێك دان وخراپ کردنی ئافرەتی موسڵمان، وە بۆ دەرکردنیان لە پاکێتی وپارێزراوی وپۆشتەییەوە بۆ رووتی و خۆدەرخستن، وەبەکارهێنانی هۆکاری جۆراوجۆر وگرتنەبەری رێگا بۆ لە رێ لابردنیان، وە ئاگاداری خوشکانت بە لە کەوتنە ناو خراپەکاری وفرۆفێڵیانەوە بە گوفتارەکانیان.

٤٢- شانازی بکە بە دینەکەت، وەسەربەرز بە بەبیروباوەڕەکەت، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَأَنْتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾

[آل عمران: ١٣٩] .

واتە: هەر ئێوە سەربەرزو پایەبلندن، ئەگەر باوەڕدارین.

وە ئاگادارت دەکەمەوە لەوەی کە شەرم بکەیت لە ئاشکرا کردنی دروشمەکانی دینەکەت بیانشاریتەوە.

٤٣- رۆشنبیری دینی خۆت وەربگرە بە گوێ گرتن لە وتاری دینی، وخوێندنەوەی گۆڤاری دینی سودمەند.

٤٤- یارمەتیدەربە لەسەر بلاو کردنەوەی خێر وچاکە ورەوشتی جوان وزانیاری بە سود لە ماڵ وخوێندنگە ولەلای خزم وهاوڕێیانت.

٤٥- سوربە لەسەر یارمەتیدانی دایکت لە کاروباری ماڵەوە، چونکە ئەمە چاکە کردنە لەگەڵیدا وپاداشت دانەوەیەتی لەبەرامبەر چاکە زۆرەکانی، هەروەکو چۆن راهێنانە بۆ خۆتیش تا لە ژیانی داهاتوودا سەرکەوتوو بیت بە ویستی خوای گەورە، وە ئاگادارت دەکەمەوە لە سستی وتەمەڵی کردن بەناوی خوێندن وئەنجامدانی ئەرکی خوێندنگە.

٤٦- هەمیشە روو خۆش بە، چونکە ئەمە هیچی تێناچێت، بەلام خوشەویستی خەڵکی بەدەست دێنیت ولەهەمان کاتدا پاداشت وەردەگریت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(تبسمك في وجه أخيك لك صدقة)[11].

واتە: رووخۆشی وزەردەخەنەت لە بەرامبەر موسڵماناندا بۆ تۆ خێر وچاکەیە.

---

(١١) (رواه الترمذي، وصححه الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ١٩٥٦، وصحيح الجامع الصغير: ٢٩٠٨) .

٤٧- ئاگادارت دەكەمەوە لە تورە بوون وهەڵچون، پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وپێی فەرموو: ئامۆژگاریم بكە، پێغەمبەرﷺ فەرمووی:

(لا تغضب، فردد مراراً قال: لاتغضب)(١٢).

واتە: تورە مەبە، پیاوەكە چەند جارێك ئەمەی دووبارە كردەوە، پێغەمبەرﷺ هەر دەیفەرموو: تورە مەبە.

وە بزانە تورە بوون لە شەیتانەوەیە، بۆیە خۆت بپارێزەوە بە ئارام گرتن ولێبوردن لەبەرامبەر هەڵەی خەڵكی.

٤٨- ئاگاداربە لە لاسایی كردنەوە وچاولێكردنی كافران لە داب ونەریت و هەڵسوكەوت وجل وبەرگ وخواردن وخواردنەوە و جگە لەمانە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

(من تشبه بقوم فهو منهم)(١٣).

واتە: هەر كەسێك خۆی بچوێنێت بە هەر نەتەوەیەك ئەوا لەوانە .

٤٩- زۆرێك لە ئافرەتان خەم ساردی وكەمتەرخەمی دەكەن لە نوێژەكانیان و دوای دەخەن ولەكاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن، ئیتر بەهۆی سەرقاڵیانەوە بێت بە ئیش وكارەوە یان بە قسەی بێ سودەوە، پەنا دەگرم بە خوای گەورە كە لەمانە بێت، خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾ [الماعون: ٤-٥] .

واتە: هەرەشە وتیا چون ودۆزەخ بۆ ئەو نوێژ خوێنانەی كە بێ ئاگا وكەمتەرخەمن لە نوێژەكانیان ودوای دەخەن ولەكاتی خۆیدا ئەنجامی نادەن تا كاتەكەی بەسەر دەچێت.

٥٠- رۆژوو گرتن پلەوپایە ویاداشتێكی زۆر گەورەی هەیە، هەروەها رۆڵێكی گرنگی هەیە لە پاك كردنەوەی دەرون و ویژداندا، خۆزگە خۆت رادەهێنا لەسەر رۆژووی سوننەت، وەكو شەشەڵان وسێ رۆژ لە هەموو مانگێكدا.

**سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك أتوب إليك**

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

---

(١٢) (البخاري: ٦١١٦) .

(١٣) (رواه أبو داود، وصححه الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ٤٠٣١، وصحيح الجامع الصغير: ٢٨٣١).

# لابردنی گومان لە سەر میراتی ئافرەتی موسڵمان

إدريس محمود

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

مەسەلەی میراتی ئافرەت یەکێکە لەو مەسەلانەی کە نەیارانی ئاینی ئیسلام بە حیسابی خۆیان کردوویانە بە بەڵگەی بە کەم سەیرکردنی ئیسلام بۆ ئافرەت و ڕێز لێ نەگرتنی، وە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنەکانەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن و ئەوە بە گوێی ئافرەتاندا دەچرپێنن کە ئیسلام لە مەسەلەی میراتیدا ستەمی لە ئافرەت کردووە، بێگومان ئەو کەسانە بە هەڵە تێگەیشتوون، هۆکاری ئەو بە هەڵە تێگەشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو جۆرە کەسانە ئەو ئایەتەی قورئانیان بیستووە کە خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾ [النساء: ١١] .

واتە: خوا ئامۆژگاریتان دەکات لەبارەی منداڵەکانتانەوە کە بۆ نێرینە دوو هێندەی مێینە هەیە . ئیتر هاتوون ئەم ئایەتەیان کردووە بە ڕێسایەکی گشتی ( قاعدة عامة ) و بەسەر هەموو ئەو حاڵەتانەدا گشتگیریان کردووە کە تێیدا ئافرەت میراتی وەردەگرێت، بێگومان ئەم کارەیان هەڵەیەکی گەورەیە چونکە ئەو کەسانە دەبوایە سەرنجی هەموو ئەو ئایەتانەیان بدایە کە لەبارەی میراتی ئافرەتەوە دابەزیون و پاشان ئایەتەکانیان لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکردایە، بێگومان ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوت کە ئیسلام بە دادپەروەرانەترین شێواز بەشە میراتی ئافرەتی دیاری کردووە بە پێچەوانەی یاسا مرۆڤکردەکانەوە کە بە هیچ

شێوەیەك نەیانتوانیوە و ناشتوانن بەو شێوەیە حەقی میراتگری بە ئافرەت بدەن، بەڵام ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئیسلام ستەمی لە ئافرەتان کردووە کەسانێکی دڵ نەخۆشن و لە بیانوو دەگەڕێن و نایانەوێ ڕاستیەکان بزانن یان دەیزانن بەڵام لەبەر مەرامی پووچی خۆیان لە خەڵکی دەشارنەوە، بۆیە ئێمەش وەکو خەمخۆرێکی ئایینی حەق و دادپەروەری ( ئیسلام ) هەوڵمان داوە لەم چەند دێڕەدا وەڵامێکی کورت و پوختی ئەو کەسانە بدەینەوە کە لە مەسەلەی میراتی ئافرەتدا ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن، لە خوای گەورە داواکارین ڕێنموونی ئەو کەسانە بکات و لەو سەر لێ شێواوییە ڕزگاریان بکات کە تێیدا نقوم بوونە .

## حاڵەتەکانی میراتگری ئافرەت لە ئیسلامدا

خوێنەری بەڕێز: لێرەدا تەنها باسی چەند حاڵەتێك دەکەین لەو حاڵەتانە ئەمەش بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە نێرینە لە هەموو حاڵەتێکدا دوو ئەوەندەی مێینە نابات، بەڵکو جاری واهەیە مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە دەبات و جاری وا هەیە بە یەکسانی میرات دەبەن و جاری واش هەیە مێینە میرات دەبات و نێرینە نایبات، بۆیە حاڵەتەکان بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:

١ . لەم حاڵەتەدا نێرینە دوو هێندەی مێینە دەبات ئەمەش کاتێك دەبێت کە پیاوێك بمرێت و تەنها کوڕ و کچ وەکو میراتگر لەدوای خۆی بە جێ بهێڵێت وەکو خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾ [النساء: ١١].

حیکمەتەکەشی لەوەدایە کەئیسلام ڕەچاوی پێویستی هەریەکە لە نێرینە و مێینەی کردووە و هەندێك مافی بە پیاو داوە و ئەرکیشی لەسەر داناوە بەڵام ئافرەتی لە زۆر لەم ئەرکانە بەخشیوە بۆ نموونە کاتێك کچ بێت باوك یان برا بەخێوی دەکات، وە کاتێك مێرد بکات مێردەکەی بەخێوی دەکات بەڵام بە پێچەوانەوە نێرینە تاوەکو گەنج بێت دەبێ سەرمایە کۆبکاتەوە بۆ پێکەوەنانی خێزان، وە کاتێکیش خێزان پێکەوە دەنێت دەبێت بژێوی خێزان و منداڵ

بدات، ئایا لەم حاڵەتەدا دادپەروەرییە هەردووکیان وەکویەك میراتی ببەن لە کاتێکدا ئەرکی سەرشانی پیاو زۆر قورسترە وەك لە هی ئافرەت ؟.

٢ . خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ﴾ [النساء: ١١] .

واتە: ئەگەر مردووەکە منداڵی لە پاش بەجێمابوو ئەوە باب و دایکی (مردووەکە) هەریەکێکیان شەشیەك ( ١ / ٦ ) ی دەبەن لەوەی کە ( مردووەکە ) بەجێیهێشتووە لە ماڵ و سامان .

لەم حاڵەتەدا دەبینین باوك و دایك وەکو یەك میراتی دەبەن بە بێ ڕەچاوکردنی مێینایەتی و نێرینایەتی .

٣. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ [النساء: ١٢].

واتە: ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك مردوو نە باوکی هەبوو نە منداڵ و برایەك یان خوشکێکی دایك و باوکی هەبوو، ئەوە هەریەکێکیان شەشیەکی (١ /٦) ی بۆ هەیە .

لەم حاڵەتەشدا دەبینین خوشك و برای دایکی وەکو یەك میرات دەبەن ویەکسانن.

٤ . خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ﴾ [النساء: ١١].

واتە: ئەگەر دوو ئافرەت و زیاتر بوون ئەوە دوو سێیەك ( ٢ / ٣ ) ی ئەوەی مردووەکە بەجێی هێشتووە بە میراتدەگرن .

بۆ نمونە: ئەگەر پیاوێك مرد و ژنێك و دوو کچ و برایەکی لە پاش بەجێما، میراتەکەی بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: ژنەکەی هەشتیەك (١ / ٨) وەردەگرێت، دوو کچەکەی دوو سێیەك وەردەگرن (٢ / ٣)، برای مردووەکەش کە دەکاتە مامی کچەکان ئەوەی دەمێنێتەوە لە میراتیەکە بۆ ئەو دەبێت کە دەکاتە (٥ / ٢٤)، لێرەدا هەریەکێك لە کچەکان نزیکەی دوو قاتی مامیان وەردەگرن، واتە لێرەدا مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە وەردەگرێت! ( فهل من مذكر ) .

٥ . ﴿وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ... ﴾ [النساء: ١١] .

واتـە: وە ئەگـەر كـچە میراتگرەكـە هـەر یـەكێك بـوو ئـەوە نیـوەی میراتیەكـە هـی ئـەوە . بـۆ نمونـە: ئەگـەر ژنێـك مـردوو كچێك و مێردەكەی لە پاش بەجێما، ئەوە كـــچەكە نیـــوە ( ١ / ٢ ) ی میراتیەكـــە دەبات، مێردەكەشـی كـە دەكاتـە بـاوكی كچەكە چواریەك ( ١ / ٤ ) دەبات .

كەواتـە لێرەشـدا مێینـە كـە كـچێكە دوو ئەوەنـدەی نێرینەیـەك دەبـات كـە باوكیەتی .

لـە پـاش باسـكردنی هەنـدێك لـە حاڵەتەكانی میراتی ئـافرەت لـە ئـیسلامدا بۆمـان دەركـەوت كـە ئـەوەی نـەیارانی ئایینی ئیسلام پێیـان وابـوو بنـچینەیەكی گشتی میراتگرتنـی ئافرەتـە ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾ [النساء: ١١].

وا نییـــە و ئـــەوان بـــە هەڵـــە لێـــی تێگەیشتوون .

## ئەنجام

لێـرەدا بـە كـورتی خـشتەیەكی بیركاریانەتان بۆ دەخەینـە روو سـەبارەت بە میراتی ئافرەت لە ئیسلامدا:

١ . تەنها لە چوار حاڵەتدا ئافرەت نیوەی پیـاو دەبـات لـە سـەرجەم مەسـەلەكانی میراتدا .

٢ . لە چەندین حاڵەتدا ئافرەت و پیاو بـە یەكـسانی مـیرات دەبـەن وەكـو پێـشتر باسمان كرد .

٣ . لـە دە ( ١٠ ) حاڵـەت یـان زیاتریـشدا ئافرەت لە پیاو زیاتر میرات وەردەگرێت .

٤ . چـەند حاڵـەتێكیش هـەن كـە تێیـدا ئـافرەت مـیرات دەبـات بـەڵام پیـاوانی هاوتـای وەكـو ( خوشـك و بـرا، نـەنك و باپیر) میرات نابەن .

## كۆتایی

پاش ئەم توێژینەوە كورتە بۆمان دەركەوت كە ئایینی ئیـسلام تـەواو و بـێ هەڵەیـە و لـە هـەر لایەنێكـەوە تۆمـەتی ئاراسـتە بكرێـت بـە هـۆی روونكردنـەوەی ئـەو لایەنـەوە كـاملی و بێخەوشـیەكەی زیاتر و زیاتر جێگیر ( اثبـات ) دەبێت و نەیارانی ئەم دینە حەقەش تەنها ریسوایی و روو رەشییان بۆ دەمینێتەوە .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

# گۆشەی فەتوا

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

ئامادەکردنی : م/ خلیل احمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای زانایان و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی بابەتی فیقه و حەدیس و ئەو شتانەی پەیوەندیان بەشەرعەوە هەیە لەئامێز دەگرێت، بەویستی خوای گەورە لە هەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بەنرخەدا ژمارەیەك فەتوا و وەڵامی بەسوودی زانایانی متمانە پێکراو و سەرچاوەی زانستیی متمانە پێکراو دەخەینە بەردەستی خوێنەران، ئەمەش وەڵامی چەند پرسیارێکە:

**پ ١ / ئایە حوکمی کڕین و فرۆشتنی (چەکی مادەی ١٤٠ چییە لە شەرعدا)؟**

وەڵام / خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا فَمَن جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِ فَانتَهَى فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ [سورة البقرة: ٢٧٥] .

واتە: خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە و سووی حەرام کردووە، جا ئەوەی ئامۆژگاری پەروەردگاری پێگەیشت و وازی هێنا ئەوەی دەست کەوتووە بۆ خۆی کاری لێپرسینەوەشی دەکەوێتە لای خوا، بەڵام ئەوەی دەست بکاتەوە بە سوو خۆریی ئا ئەوانە

جێنیشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تێدا دەبەنە سەر .

وە دەفەرموێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ﴾ [سورة البقرة: ٢٧٨-٢٧٩] .

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پارێزکار و خواناس بن و واز لە پاشماوەی سوو بهێنن ئەگەر ئیماندارن خۆ ئەگەر وا نەکەن ئەوە جەنگ لەگەڵ خوا و پێغەمبەرەکەیدا ﷺ ڕابگەیەنن، خۆ ئەگەر تەوبە بکەن و لە سوو خۆری واز بهێنن ئەوە تەنها سەرمایەکانتان بۆ هەیە وەریگرنەوە نە ستەم دەکەن لە قەرزارەکان نە ستەمتان لێدەکرێت .

وە جابری کوڕی عەبدوڵا فەرمویەتی: ((لعن رسول الله ﷺ آكل الربا وموكله وكاتبه وشاهديه، وقال: هم سواء)) رواه مسلم .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی کردووە لە سوو خۆر و سوودەر و نوسەرەکەی و هەردوو شایەتەکەشی، فەرموویەتی: ئەوانە هەموویان لە تاواندا وەك یەکن .

دوای ئەوە: (شیك) یان (سەك) یەکێکە لە جۆرەکانی کاغەزی بازرگانی (الأوراق التجارية) کە بریتین لە چەند بەڵگەنامەیەك کە پابەندبونیان تێدایە بە دانی بڕێك پارە کە بە پێی باو لە دوای کاتێکی کەم مافی دانەوەی هەیە .

## جۆرەکانی کاغەزی بازرگانی

یەکەم: (کۆمبیالا): بریتیە لە فەرمانێکی نووسراو بە پێی چەند باروودۆخێکی تایبەت – کە یاسا دیاریکردووە– کەسێك کە بە ڕاکێشەر حیساب دەکرێت ئاراستەی دەکات بۆ کەسێکی تر کە بەلێبراو ناو دەبرێت داوای ئەوەی لێدەکات کە بڕێك پارەی دیاریکراو لە بەروارێکی دیاریکراودا یان شیاوی دیاریکردن بێت بدات بە کەسی سێیەم (کەسی کەڵك وەرگرتوو / مستفيد) یان بە هەڵگری ئەو بەڵگەنامەیە (حاملِ) .

دووەم: (سەنەد): بریتیە لە پابەند بوون بە دانی بڕێك پارەی دیاریکراو لە بەروارێکی دیاریکراودا یان شیاوی دیاریکردن بێت بۆ بەرژەوەندی کەڵك

وەرگر (مستفيد) یان هەڵگر (حامل)ی سەنەد .

سێیەم: (شیك) یان (سەك): فەرمانێکە بە نوسین ئەو کەسەی پارەی لە بانك داناوە (ئەو کەسە چ تاك بێت یان کۆمپانیا یان حکومەت) واژوی دەکات و فەرمان بەو بانکە دەکات کە بڕێکی دیاریکراو لە کاتی داوا کردندا بدات بە کەسی سێیەم (مستفيد) یان بە خودی خاوەن پارەکە یان فەرمانی یان هەڵگر (حامل)ی ئەو (شیك) سەکە .

جا ئەم کاغەزە بازرگانیانە بە دەستەواژەی مامەڵەی سەردەم حیساب دەکرێن، وە مافی سامانی و نەقدی و قەرزی لە لابوون جێگیر دەکەن، وە چەندین تایبەتمەنییان هەیە لەوانە:

١ ـ ئەم کاغەزە بازرگانیانە بەڵگەنامەی قەرزن بە شێوازێکی کورت و پوخت نوسراوەتەوە .

٢ ـ فەرمان بە دانەوەی تێدا ڕەهایە و نەبەستراوە بە هیچ مەرجێکەوە .

٣ ـ بابەتیان بڕێکە لە پارە کە پێویستە بدرێت، ئێستا بێت یان دواتر .

٤ ـ دەتوانرێت بە ئاسانی جێگۆڕکێ و گواستنەوەی لە نێو خەڵکدا پێبکرێت .

## حوکمی دروست کردنی ئەم کاغەزانە و مامەڵە پێکردنیان

بە کورتی حوکمی دروست کردنی ئەو کاغەزانە ئەگەر سووی لە سەر بێت یان قازانجێکی بە مەرجگیراوی تێدا بێت ئەوا زۆربەی زانایان و توێژەرەوایان ئەسڵەن بە حەرامیان داناوە دروست بکرێن[1] .

جا مەگەر ئەوانەی تێدا نەبێت ئەو کاتە دەتوانین بڵێین:

پێشەکی دەبێ بزانین ئەم کاغەزانە لە حەقیقەتدا تەنها بریتین لە چەند پەڕە کاغەزێك چەند ژمارە و شتێکیان لە سەر نوسراوە، کۆمەڵە مافێکی سامانی و قەرز دەنوێنن و جێگیر دەکەن، جا حوکمی هەریەك لەمانە نازانرێت تاوەکو ئامانج لە دروستکردنیان نەزانرێت .

---

[1] بروانە ئەم سەرچاوانە: (في الشركات، شركة المساهمة، فقه الزكاة، حكم ودائع البنوك، الربا والمعاملات المصرفية، الإسلام ومشكلاتنا الحضارية، المعاملات المالية المعاصرة، أسواق الأوراق المالية والمصارف الإسلامية، بنوك تجارية بدون ربا، الأعمال المصرفية والإسلام) ... هتد .

سەنەد: ئامانج لە دروستکردنی بەڵگەنامەیەکە قەرزێکی دواخراو جێگیر دەکات، جا جێگیر کردن و پشت ئەستور کردنی قەرز داخوازییەکی شەرعییە و ئیسلام بانگەوازی بۆ کردووە، بەڵام وەك وتمان بانکی سوو خۆر (سوو / ریبا) وەردەگرێ لە سەر ئەم جۆرە بەڵگەنامانە، هەرچەندە دروستکردنی سەنەد لە خودی خۆیدا حەرام نییە و مەکروهیش نییە بەڵکو لە شەرعی ئیسلامدا خوازراوە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت .

٢ ـ کومبیالا: ئەگەر بە وردی دیراسەی کومبیالا بکەین وەك لە پێشەوە پێناسەمان کرد دەبینی شێوازێکە لە شێوازەکانی عەقدی حەواڵە کە شەرعزانان بە درێژی حوکمەکانیان ڕونکردووەتەوە، کە بە کورتی پێناسەکەی بریتییە لە (نقل الدَّين من ذِمَّةٍ إلى ذِمَّة)[٢].

واتە: گواستنەوەی قەرز لە گەردنی کەسێکەوە بۆ گەردنی کەسێکی تر.

وە بزانە لە حەواڵەدا سێ لایەن هەیە:

یەکەم: قەرزار . دووەم: قەرزدەر .

سێیەم: ئەو کەسەی قەرزەکە لە جیاتی قەرزار دەداتەوە .

ئایینی ئیسلامی پیرۆز ڕێگەی بە گواستنەوەی قەرز داوە، چونکە خەڵکی پێویستیان پێی دەبێت، بەڵگەش لە سەر ئەم کارە سوننەت و یەکدەنگی زانایانە، کەوابوو ئەگەر حەواڵەکە مەرجەکانی تێدا بوو وە (کومبیالا) بە شێوازێکی شەرعی نوسرایەوە ئەوا دروستە و کاری پێدەکرێت .

(شیك: سەك): وە لە پێشەوە پێناسەمان کرد فەرمانێکە بە بانك کە بڕێکی دیاریکراو پارە بدات بە کەسی سێیەم یان بە خودی خاوەن پارەکە یان هەڵگری (شیك)ەکە .

جا ئەگەر بە وردی دیراسەی ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیە و سەرجەم پێناسەکانی تری (شیك) بکەین کە لە کتێبە ئابوری و بازرگانییەکاندا تومارکراوە دەبینین شیك بریتییە لە حەواڵە و گواستنەوەی قەرز یان کردن بە وەکیلی بانك لە جیاتی

(٢) مغني المحتاج للشربيني، نهاية المحتاج للرملي .

خاوەنی پارەکە، جا لە ڕووی نوسینی شیك و بەکارهێنانی بۆ ئەو مەبەستانەی بۆی نوسراوە هیچ ڕێگرێك نییە لە شەرعدا و ئەمیش دەچێتە ژێر ئەحکامی حەواڵە یان وەکالەوە .

هەروەها ئەگەر فەرمانەکە لە لایەن خاوەنی پارەکەوە بوو بۆ خودی خۆی نەك کەسی سێیەم ئەوە پێی دەگوترێت گێڕانەوە (استرجاع) و ئەحکامی سپاردە (الوديعة) لە خۆ دەگرێت .

دوای ئەو پێشەکییانە ئەو کاغەزانەی بۆ ماددەی (١٤٠) نوسراون بریتین لە جۆری سێیەم واتە (شیك)ن، جا دوای لێکۆڵینەوەی نوسراوی سەر ئەو جۆرە کاغەزانە و دیراسەی شیك لە لایەن زانایانی پسپۆڕەوە[٣] دەرکەوتووە شیك یان حوکمی حەواڵە یان وەکالە یان سپاردە (وديعة) لە خۆ دەگرێت .

جا (شیك)ی تایبەت بە ماددەی (١٤٠) بێگومان سپاردە (وديعة) نییە چونکە لایەنی سێیەمی تێدایە کەوابوو حەواڵەیە یان وەکالە، هەر کام لەم دووانە بێت حوکمی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

## حوکمی کڕین و فرۆشتنی کاغەزە بازرگانییەکان

بنیات لە سەر ئەوەی هەموو ئەو کاغەزانە بە هەموو جۆرەکانیانەوە ئەوە دەگەیەنن و نوێنەرایەتی ئەوە دەکەن کە خاوەنیان (واتە: ئەو کەسەی بۆی نوسراوە) قەرزی لای دەرهێنەری ئەو کاغەزانەیە (شیك) یان (سەنەد) یان (کومبیالا)، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە گۆڕینەوەی دراو (العملة) بریتییە لە ئاڵوگۆڕی پارە بە پارە بە مەرجی دەست بە دەست بوون، جا لە کاتێکدا ئەو کاغەزانە دارو نین و نوێنەرایەتی قەرزێك دەکەن کەوابوو یەکێك لە مەرجەکانی ئاڵوگۆڕی دراو (العملة) لەو مامەڵەیەدا نوقسانە بۆیە باتڵ دەبێت، بەڵام جگە لە زێڕ و زیو و دراو مامەڵەی تری پێدەکرێت، چونکە (شت و مەك / السلعة) جگە لە زێڕ و زیو بە قەرز دەفرۆشرێت .

---

[٣] بڕوانە کتێبی: (الخدمات المصرفية) و (موسوعة القضايا الفقهية) و (الأسهم والسندات وأحكامها) و (قضايا فقهية معاصرة في المال والاقتصاد) وە چەندین کتێبی تر .

**ابن رجب لە كتێبی** (القواعد)**دا ئـەڵێ:**
(بيع الصكاك قبل قبضها وهي الديون الثابتة على الناس وتُسمَّى صِكاكاً لأنَّها تُكتَبُ في صِكاك وهي ما يُكتب فيهِ من الرَّقِّ ونحوهِ، فيُباع ما في الصَّك فإن كان الدَّينُ نقداً وبيعَ بنقدٍ لَـمْ يـجزْ بلا خِلاف لأنَّهُ صـرفٌ بنسيئةٍ)(٤).

**واتە: فرۆشتنی (سەك) پێش وەرگـرتنی لە كاتێكدا قەرزێكە سەلمێنراوە**

**لـە سـەر دەرهێنـەری، وە پـێی دەگوترێت** (صِكاك) **چونكە لـە** (صِكاك)**دا دەنوسرێت كە بریتییە لەو شـتانەی تێیـدا دەنوسرێت وەك پێست و شتی تر** * .

**جـا ئـەوەی تێیدایـە دەفرۆشـرێتەوە ئەگەر قەرزەكە دراو (نقد) بوو وە فرۆشرا بە دراو (نقد) دروست نییە بەبێ جیاوازی زانایان چونكە ئاڵوگۆڕە بە قەرز .**

**لـەم قـسانەی (ابـن رجـب) ئـەوەمان دەسدەكەوێت كە:**

**یەكـەم: ئـەوەی لـەو كاغەزانـەدا دەنوسرێتەوە قەرزن .**

(٤) القواعد: (١ / ٣٩٦) نقـلاً عـن كتـاب الأسـهم والسندات وأحكامها ص: (٣١٦) .

* ئێستا لە كاغەزدا دەنوسرێت .

**دووەم: گۆڕینەوە دراو بـە دراو** (بَيْعُ نقدٍ بنقدٍ) **ئەبێ دەست بە دەست بێ.**

**وە پرسیار كراوە لە شێخ** (محمـد بـن صالح العثيمين) **ڕەحمـەتی خـوای لـێبێت:**
(ما حكم التعامل بالشيكات في بيع الذهب إذا كانت مستحقة وقت البيـع حيـث إنَّ بعض أصحاب الذهب يتعامل بالـشيكات خشية على نفسهِ ودراهمهِ أنْ تُسرق منه ؟

فأجاب: **لا يـجوز التعامل بالشيكات في بيع الـذهب أوالفـضة، وذلـك لأنَّ الشيكات ليست قبضاً، وإنَّما هي وثيقـة حوالةٍ فقط بدليل أنَّ الذي أخد الشيك لو ضاعَ منه لَرجع على الذي أعطاهُ إيَّاهُ، ولو كان قبضاً لـمْ يرجع عليهِ**، وبيانُ ذلك أنَّ الرجلَ لو اشترى ذهباً بدراهم واستلم البائع الدراهم فضاعت منه لـمْ يرجـع علـى الـمشتري، ولو أنهُ أخد من الـمـشتري بالثمن، **وهذا دليلٌ على أنَّ الشيك لـيس بقبضٍ، وإذا لـمْ يكن قبضاً لـم يـصح البيع**، لأنَّ النبي ﷺ أمر ببيع الذهب بالفضة أنْ يكون يداً بيدٍ إلاَّ إذا كان الشيكُ مصدَّقاً من قبل البنك واتصل البائع بالبنك وقـال:

ابقِ الدراهم عندك وديعةً لـي فهـذا قـد يُرخص فيه)[٥].

واتە: حوكمی مامەڵە كردن بە چەكی دراو لە فرۆشتنی زێڕدا چیيە؟ ئەگەر ئەو چەكە مافی وەرگرتنی هەبێت لە كاتی ئەو فرۆشتنەدا چونكە هەندێ لە زەڕەنگەرەكان كار بە چەكی دراو دەكەن، لە خۆی و پارەكەی دەترسێ كە لێی بدزرێت؟

ئەویش وەڵامی داوەتەوە:

دروست نییە لە فرۆشتنی زێڕ یان زیودا مامەڵە بە چەكی دراو بكرێت چونكە چەكی دراو حیسابی وەرگیراوی بۆ ناكرێت، بەڵكو تەنها بەڵگەنامەی حەواڵەيە و بەس، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو كەسەی ئەو چەكەيە وەردەگرێت ئەگەر لێی ونببێت دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو كەسەی پێیداوە، جا ئەگەر شتێكی وەرگیراو بێت ناگەڕێتەوە بۆ سەری، ڕونكردنەوەشی ئەوەيە ئەگەر پیاو زێڕی كڕی بە چەند دیرهەمێك و فرۆشیارەكە ئەو دیرهەمانەی وەرگرت و دوای ئەوە لێی ونبوو ناگەڕێتەوە بۆ سەر كەسی كڕیار، ئەمە بەڵگەيە لە سەر ئەوەی (شيك) وەرگیراو نییە، جا ئەگەر وەرگیراو و لەدەستدا نەبوو ئەوە ئەو فرۆشتنە دروست نییە، چونكە پێغەمبەری خوا ρ فەرمانی كردووە فرۆشتنی زێڕ بە زیو ئەبێ دەست بە دەست بێ، مەگەر ئەو چەكەيە پەسەند و قەبوڵكراوبێت لە لايەن بانكەوە ئەنجا فرۆشیاری زێڕەكە پەيوەندی بكات بە بانكەوە و بڵێت ئەو دیرهەمانەی لەو چەكەدا هاتووە وەك (سپاردە / وديعة) لای خۆت بهێڵەوە، ئەمە لەوانەيە روخسەتی پێبدرێت .

دەبینی ئەم زانایەش كە كەسایەتیەكی ناسراو و یەكێك بوو لە پێشەوایان لەم سەردەمەدا ئەڵێ: ئەم چەكە تەنها بەڵگەنامەی حەواڵەيە .

وە پرسیار كراوە لە شێخ (ابن باز و عبد الرزاق عفيفي و عبد الله غديان) ڕەحمەتی خوايان لێبێت: (هل بيع الشيكات أو الكومبيالات حلال ولو كان بالـخسارة أي أقل من الثمن الـمكتوب؟

---

[٥] فتاوى البيوع في الإسلام ص: (٧٧) .

الـجواب / بيع الشيكات على الكيفية الـمذكورة لا يـجوز لـما فيهِ من ربـا النسأ وربا الفضل)[٦].

**واته: ئايا فرۆشتنی شیك و كومبیالا دروسته ئەگەر بێت و بە زەرەر بیفرۆشێت واته: بەكەمتر لەو بەهایەی كە تۆمار كراوە لە چەكەكەدا ؟**

**وەڵام: فرۆشتنی شیك بەو شێوەیەی لە پرسارەكەدا هاتووە دروست نییە لەبەر ئەوەی هەر دوو جۆری سووی دواخستن و زیادەی تێدایە .**

**وە لە وەڵامی پرسیارێكی تردا زانایان** (ابن باز، عبد العزيز آل الشيخ، عبد الله غديان، صالح الفوزان، بكر أبـو زيـد) **دەفەرموون:** (لا يـجوز بيع وشراء سندات النقود الـحالة والـمؤجلة **بأقل مِمَّا فيها** أو أكثر مِمَّا فيها **لأنَّ ذلك يُعتبر من صريح الربا، وقد اجتمع في هذه الـمعاملة ربا الفضل وربا النسيئة وكلاهما مُحرَّم** بالنص)[٧].

**وە پرسیار كراوە لە زانای گەورە و فەرمووەناسی سەردەم شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت:** (هل يـجوز بيع الصك إلى إنسانٍ آخر غير صاحب الصك؟

**لە وەڵامدا فەرمووی:** طبعـاً هـذا لا يـجوز إطلاقاً لأنَّ هذا ربا، لا يـجوز أنْ يُباع السند الذي قيمتهُ ألف بتسعمائة مـثلاً لأنَّ هذا شراء النقد بأقل من قيمتهِ، وهذا هو عينُ الرِّبا، ولكن الذي يـجوز: يـجوز لصاحب الـحق (مالك الصك) أنْ يتنـازل عن حقهِ عند الـمدين، أمَّا بطريـق البيـع والشراء بأقل فهذا لا يـجوز ...)[٨].

**بە كورتی واتە: كڕین و فرۆشتنی چەك دروست نییە چونكە ریبایە .**

**وە پرسیار كراوە لە شێخ** (صالح الفوزان) **خوا بیپارێزێت:** (أردت شراء عملة أجنبية أو ذهب وحسبت القيمة بالـدولار ودفعت السعر بالريال السعودي ثم أعطـاني البنك مقابل العملة شيكًا بالعملة التي اتفقت على شرائها مع البنك، هل هذا جائز أم لا ؟

**لە وەڵامدا فەرمووی:** بيع العملة بالعملـة يسمى صرفًا، إن اتحد الجنس بين العملـتين

---

[٦] فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء: (١٣ / ٣٣٣) .

[٧] فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء: (١٣ / ٣٣٥) .

[٨] أشرطة سلسلة الـهُدى والنور، الشريط رقم: (٢٦١ / ٥) .

اشـترط الحلـول والتقـابض في المجلـس والتساوي في المقدار، وإن اختلف الجنس بين العملتين جاز التفاضل ووجب التقـابض في المجلس بأن يسلم العملة ويستلم العملـة لا بديلة عنها في المجلس، **والـشيك لا يعتـبر قبضًا وإنما هو سند فقط، لو ضاع أو تلف رجع على من أعطاه إياه يطالب بحقه ولـو كان قبضًا ما ساغ له الرجوع لأنه قـبض حقه**، والحل الصحيح أن يقبـضه العملـة البديلة ويحولها إلى البلد الذي يريد)[9].

**کەواتـە کـڕین و فرۆشـتنی چـەکی ماددەی (١٤٠) بـە پـارە چ بـە دۆلار بێت یان بە دینار بە کەمتر یان بە زیاتر یان بە بەرامبـەر بێـت حەرامـە و بـەڵکو سـوو خـواردنی تێدایـە پـەنا بـە خـوا لـە ڕزقـی حەرام !**

**لە کۆتاییدا داوام وایە لـە موسـڵمانان ئەوانەی ئاڵوگۆڕی دراو دەکـەن (الصیارفة) وەك چارەسەرێك بۆ خـۆ لادان لـەم کـارە حەرامە بۆ خۆیان و موسـڵمانانیش ئەگـەر لــە توانایانــدا هەیــە بــە بەرامبــەرێکی (مەشـروع و مــەعروف و مــەعقول) ئـەو چەکانە وەرگرن بە بێ کڕین ئـەنجا بۆیـان بگۆڕنەوە لە بانك پاشـان لـە حـەقی ئـەم کـارە کـرێ (عمولـە) لـە خـاوەنی ئـەو چەکانە وەرگـرن (إنْ شـاء الله) ڕزگارمـان دەبێت لەو کارە حەرامە .**

وصلى الله على محمد وعلى آلهِ وصحبهِ وسلَّم أجمعين[10].

**پ ٢ / هەندی خەڵک هـەن مامەڵـە بـە ڕیبـا دەکـەن وە ( ڕیبـا )ش دەخەنـە نێـو قاعیـدەی ( الضرورات تبیح المحظـورات) ئایـا حـوکمی چـییە کەسـێک قـەرزار بێـت لەکاتێکدا یان ئەبێ بیداتەوە یان دەدرێتە دادگـا لەبـەر قـەرزاری ئـەو کەسـەش ناچار کاری ڕیبا دەکات ؟**

**وەڵام / دروس نییە مامەڵە کـردن بە ڕیبا بە هیچ شێوەیەك[11].**

---

[9] الـمنتقى من فتاوى الشيخ الفوزان الفتـوى رقـم: (٣١٦) .

[10] بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە ڕاستەخۆ سـوودم لـەم سەرچاوانەوە وەرگرتووە:

١ ـــ فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء .

٢ ـــ فتاوى البيوع في الإسلام .

٣ ـــ الأسهم والسندات وأحكامها .

٤ ـــ الـخدمات الـمصرفية وموقـف الـشريعة الإسلامية منها للدكتور صلاح الدين عنـزي .

٥ ـــ بحوث فقهيـة في قـضايا اقتـصادية معاصـرة لـمجموعة من الدكاترة الباحثين.

٦ ـــ قضايا فقهية معاصرة في الـمال والاقتصاد للدكتور نزير حماد .

**پ ٣ / حوكمی شەرع چی یە دەربارەی نوسینی ئەوەی كە دوكاندارەكان دەینوسن لە وەسڵەكانیان (فرۆشراو وەرناگیرێتەوە و ناگۆردرێتەوە) وە ئایا ئەم مەرجە لەشەرعدا دروستە وە ئامۆژگاری بەرێزتان چییە لەسەر ئەم مەسەلەیە ؟**

وەڵام / فرۆشتنی شتومەك بەمەرجی وەرنەگرتنەوە و نەگورینەوە دروست نییە، چونكە مەرجێكی دروست نییە لەبەر ئەوەی زیان و چاوبەستی تیادایە وە لەبەر ئەوەی مەبەستی فرۆشیار بەم مەرجە ناچاركردنی كریارە بە قەبوڵكردنی شمەكەكە ئەگەر عەیبداریش بێت ! ئەم مەرجە وای لێ ناكات كە چاو پۆشی بكرێت لە عەیبەكانی كە تێدایەتی، چونكە ئەگەر عەیبدار بێت كریار دەتوانێت بیگۆرێتەوە بەشتێكی بێ عەیب یان قیمەتی ئەو عەیبە وەرگرێتەوە لە فرۆشیارەكە، چونكە بەهای تەواو لەبەرامبەر شمەكی بێ عەیبە لە كاتێكدا فرۆشیار بەهای تەواو ببات وە شتەكەش عەیبدار بێت ئەوە بردنێكی ناحەقە لەبەر ئەوەی شەرع مەرجی عورفی وەك مەرجی بە زمان داناوە، ئەوەش لەبەر سەلامەت بردن هەر عەیبێك بۆ ئەوەی هەر كاتێك هەبوو بۆی هەبێت بیگێرێتەوە[١٢].

**پ ٤ / حوكمی گوێگرتن بۆ ڕادیۆ چییە ؟**

وەڵام / حوكمی گوێگرتن دەگۆڕێت بە گۆڕانی ئەوەی گوێی بۆ ڕادەگریت ئەگەر (حرام) بوو وەك گۆرانی وئامێرەكانی مۆسیقا ئەوە دروس نییە ونابێت گوێی بۆ ڕاگریت، وە دروستیش نییە هۆكار بیت بۆ كەسێك كە بیەوێت بیخاتە سەر ئەو شتانە، بەڵام بۆ بیستنی هەواڵەكان و وتارە دروستەكان ئەمانە دروستن، بەتایبەت بیستنی ووتارە زانستییەكان وخویندنی قورئان ئەمانە قەیدی نییە ئەگەر كەسێك گوێی بۆ بگرێت هەر چەندە ئەمانە مەژغوڵی دەكەن لەچەندەها كاری بەسود وە مەترسی ئەوەشی هەیە پلەپلە لە

---

(١١) فتاوى اللجنة الدائمة: (١٣ / ٢٩٤ )، ژمارەی فەتوا: (٩٢٧٥) .

(١٢) فتاوى اللجنة الدائمة: (١٣ / ١٩٨) ژمارەی فەتوا: (١٣٧٨٨) .

حەڵاڵەوە گوێ ڕاگرێت بۆ حەرام وشتی نادروستیش، کەوابوو پێویستە ئینسان وریا بێت وپارێزگاری خۆی بکات لەو شتانەی زیانبەخشن وە چەندین شتی خراپ وبێ کەڵك بەهۆیەوە بڵاوبوەتەوە . داواکارین لە خوای گەورە سەلامەتمان بکات لەوەی خۆی پێی ناخۆشە وە سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان[١٣] .

**پ ٥ / ئایا ڕێژەی دیاری کراو هەیە لە قازانجی بازرگانی یان قازانج سنوری بۆ دیاری نەکراوە ؟ وەڵاممان دەوێت لەگەڵ باسکردنی بەڵگە وە هەموو ئەو باجانەشتان لەبیر نەچێت کە ساڵانە بازرگان دەیدات .**

وەڵام / دروستە هەر کەسێك شتێکی کڕی بۆ خۆی یان بۆ بازرگانی بیفرۆشێتەوە بە زیاتر لە بەهاکەی خۆی حازر یان بە قەرز، وە هیچ سنورێك نازانین دانرابێت لە قازانج خستنەسەر، بەڵام ئاسانکاری کردن پێویستە لەنێوان خەڵکدا لەبەر ئەو بەڵگانەی کە هاندەرن بۆی، مەگەر شتانێك نرخی دیاری کراو بێت لەشاردا ئەو کاتە بۆ موسڵمان نابێت بیفرۆشێتەوە بە نەزانێك بەزیاتر لەو نرخەی کە هەیە مەگەر لەو نرخە ئاگاداری کاتەوە، چونکە ئەگەر وا نەکات ئەوە جۆرێك لە خەڵەتاندنی تیادایە لە کاتێکدا موسڵمانیش برای موسڵمانە و ستەمی لێ ناکات وفێڵی لێ ناکات وخیانەتی لێ ناکات، بەڵکو لەهەر کۆیدا هەبێت نەسیحەتی دەکات . پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: " الدين النصيحة " (رواه مسلم في صحيحه).

واتە: ئایین تەنها ئامۆژگاریە .

وە لە ( الصحيحين ) دا لە (جرير)ی کوڕی ( عبدالله اليماني )رضي الله عنه فەرموویەتی: " بايعت النبي ﷺ على إقام الصلاة وإيتاء الزكاة والنصح لكل مسلم".

واتە: بەیعەتم دا بە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەر ئەوەی کە نوێژەکان ئەنجام بدەم، و زەکاتی ماڵ و سامانم بدەم، و ئامۆژگاری هەموو موسڵمانێك بکەم .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلة وصحبة وسلم.

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

---

[١٣] وەڵامی شێخ ناصر السعدي، کتێبی (الفتاوى السعدية) لاپەڕە: (٥٧٨) .

# شێخی ئەلبانی
# خزمەتکاری سوننەت

م: صلاح الدين عبدالكريم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

تەماشای ئەو ڕووداوانەمان کرد کە ڕووی تێ کردووە لە ژیانیدا لەکاتی سەرقاڵ بوونی بۆ بانگەواز کردن بۆ ڕێگای سەلەف بینیمان وێنەیەکە نزیکە دووبارە بێت لەو ڕووداوانەی کە هاتۆتە ڕێی کاروانی پێشینە چاکەکان لە ئەهلی حەدیس و فەرموودەناسان.

ویستمان وەسفی جیهادو بەرگری کردنی لە سوننەت و تێکۆشانی لە پێناوی سوننەتداو دوورکەوتنەوەی لە سەرقاڵیەکانی دونیادا بکەین، بەلاّم پێنوسەکان ووشك بوون و ووشەکان دەستەوەستان بوون و دەستەواژەکانیش ڕاوەستان، وە هیچ شتێکی ترمان نییە تەنها ئەوەندە نەبێت بڵێین: (إنا لله وإنا إليه راجعون) وە ئێمە بە کۆچ کردنی تۆ ئەی زانای فەرمودەناس(شێخی ئەلبانی) دڵ تەنگو خەفەت بارین.

خۆشەویستانمان..... لێرەدا مەبەستمان گرنگی دان نییە بە ژیانی ئەم کەڵە پیاوەو گشتێتی ژیانی، چونکە بۆ ئەم مەبەستە چەندەها دانراوی گەورە بەشی ناکات، بەڵکو بۆ ئەوەی هەوڵو کۆشش دروست بکات لە نەفسەکاندا لەسەر وازهێنان لە دانیشتن و گەیشتن بە کاروانی پێشەوایانی گەورە.

## ژیان و سەرگوزشتەی:

ناوی ناصرالدين کوڕی نوح کوڕی نەجاتی ئەلبانییە، خۆی ناوی محمدی بۆ زیاد کردووە، چونکە ناصرالدين ناوی پاك کردنەوەو پێدا هەڵدانی تێدایە، لە شاری(اشقودرة) لە ئەلبانيا لە ساڵی ١٣٣٢ك بەرامبەر ١٩١٤ز لە دایك بووە.

خۆیو خێزانەکەی لە ئەلبانیا کۆچیان کرد ئەو کاتە تەمەنی نۆ ساڵ بوو، وە لە دیمەشقی پایتەختی سوریا نیشتەجێ بوو، پاشان گواستێوە لە نێوان بەیروتو ئیماراتو مەدینەی منەوەرەوە هەتا نیشتەجێ بوو لە عەممانی پایتەخی ئوردن هەتا تێیدا کۆچی دوای کرد.

گەڕانی بەدوای زانستی شەرعیدا:

واز لە شێخ دێنین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە خۆی سەرەتای ژیانی گەڕانی بەدوای زانستی شەرعیدا بۆمان بگێڕێتەوە.

شێخ دەفەرمێت: یەکەم جار ئەو کتێبە عەرەبیانەی کە سەرقاڵی خوێندنەوەیان بووم بریتی بوو لە چیرۆکە عەرەبییەکان وەکو: زاهیرو عەنتەرەو پاشا سەیفو ئەم جۆرانە.... پاشان چیرۆکە پۆلیسیە وەرگێڕاوەکان وەکو: ئارسین لوبین وجگە لەم، پاشان بەرەو شتی مێژوویی ڕۆیشتم، ڕۆژێکیان لەناو یەکێك لەو کتابە دانراوانە لای فرۆشیارەکانی بەشێکی گۆڤاری(المنار)م بینی و کڕیم، وە چاوم کەوت بە لێکۆڵینەوەیەك بە پێنوسی مامۆستا (رشید رضا) کە وەسفی پەرتوکی(الأحياء)ی ئیمامی غەزالی دەکات، وە ئاماژە بۆ چاکەکانیو ڕەخنە لێگیراوەکانی دەکات، وە منیش یەکەم جار بوو ڕووبەڕووی وەکو ئەم ڕەخنە زانیارییە ببمەوە ئەمیش ڕامی کێشا بۆ خوێندنەوەی هەموو بەشەکە، پاشان ڕۆیشتم سەرەنجی بابەتی(الأحياء)م داو شوێنی کەوتم لەناو کتابەکە خۆی (الأحياء) وە لەو چاپەی کە خۆی(الحافظ العراقي) تەخریجی کردووە وە خۆم بینیەوە هەوڵم دەدا بۆ ئەوەی بە کرێ وەری بگرم، چونکە پارەی نرخەکەیم نەبوو تا بیکڕم، پاشان ڕووم کردە خوێندنەوەی کتابەکە وە ئەو تەخریجە ووردە ئارەزووی ڕاکێشام هەتا لەبەریم گرتەوە یان کورتم کردەوە، بەم شێوەیە کۆششم کردو هەوڵم دا تاوەکو ڕێگایەکی باشم بۆ دامەزرا کە یارمەتی دام بۆ جێگیر کردنی ئەو زانیاریانە، وە وادەبینم کە ئەم هەوڵ وکۆششەی کە کردم بۆ ئەم خوێندنەوەیە هانمی داو بەردەوامی لەو ڕێگایەدا لەلا خۆشەویست کردم، چونکە خۆم دەبینییەوە پشتم دەبەست بە جۆرەها دانراوی زمانەوانیو ڕەوانبێژیو

دەرخستنی فەرموودەی نادیار بۆ تێگەیشتن لە دەقەكەی لەگەڵ تەخریج كردنەكەی، وە بەرهەمی ئەو لەبەر گرتنەوەو كورت كردنەوەیە چوار بەش بوو لە سێ بەرگدا كە ژمارەی لاپەڕەكانی دەگەیشتە دوو هەزارو دوانزە(٢٠١٢) لاپەڕە لە دوو جۆری جیاوازدا لەخەتدا: یەكێكیان: خەتێكی ئاسایی و ئەوەی تریان خەتێكی وردكار كە زیادەی نوسیبوو لە خوارەوەی تەفسیر یاخود هەستی بە شتێك بكردایە، وە شتێكی تریش زیادو كەم لەگەڵ ئەمەدا ئەویش ئەوەیە كە شێخ لەو كاتەدا بیستساڵی لە تەمەن تەواو نەكرد بوو.

### دوو بەخشش و دوو چاكە:

دەربارەی ئەم ئاماژانە شێخ دەفەرمێت: (بەخششەكانی خوای گەورە زۆرە لەسەرم كە ناتوانم بیانژمێرم، بەڵام لەوانەیە لە هەموویان گرنگتر دوویان بێت: كۆچ كردنی باوكم بۆ شام پاشان فێربوونم بۆ ئیشەكەی خۆی سەعات چاككردن) .

یەكەمیان: فێربوونی زمانی عەرەبی بۆ ئاسان كردم كە ئەگەر لە ئەلبانیا بمابنایەتەوە چاوەڕوانم ناكرد كە یەك پیتی عەرەبی فێربم، وە هیچ ڕێگایەك نییە بۆ تێگەیشتن لە قورئانی خوای گەورەو فەرموودەكانی پێغەمبەر ﷺ جگە لە ڕێگای زمانی عەرەبی.

وە دووەمیان: كاتێكی بەتاڵی بۆ دەهێشتمەوە كە بەگەڕان بە دوای زانستی شەرعی پڕم دەكردەوە، وە هەلی بۆم ڕەخساند بۆ بەردەوام چونم بۆ كتێبخانەی(الظاهرية)، جگە لەوەیش چەند كاتژمێرێك لە هەموو ڕۆژێكدا، وە ئەگەر من بەردەوام بوومایە لە پیشەی بازرگانی كەوا یەكەمجار هەوڵم دەدا خۆم ڕابهێنم لەسەری ئەوا هەموو كاتەكەم لەوێ بەسەر دەبردو ڕێگای زانیاریم لەسەر خۆم دادەخست كە دەبێت ئەوەی بە دوایدا بگەڕێت خۆی بۆ یەكلا بكاتەوە.

### بەهێزی لەگەڕان بە دوای زانستی شەرعیدا:

لێرەدا دوو ڕووداو باس دەكەین.

یەكەمیان: توشی چاوئێشە بوو لە ڕۆژگارەكانی سەرەتایدا لەشام، وە پزیشك داوای لێكرد كە مانگێك بمێنێتەوە ئیشی سەعات چاككردن نەكاتو هیچیش

نەخوێنێتەوە، چەند ڕۆژێك مایەوە پاشان تووشی بێزاری بوو داوای لە یەكێك لە برایانی كرد كە لە پەرتوكخانەی(الظاهرية) لە دیمەشق پەرتوكی(ذم الملاهي)(ابــن ابي الدنيا) بۆ كۆپی بكات، ئەویش بۆی كۆپی كرد هەتا گەیشتە شوێنێك كە پەڕەیەكی لێ بزر ببوو كە مانای قسەكەی دەبچڕاند، كاتێك ئەم هەواڵەی بە شێخ گەیاند داوای لێكرد كە بەردەوام بێت لە كۆپی كردنی پەرتوكەكە وەكاتێك كە هەمووی بۆ كۆپی كردو ماوەی چارەسەر كردنەكەیش تەواو بوو شێخ خۆی ڕۆیشت بەدوای ئەو پەڕە فــەوتاوە دەگــەڕا لــە پەڕتوكخانـــەی (الظاهريـــة)، بەردەام شێخ بەدوای ئەو پـــەڕە فـــەوتاوەدا دەگـــەڕا بـــەڵام نەیدۆزیـەوە، بـەڵام لـەو كاتـەدا ئـەو فەرموودانەی دەنوسییەوە كە ڕادەوەستا لەسەری و پێی دەگەیشت تـا زیاتر لـە چـــل(٤٠) بـــەرگی بەدەســـتی خـــۆی نوسییەوە، وە لەم كاتەدا ژمارەی دەست نووسەكان دە هەزار(١٠٠٠٠) دەست نووس بوو.

دووەمیان: هەوڵو كۆشش و بەهێزی لای شـێخ گەیـشتە ڕادەیـەك كـە خـواردنو خواردنەوەی لە بیر دەكرد، وە دەهات بۆ پەرتوكخانــەی(الظاهريـــــة) لــە پــێش فەرمانبــەرانی وە دەردەچـوو لـە پـاش ئەوان، وە كەسو كاری خواردنی بەیانیان بۆ دەهێنا ئەو سەرقاڵی خوێندنـەوە بـوو، بەم شێوەیە دەمایەوە تا كاتی خـواردنی نیـــوەڕۆ، پاشـــان خـــواردنی بـــەیانیان دەبـــردەوەو خـــواردنی نیوەڕۆیـــان بـــۆ دەهێنـــا بـــەم شـــێوەیە تـــا خـــواردنی ئێوارەیان بۆ دەهێنا( بە بێ ئـەوەی لـە هیچیان بخوات)، وە ئەگەر لە لێكۆڵینەوە ماندوو ببوایەو نەیتوانیایە دەستی دەكرد بـە خوێندنـەوە، وە ئەگـەر نەیتوانیایـە بخوێنێتەوە ئەوا بۆیان دەخوێنـدەوە، وە هەر كەسێك ئەگەر هەوڵو كۆششی شێخو گورجو گۆڵیو زیرەكی ببینیایە لە پێش نەخۆشـــیەكـــەو دوای نەخۆشـــیەكـــە جیـاوازی نـەدەكرد لـە سـەرەتای ژیـانیو كۆتایی.

## گەڕانەوەی بۆ حەق:

وە گەڕانەوەی بۆ حـەق شـتێكی زانـراوە لــە شــێخەوە وە بەمــە ناســرا بــوو، وە چەندەها فەرموودە هەیـە كـە تەصـحیحی كردووەو بەهۆی ئەمەوە بـڵاو بۆتـەوە لـە

هـەموو شـوێنێكدا، وە كـاتێكیش بـۆی دەركـەوتووە كـە لاوازە لـە هەنـدێك لـە قوتابیانییـەوە لێـی گەڕاوەتـەوە بـە انـصافەوە، نمونـەی ئەمـە فـەرموودەی دوعای چوونە ناو ماڵەوە:

(اللهم إني أسالك خير المولج وخير المخرج) كـە تەصـحیحی كـردووە پاشـان لێـی گەڕاوەتەوە.

## بەگەورە زانینی بۆ بیرو باوەڕی سەلەف و بەرنامەكەیان:

شـێخ (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) ڕێگایـەكی زۆری گرتۆتـە بـەر بـۆ ڕوون كردنەوەی بیروباوەڕی پێشینە چاكەكان وبەرگری كردن لێی، ئـەوە بـوو (مختـصر العلـو)ی ئیمامی(الـذهبي) بـۆ خـەڵكی تەخریج كردوو لەناویشیدا ئەو پێشەكی‌یە بەسودەی بۆ نووسی لە ڕوونكردنـەوەی بیروباروەڕی پێشینەكانی ئـەم ئوممەتـەو ڕوونكردنـەوەی لـە ڕێـی دەرچـوونی دوژمنانیان‌و گومڕاییان، وە پەرتووكەكەی (تحذير الساجد من اتخاذ القبور مـساجد)ی دەركـرد كـە ئاگـاداری زۆر لـە كـردەوەی هاوبەش بڕیاردەرانی كـردووە كـە هاتۆتـە ناو موسڵمانان لـە دروست كردنـی خـانوو لەسـەر گـۆڕو پاڕانـەوە لـە پیـاو چـاكان‌و مـردووان‌و قوربـانی كـردن ونـەزر كـردن لەسەریان.

وە دەربـارەی بەرنامـەی سـەلەف و تێگەیشتنیان بۆ قورئـان‌و سـوننەت شـێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە گـەورەترین كـەس بـوو بـۆ دەسـت گـرتن پێـوەی و بانگـەواز كـردن بـۆی لـە پـەرتووك‌و كاسـێتەكانی، وە ئـەم ئایەتـەی قورئـانی پیرۆزی كرد بوو بـە دروشـم بۆ خـۆی كـە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَـهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَـا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءتْ مَصِيرًا﴾ [النساء: ١١٥].

واتـە: هەركەسـێك سەرپێـچی فـەرمانی پێغەمبەر ﷺ بكات‌و دژایەتی بكات پـاش ئـەوەی كـە دینـی بـۆ ڕوون‌و ئاشـكرا بۆتـەوەو شـوێنی ڕێگـای جگـە لـە بـاوەڕداران (سـلف) بكـەوێت، ئـەوا دەیگەیـەنین بـە كـافران‌و گومڕایـان‌و دەیكەینـە دۆزەخـەوەو سـزای سـەختی دەدەیـن كـە دۆزەخـیش خـراپترین سەرەنجامە كە خەڵكی بۆی بڕوات.

### پەرتووكەو دانراوەكانی:

زۆرن‌و بەسوودن سوپاس بۆ خوای گەورە، نەزانراوە شتێكی دووبارەی هەبێت یاخود لێكۆڵەرو توێژەر بتوانێت واز لەو زانیاریانەی ناو پەرتوكەكانی بهێنێت، وە ژمارەی ئەو پەرتووكانەی كە چاپ كراون نزیكەی چل(٤٠) پەرتووكە لە نێوان تحقیق‌و دانراودا، وە بەناوبانگترین پەرتووكەكانی (سلسلة الأحاديث الصحيحة وسلسلة الأحاديث الضعيفة).

* وە زیاتر لەدوو سەد(٢٢٠) پەرتوكی لە دوای خۆی جێ هێشتووە كە تەنها(معجم الحديث النبوي) چل(٤٠) بەرگە، وە(مجموع فتاوى الشيخ الألباني ومحاضراته) كە نزیكەی سی(٣٠) بەرگە.

### چالاكی لە بانگەواز كردن‌و سەردانی:

شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) تەنها بە بانگەواز كردن‌و نوسینەوە ڕانەدەوەستا بەڵكو دەرچوون بۆ لای خەڵك‌و بانگەواز كردنیان‌و سەردانی كردنیان لە وڵات‌و شارو گوندەكانیان زیادی كرد، لە كاتێدا لە شام بوو دەچوو بۆ حەلەب‌و حەمات‌و ادلب‌و جگە لەمانە، شێخ هەموو هەفتەیەك دەچوو بۆ لایان بە پاسكیل كە ماوەی نێوان دیمەشق بۆ لای ئەوان چل‌و پێنج(٤٥) كیلۆمەتر بوو.

وە شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆ بانگەواز كردن بۆ لای خوای گەورە چووە بۆ ئیسپانیاو ئەڵمانیا وبەریتانیا ومیسر ومەغریب كۆیت‌و ئیمارات‌و قەتەرو هەموو ناوچەكانی سعودیە گەڕاوە، وە لە ئوردونیشدا بە هەمان شێوە بوو، وەسێ ساڵ لە الجامعة الإسلامية بالمدينة المنورة دەرسی وتۆتەوە، وە هەڵبژێردراوە بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەو زانكۆیە، وەلە ساڵی ١٤١٩ك/ ١٩٩٩ز خەڵاتی مەلیك فەیصەڵی جیهانی بۆ توێژینەوەی ئیسلامی پێ دراوە وەكو ڕێزلێنانێك لە كۆششەكانی لە خزمەت كردنی فەرموودە وسوننەت.

### پێ ناخۆش بوونی بۆ مەدح كردنی:

شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پێی خۆش نەبوو كەس مەدحی بكات بە تایبەتی بەرەو ڕووی خۆی، وە هەموو كتابەكانی لە پێش ناوی خۆیدا شێخی پێوە نیە، جارێكیان(ابراهيم شقرة) لە پێش چاوی خۆی مەدحی كرد دەستی

کرد بە گریان، وە جارێکی تر یەکێکی تر مەدحی کرد دەستی کرد بە گریانو قەدەغەی کرد مەدحی بکات، وە جارێکیان چەند برایەك لە بەنگلادش لە ئەهلی حەدیث هاتن بۆ لایو ووتیان ژمارەمان نزیکەی چوار ملیۆنەو پێمان خۆشە شێخ سەردانمان بکاتو یاریگەیەکمان ئامادە کردووە جێگای زۆرێکمان دەبێتەوە بۆ گەیشتن پێیو گوێ گرتن لێی، بەڵام شیخ بانگ کردنەکە ڕەت کردەوە!! پێیان ووت: شێخ تەنها یەك هەفتەیەکە، دیسان ڕەتی کردەوە، پاشان ماوەکەیان کەم کردەوە بۆ سێ ڕۆژ، دیسان ڕەتی کردەوە، پاشان کەمیان کردەوە بۆ یەك ڕۆژ، دیسان شێخ ڕەتی کردەوە، پاشان لە کۆتاییدا ووتیان: شێخ تەنها یەك ووتارمان بۆ بدەو پاشان هەر بەو فڕۆکەیەی کە پێی دێیت هەر بەهەمان فڕۆکە بگەڕێرەوە، دیسان شێخ ڕەتی کردەوە، ئەوانیش ڕۆیشتنو زۆر سەیریان هات لە ڕەتکردنەوەی شێخ، پاشان پرسیار کرا لە شێخ هۆی ڕەت کردنەوەت چی بوو؟! وەڵامی دایەوەو فەرمووی: ئایا گوێت لێ نەبوو چی ووت؟ ئایا گوێت لێ نەبوو ووتی: چوار ملیۆنن؟ بیخەرە پێش چاوی خۆت من ووتار بۆ ئەم ژمارەیە بدەم ئایا ئەمین بم لە نەفسی خۆم کە تووشی ڕیا نابم؟!!).

وە ئەمە وانەیەکی زۆر گەورە بوو لە شێخەوە بۆ قوتابیانیو بۆ هەموو خەڵکی لە خۆ دوورخستنەوە لەو شوێنانەی کە مرۆڤ بە هیلاك دەبەن.

### گریانی:

شیخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دڵی ناسك بوو، فرمێسکی زۆر بوو، خێرا دەگریاو خۆی بۆ ناگیرا، بۆ نمونە: ئافرەتێکی جەزائیری بۆی گێڕابوەوە کە لە خەویدا بینیویتی شێخ پرسیاری ئەو ڕێگەیەی کردووە کە پێغەمبەر ﷺ گرتویەتییە بەر، نیشانی دراوەو ئەویش بە شوێن هەنگاوەکانی پێغەمبەرداﷺ دەڕۆیشتو هەڵەی ناکرد، شێخ دەستی کرد بە گریان.

وە یەکێك لە برایان بۆی باس کردبوو کەوا پێغەمبەریﷺ لە خەودا بینی بوو پرسیاری لێ کردبوو کە ئەگەر شتێکی لە فەرمووده لێ ئاڵۆز بوو پرسیار لە کێ بکات؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووبووی:

لە(محمد ناصرالدين الألباني) بپرسە، نزیك نەبوو پیاوەكە قسەكەی تەواو بكات شێخ دەستی كرد بە گریانو گریانێكی گەورە گریاو ئەم ووتەیەی دووبارە دەكردەوە: (اللهم اجعلني خيراً مما يظنون، واغفر لي مالا يعلمون).

واتە: خوایە باشترم بكەی لەو گومانانەی كەوا خەڵكی پێمی دەبەن، وە لێم خۆش بیت لەو تاوانانەی كە ئەوان نایزانن.

**خێزانەكان و منداڵەكانی:**

شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) چوار ژنی هێناوە لە یەكەمیان: عبدالرحمن و عبداللطيف وعبدالرزاق ی لێی بووە، وە لە دووەمیان: عبدالمصور وعبدالمهيمن ومحمد وعبدالأعلى وأنيسة وآسية وسلامة وحسانة وسكينة ی لێ بووە، لە سێیەمیان: هبة الله ی لێ بووە، وە لە چوارەمیان كە(ام الفضل) ە وەتا لە ژیاندا ما لەگەڵیدا بوو هیچی لێ نەبوو.

**وەسف كردنی زانایان بۆی:**

زانایانی سەر زەوی لەم سەردەمەدا شایەتیان بۆی داوە بەوەی كە شێخ ناصرالدين الألباني هەڵگری ئاڵای سوننەتەو سەروەری زانایانە، شێخ (ابن باز) (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت) دەربارەی دەفەرمێت: لە ژێر ئاسماندا نەمزانیوە كەسێكی تر زانا بە فەرموودە هەبێت لەم سەردەمەدا وەكو زانای پایە بەرز محمد ناصرالدين الألباني.

هەروەها دەفەرمێت: شێخ ئەلبانی لای ئێمە ناسراوە بە چاكی عەقیدە[1] و ژیاننامە و پیشتیوانی كردنی بۆ مەزهەبی سەلەفی صاڵح و پەیڕەو كردنی.

شێخ (محمد بن صالح العثيمين) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەسفی كردووەو

---

(١) جێگای سەرسوڕمانە ئەم هەموو زانا گەورە پایەبەرزانە شایەتی بۆ شێخ ئەلبانی دەدەن و وەسفی دەكەن كەچی كەسانێكی حیزبی هەن بۆ هەڵخەڵەتاندنی گەنجان بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئەوانیش شوێن كەوتوی ئەم زانایانەن، بەڵام لەهەمان كاتدا تانەو تەشەر لە شێخ ئەلبانی دەدەن وپەرتوكی ئەو كەسە نەزانانە بلاو دەكەنەوە كە بە شێخ ئەلبانی دەڵێن مورجیئەیە!! ئایا ئەگەر شێخ ئەلبانی مورجیئە بێت ئەم كەڵە زانایانە بەم شێوازە وەسفی دەكەن؟؟!! لەكاتێكدا ئەگەر لە بابەتێكی فیقهیدا بۆچونیان لێك جیاواز بێت بە ئەدەبەوە باسیان كردووە، ئەی ئەگەر لە عەقیدەدا پێچەوانەی ئەوان وئەهلی سوننە بوایە چۆن باسیان ناكرد ودەیان شاردەوە وخۆیان گوناه بار دەكرد بۆ قیامەت؟! با ئەو كەسانە لە خوا بترسن وچی دی خۆیان وخەڵكی تریش فریو نەدەن وهەڵنەخەڵەتێنن.

دەفەرمێت: ئەم پیاوە شارەزایە لە فەرموودەداو تێڕوانینێکی فراوانی هەیەو قەناعەت کردنی بەهێزە، وە زۆر سورە لەسەر کارکردن بە سوننەت ودژایەتی کردنی بیدعە ئیتر لە بیروباوەڕدا بێت یان لە کارکردندا.

شێخ (حمود التويجري) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: الألباني نیشانەیە لەسەر سوونەت وە تانەو تەشەردان لێی یارمەتی دانە بۆ تانەو تەشەردان لە سوننەت.

شێخ(محب الدين الخطيب) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: الألباني لەبانگخوازانی سوننەتە کەژیانی تەرخان کرد بۆ کارکردن بۆ زیندووکردنەوەی سوننەت.

شێخ(مقبل بن هادي الوادعي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: پرسیار لەمن ناکرێت دەربارەی ئەو، بەڵکو پرسیار لەو دەکرێت دەربارەی من، پاشان دەفەرمێت: ئەوەی کە باوەڕم پێیەتی ودینداری پێ دەکەم بۆ خوا ئەوەیە کە شێخ محمد ناصرالدين الألباني خوا بیپارێزێت یەکێکە لە نوێ کەرەوەکانی دین، وە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەیگرێتەوە کە دەفەرمێت:

(إن الله يبعث لهذه الأمة على رأس كل مئة سنة من يجدِّد لها أمر دينها)[٢].

واتە: خوای گەورە هەموو سەد ساڵ جارێك یەکێك دەنێرێت تا کاروباری دینەکەی بۆ ئەم ئوممەتە نوێ بکاتەوە.

د. محمد بن لطفي الصباغ دەفەرمێت: شێخ ئەلبانی گەورەترین فەرموودەناسە لەم سەردەمەدا.

شێخ عبدالله بن عبدالرحمن البسام مامۆستا لە المسجد الحرام وئەندامی دەستەی گەورە زانایان دەفەرمێت: ئەمڕۆ ئەو لە پێشەوایانی ئەم سەردەمەیە، گیان وماڵ وکۆششی تەرخان کردووە بۆ خزمەت کردنی سوننەت.

وەچەندەها زانای تر وەسفی شێخ ئەلبانیان کردووە کە لێرەدا بواری باس کردنی نییە تەنها ناوی هەندێکیان دەهێنین، لەوانە: الشيخ محمد بن إبراهيم آل الشيخ مفتي المملكة العربية السعودية سابقاً ، واللجة الدائمة للبحوث العلمية

---

(٢) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥٩٩، صحيح الجامع الصغير: ١٨٧٤، وصحيح سنن أبي داود: ٤٢٩١).

والإفتاء بالمملكة العربية السعودية، وسماحة الشيخ عبدالعزيز آل الشيخ مفتي المملكة العربية السعودية، والمحدث العلامة حماد الإنصاري، والمحدث الهندي عبدالصمد شرف الدين، والمحدث محمد علي آدم الأثيوبي، والمحدث عبدالمحسن العباد البدر، والشيخ العلامة أحمد بن يحيى النجمي، ومعالي الشيخ صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ، والشيخ عبدالله بن سليمان المنيع رئيس محكمة التمييز بمكة وعضو هيئة كبار العلماء.............

## وورد بینی لە پەیوەست بوون بە مەوعیدەوە:

ابو إسلام صالح طه -کە یەکێکە لە قوتابییە نزیکەکانی شێخ- دەفەرمێت: شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پەروەردەی دەکردین لە وردبینیو پەیوەست بوون بە مەوعیدەوە، بۆ نمونە ئەگەر دەعوەتم بکردایە یاخود لەگەڵیدا بڕۆیشتمایە بۆ دەعواتێك نە دوا دەکەوت نە زووتر دەڕۆیشت لە کاتی دیاری کراوی خۆی، وە دەیفەرموو ڕۆیشتن پێش کاتی خۆی وەك دواکەوتن وایە لە کاتەکە، چونکە دواکەوتن لە کاتەکە زیان بە خاوەنماڵو میوانیش دەگەیەنێت، وە زوو ڕۆیشتن خاوەن ماڵ دەشڵەژێنێت، جارێکیان دەعوەتم کرد لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ ئەویش بە ئۆتۆمبیلەکەی پێش کاتژمێر یەك گەیشت بە (١٥) خولەك بەڵام لە ناو ئۆتۆمبیلەکەی مابووەوەو دانەبەزی بوو تا کاتی دیاری کراو، وە منیش نەمزانی کە شێخ چاوەڕێ دەکات بەڵام ئەوانەی کە لەگەڵید بوون بۆیان باس کردم، وە دواتر کە پرسیارم لە شێخ کرد فەرمووی: چونکە لەوانەیە تۆ پێش کاتی دیاری کراو سەرقاڵ بیت بە خۆ ئامادە کردن بۆ پێشوازی لە میوانەکان، ئەگەر ئێمە بهاتینایە پێش کاتی دیاری کراو سەرقاڵمان دەکردیت لە کارەکەتدا، ڕەحمەتی خوا لە شێخ بێت چەندە وردەکار بووە لە کارەکانیدا وە چەند سوور بووە لەسەر کارکردن بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ.

وە ئەگە شێخ دەعوات بکرایە کەسی لەگەڵ خۆی نابرد تا ڕوخسەتی لە خاوەن ماڵ وەرنەگرتایە، وە جارێکیان دەعوەتم کرد پێم ووت: ئەی زانامان بۆ خواردنی نیوەڕۆ لە ماڵی ئێمە دەعوەتن، وە من

مەبەستم خۆیو خێزانەکەی (أم الفـــضل) بــوو، لــە ڕۆژی داهــاتوودا بەتــەنها خـۆی هات، منیش ووتم ئەی (أم الفـــضل) کوا؟ ئـــەویش فـــەرمووی: تـــۆ پێـــت نـــەووتم کەلەگـــەڵ خـــۆم بیهێـــنم وە ئێمـــەش پەیوەســتین بــە ووردەکــاری لــە قــسە کردندن.

## سوور بوونی لەسەر کاتەو قۆستنەوەی:

ابو إسلام دەفـەرمێت: شـێخ (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت) کـاتی بـە فـیڕۆ نـاداو ســوودی لێ وەردەگــرت، ئێمــە ئەگــەر بچووینایە بۆ لای لە کتێبخانەکەی سەری بەرز ناکردەوە لە پەرتووک خوێندنەوە تـا نەچـــووینایەتە ژوورەوەو ســـەلاممان لێ نەکردایــە، ئــەویش وەڵامــی ســەلامەکەی دەدایــەوەو تەوقــەی لەگــەڵمان دەکـردو بەخێرهاتنی دەکردین، پاشـان داوای لـێ دەکـردین ئـەو پرسـیارانەی کـە هەمانـە ئاراســـتەی بکـــەینو ئـــەویش وەڵامـــی دەدایەوە، وە کە پرسـیارەکانمان تـەواو بوایەو بڕۆیشتینایا دەستی دەکردەوە بـە پەرتووک خوێندنەوە.

## کارکردنی بە زانیاری:

ابو إسلام دەفەرمێت: زانامان (ڕەحمـەتی خوای لێ بێت) فێری دەکردین کە کـار بـە زانست بکەین وە خۆی بەم شێوەیە بـوو، بۆ نموونە لە پاش تەمـەنی هەشـتا سـاڵی شـێخ پارێزگـاری دەکـرد لەسـەر بـەڕۆژوو بوونی ڕۆژانی دووشەممەو پێـنج شـەممە، لە کاتێکدا زۆرێك لە ئێمە کە گەنج بـووین پارێزگاریمــان لێ نــاکرد ئــەمیش هــانی دەدایـن کە ئێمەش بەڕۆژوو بین.

## سووربوونی لەسەر تێگەیشتنی بۆ قورئانو سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت:

ابــو اســلام دەفــەرمێت: شـێخ هەمیـشە دەیفــەرموو: زۆرن ئەوانــەی بانگەشــەی ئــەوە دەکــەن کــە دەســت گرتــوون بــە قورئانو سوننەتەوە، بـەڵام لـە قورئـانو ســوننەت تــێ ناگــەن بــە تێگەیــشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت، ئەو کەسـەی سـەرفرازی دەوێـت لـە دونیـاو دواڕۆژداو ڕاسـتگۆیە لـەوەی دەڵێـت: (مـن لەسـەر بەرنامــەی هــاوەڵانم) ئــەو کەســەیە کــە دەست دەگـرێ بـە قورئـانو سـوننەت بـە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت.

لـه دوا وەسـێتی کـه وەسـێتی شـێخ بـۆ فێرخوازانی زانستی شەرعی بوو لـه پـێش کۆچـی دوایـی کردنـی کـه فـەرمووی: ئامۆژگاریتـان دەکـەم بـه زانـستی سـوود بـەخشو کـرداری چـاك، وە زانیـاری سوودبەخش بریتی‌یه له قورئانو سوننەت بـه تێگەیـشتنی پێـشینه چـاکەکانی ئوممـەت، وە کـردەوەی چاکیش ئەوەیـه که بۆ خوا بێتو لەسەر سوننەت بێت.

### ئارام گرتنی لەسەر بانگەواز:

ابـو إسـلام دەفـەرمێت: هـەرکاتێك فیتنـەکان سـەخت بوونایـەو هیمـەت لاواز بوایـه دەچـوم بـۆ لای شـێخو لـه لای دادەنیشتمو باسی ئەوەم بۆی دەکرد کـه تووشـی بوومـه لـه لایـەن بیدعەچـی‌و خاوەنی هەواو ئارەزووەکانەوە، شـێخیش بـه هـەموو ئاسـاییەکەوە ئامۆژگـاری دەکـردمو دەیفـەرموو: پەڵـه هەورێکـه دەڕواتو نامێنێت وە چەند نمونەیەکی لـه قورئـانو سـوننەت بـۆ بـاس دەکـردین لەسـەر ئـارامگرتنو دامـەزراوی لـه کـاتی فیتنـەدا، ئێمـەش کـه لـه لای شـێخ دەردەچووین دڵمان پڕ بوو له عەزیمـەتو هێـز لەسـەر بانگـەوز کـردنو دامـەزراوی لەسەر حەق.

### خواپەرستی:

شـێخ (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) زۆر سور بووە لەسەر خواپەرستی، بـەردەوام لـه زسـتان وهاوینـدا ڕۆژانـی دووشـەممه وپێنج شـەممه بـەڕۆژوو بـووە، وە نوێـژی سـوننەتی زۆر بـووە، کاتێـك لـه ڕۆژانـی هەینی بچوایەته مزگەوت بەردەوام نوێـژی سوننەتی دەکرد دوو رکات دوو رکـات تـا ئـەو کاتـەی کـه ئیمـام دەچـووە سـەر مینبـەر، وە ئەگـەر بیتوانیایـه هـەموو ساڵێك حەج وعومرەی دەکرد، وەساڵی وا هـەبووە دوو جـار عـەمرەی کـردووە، وە زیاتر له سی(٣٠) حەجی کردووە.

### نەخۆشی و مردنی:

شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) له ماوەی کۆتـایی ژیانیـدا تووشـی چـەند نەخۆشییەکی ئازاراوی بوو که به هۆیـەوە کێشی دابەزی تا له ڕۆژی مردنیـدا کێـشی گەیـشته کـەمتر لـه(٣٠) کیلـۆ گـرام، وە خوای گـەورە ڕێـزی لێ نـا بـه پـاکی بـیرو هۆشـی‌و تێکـەڵ نـەبوونو تێـك نەچـوونی بیرو هۆشـی وە میـوانو سـەردانی کـارانی

دەناسییەوە، وە زۆربەی کاتەکەی لەناو جێگادا بوو وە لەو کاتانەی توانای هەبوایە ئارامی ناگرت لە لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە، وە ئەگەر ئەمەیشی نەتوانایە ئەوا فەرمانی دەکرد بە یەکێك لە کوڕەکانی یان ئەوانەی لە لای بونایە بەوەی کە پەرتووکێکی دەست نیشان کراوی بۆ ئامادە بکاتو بۆی بخوێنێتەوە، وە لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیدا زۆربەی کات ئاگای لە خۆی نامابە تایبەتی لە شەوی پێش مردنەکەی هەتا ئەجەل پێی گەیشتو لە شاری عەممان لە ئوردن پێش خۆرئاوا بوونی ڕۆژی شەممە کە هەشت ڕۆژی مابوو لە مانگی جمادی الآخرة سالی ١٤٢٠ك بەرامبەر ١٩٩٩/١٠/٢ز وە خەڵکێکی زۆر هەر ئەو ئێوارەیە نوێژیان لەسەر کرد کە ژمارەیان لەپێنج هەزار (٥,٠٠٠) کەس زیاتر بوو هەرچەندە شێخ لەبەر وەسێتەکەی خۆی خێرا بە خاك سپێردراو خەڵکی ئاگادار نەبوو.

کە ئەمەیش تەئویلی ئەو خەوانە بوو کە خەڵکانێکی چاك لەچەند شوێنو کاتێکی جیاوازدا بینیبویان پێش چەند مانگێك کە: دوو ئەستێرەی گەورە لەبەرزی ئاسمانەوە ئاسۆیان پڕ کردبوو لە ڕووناکی لە ناکاو یەکێکیان بەربوەوەو پاشان ئەوی تریش بە دوایدا(کە شێخ ابن بازو پاشان شێخ ئەلبانی بوون).

هەر لەوێ بە خاك سپێردرا.

خوایە لێی خۆش بیتو گۆڕەکەی بۆ فراوان و ڕوناك بکەیتەوە.

## بەشێك لە وەسێتنامەکەی

بسم الله الرحمن الرحيم

وەسێت دەکەم بۆ خێزانەکانمو منداڵەکانمو هاوڕێیانمو هەموو خۆشەویستانم کە ئەگەر هەواڵی کۆچی منیان پێ گەیشت داوای لێخۆش بوونو ڕەحمو بەزەیم بۆ بکەن لە خوای گەورە.

یەکەم: وە شیوەنم بۆ نەکەنو بە دەنگی بەرز بۆم نەگرین.

دووەم: پەلە بکەن لە بەخاك سپاردنم وە خزمو برایانم ئاگادار مەکەنەوە تەنها ئەوەندە نەبێت کە بۆ ئامادە کردنم نەبێت، وە با دراوسێو هاوڕێی دڵسۆزم(عزت خضر عبدالله) بمشۆرێت وە هەرکەسێکی تر کە ئەو هەڵی دەبژێرێت بۆ یارمەتی دانی بۆ ئەم کارە.

سێیەم: با لە نزیکترین گۆڕستان بەخاکم بسپێرن تاوەکو خەڵکی ناچار نەبن بە هەڵگرتنی جەنازەکەم بۆ ناو سەیارەو خەڵکیش ناچار نەبن بەسەیارە دوای جەنازەکەم بکەون، وە لە گۆڕستانێکی کۆندا بەخاک بسپێردرێم گومان وا بێت کە دواتر هەڵنادرێتەوە.

وە وەسێت دەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە ئامادەن با هەواڵ بە کەس لە دەرەوەی وولات نەدەن لە منداڵەکانم سەرەڕای جگە لەوان ئیلا لە پاش بەخاک سپاردنم نەبێت تا سۆز زاڵ نەبێتو ئیشی خۆی بکاتو ببێتە هۆی دوا خستنی بەخاک سپاردنم.

وە وەسێت دەکەم پەرتوکخانەکەم ئەوەی چاپکراوەو ئەوەی کۆپی کراوەو ئەوەی دەست نووسە بە خەتی خۆم یان جگە لە خۆم بۆ پەرتوکخانەی زانکۆی ئیسلامی بێت لە (المدينة المنورة) چونکە یادگاری خۆشم هەیە لەوێ لە بانگەواز کردن بۆ قورئانو سوننەت بە تێگەیشتنی پێشینە چاکەکانی ئوممەت لەو کاتەی کە لەوێ مامۆستا بووم.

## سەرچاوەکان:


١- الإمام الألباني، حياته، دعوته، جهوده في خدمة السنة، تأليف: محمد بيومي.

٢- حياة الألباني وآثاره وثناء العلماء عليه، تأليف: محمد بن إبراهيم الشيباني.

٣- الدر الثمين في ترجمة فقيه الأمة العلامة ابن عثيمين، جمع وإعداد: عصام عبد المنعم المري.

٤- دور العلامة الألباني وتميزه في علم الحديث والدعوة السلفية، تأليف: إبراهيم خليل الهاشمي.

٥- مع شيخنا ناصر السنة والدين في شهور حياته الأخيرة، بقلم: علي بن حسن بن علي الحلبي الأثري.

٦- شێخی ئەلبانی ژیان نامەو شوێنەوار وسەنای لەلای زانایان، ئامادە کردنی أبو مسلم الأرياني.


وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.


**سايتى بەهەشت**

**www.ba8.org**

# دەستنوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ

## سود وتایبەتمەندی وچۆنێتی وحوکمەکانی

## لە ڕوانگەی

م عدنان بارام

## قورئان و فەرموودەی ( صحيح ) ـەوە ( بەشی یەکەم )

بسم الله الرحمن الرحيم

الحَمْدَ لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، أَمَّا بَعْدُ:

خوێنەری موسڵمان ئەمەی کە لەبەر دەستدایە دەسپێك و پێشەکیەکە بۆ باسکردنی چۆنێتی و هەندێك لە ئەحکامەکانی دەستنوێژی پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆ ئەوەی موسڵمانان کە هەڵدەستن بە دەستنوێژگرتن بزانن کە ئەو پەرستشە چ چاکە و تایمەتمەندیەکی هەیە، کە ئەوەش هۆکار و هاندەرێکە بۆ ئەنجامدانی بە باشترین شێوە، و بە پێی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ، خستنە ڕووی بابەتەکانیش بە کورتی و پوختی دەبێت، لە گەڵ متمانە کردنە سەر بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە (صحيح)ەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ، بە بێ دەمارگیری بۆ هیچ بۆچوون و مەزهەبێکی دیاری کراو .

وە پاشان بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەووترێت: دەستنوێژ چەندەها چاکە و تایبەتمەندی هەیە، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو چاکە و تایبەتمەندیانە:

### سودەکانی دەستنوێژ:

### سودی یەکەم: تێروتەسەلی دەستنوێژ چاکەکان چەندجارە دەکاتەوە:

(أبو هريرة) رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

(ألا أدلكم على ما يمحو الله به الخطايا، [ ويزيد في الحسنات]، ويرفع به الدرجات؟ "، قالوا: بلى يا رسول الله ﷺ! قال: " إسباغ الوضوء على المكاره، وكثرة

**الخطا إلى المساجد، وانتظار الصلاة بعد الصلاة، فذلكم الرباط [ فذلكم الرباط]**)[1] .

واتە: ئايا ئەو شتەتان پیشان بدەم بە هۆیەوە خوای پەروەردگار تاوانەکان بسرێتەوە، و لێیان خۆش دەبێت؟ و چاکەکانی پێ زیادەکات، و بە هۆیەوە پلەو پایەی بەهەشتیان بەرز دەبێتەوە، یان بەوەی کە لە دونیادا بە چاکە باس دەکرێت، و لە دوا ڕۆژیشدا پاداشت دەدرێتەوە، ووتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەویش فەرمووی: گرتنی دەستنوێژ بە تێر و تەسەلی کە گرتنێتی بە تەواوی، کاملێتی بە شێوەیەك شووشتنەکە هەموو ئەندامەکانی بگرێتەوە بە تەواوی، لەگەڵ هەمو ئەو ناڕەحەتیەیی کە تووشی دەبێت بە هۆی سەرما، یان هۆکارێکی تر کە بە هۆی بەکارهێنانی تووشی ناڕەحەتی بێت، یان بە هۆی ناڕەحەتی دەستکەوتنی، وە بە هۆی زۆری هەنگاو نانەوە لە کاتی ڕۆیشتن بۆ مزگەوت، و چاوەڕێ کردنی نوێژ لە دوای نوێژ لە ماڵ بێت یان لە مزگەوت، بە تاك بێت یان بە کۆ، ئەوەیە خۆ بەستن لە پێناوی خوا، ئەوەیە خۆ بەستن لە پێناوی خوا، ئەوەیە خۆ بەستن لە پێناوی خوا، ئەم دووبارە کردنەوەش بۆ گرنگی دانە بە کردارەکە .

## سوودی دووەم: تێروتەسەلی دەستنوێژ پلەی بڕوادار بەرز دەکاتەوە:

هەروەکو (أبو هريرة) ﷺ لە فەرموودەی پێشوەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕایەوە کە فەرموویەتی:

(**ألا أدلكم على ما يمحو الله به الخطايا، [ ويزيد في الحسنات ]**، ... )[2].

ئەوەمان باسکرد لە لێکدانەوەی واتای فەرموودەکە لە باسی پێشوودا کە چاکەکانی پێ زیادەکات ، بەو واتایەی بە هۆیەوە پلەو پایەی بەهەشتیان بەرز

(١) (رواه مسلم في: صحيحه، كتاب الطهارة، باب فضل إسباغ الوضوء على المكاره، برقم: ٢٥٠، والزيادة الأولى ــ أي: ما بين المعقوفتين ــ صححه العلامة الألباني في: صحيح الجامع برقم: ٢٦١٧ عن أبي سعيد ﷺ، والزيادة الثانية صححه العلامة الألباني ــ أيضا ــ في: صحيح الجامع برقم: ٢٦١٨ عن أبي هريرة ﷺ) .

(٢) (رواه مسلم في: صحيحه، كتاب الطهارة، باب فضل إسباغ الوضوء على المكاره، برقم: ٢٥٠، وما بين المعقوفتين صححه العلامة الألباني في: صحيح الجامع برقم: ٢٦١٧ عن أبي سعيد ﷺ ).

دەبێتەوە، یان بەوەی کە لە دونیادا بە چاکە باس دەکرێت، و لە دوا ڕۆژیشدا پاداشت دەدرێتەوە، کە ئەمەش شوێنی مەبەستە لە خاڵی دووەمدا .

هەروەها (أبـو هريـرة) ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

(صلاة الرجل[٣] في جماعة تزيد على صلاته في بيته وصلاته في سوقه خمسا وعشرين درجة وذلك أن أحدكم إذا توضأ فأحسن الوضوء ثم أتى المسجد لا يريد إلا الصلاة لم يخط خطوة إلا رفعه الله بها درجة وحط عنه بها خطيئة حتى يدخل المسجد فإذا دخل المسجد كان في صلاة ما كانت الصلاة تحبسه و تصلي الملائكة عليه ما دام في مجلسه الذي يصلي فيه، يقولون: اللهم اغفر له، اللهم ارحمه، اللهم تب عليه، ما لم يؤذ فيه أو يحدث فيه)[٤] .

واتە: نوێژی موسڵمان لە جەماعەتدا بیست و پێنج جار پاداشت و پلەی زیاترە لەو نوێژەی کە لەماڵدا یان لە بازاڕدا ئەنجامی دەدات، ئەوەش (واتە: ئەو پاداشت و چەند جار کردنەوەیە) لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر یەکێك لە ئێوە دەستنوێژ بگرێت، بە شێوەیەکی تێر و تەسەل، بەو واتایە کە هەموو فەرز و سوننەتەکانی تێدا ئەنجام بدات، و پاشان بڕوات بۆ مزگەوت، و هیچ مەبەستێکی جگە لە نوێژی نەبێت، هیچ هەنگاوێك نا نێت ئیللا خوای پەروەردگار بە هۆیەوە پلەیەك بەرزی دەکاتەوە، و تاوانێکی دەسڕێتەوە، تاکو دەڕواتە مزگەوتەوە، وە ئەگەر ڕۆیشتە مزگەوتەوە ئەوا حیسابی نوێژی بۆ دەکرێت تاکو چاوەڕوانی نوێژ بێت، و ڕێگری بێت لە دەرچوون، وە دوای ئەوەش فریشتەکانی خوای میهرەبان داوای لێ خۆش بوونی بۆ دەکەن تاکو ئەو کاتەی کە لەو شوێنە دەبێت کە نوێژی تێدا ئەنجام داوە، و دەڵێن: خوایە لێی خۆش بە، خوایە ڕەحمی پێ بکە، خوایە، خوایە تۆبەی لێ وەرگرە، تاکو ئەزیەتی کەسی تێدا

---

(٣) پێشەوا المناوي لە واتاکردنی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی: نوێژی پیاوان ونوێژی ئافرەتانیش دەگرێتەوە، چونکە شەرع ڕێگەشی بەو داوە کە بەشداری نوێژی جەماعەت بێت .

(٤) (رواه البخاري ومسلم) .

نـەدات، و دەسـتنوێژەکەی تێـدا بـەتاڵ نەبێتەوە .

## ســودی ســێیەم: دەســتنوێژ هۆکاری سرینەوەی تـاوانە:

لـە (عبـدالله الـصنابحي)ەوە رضي الله عنه دەگێڕنەوە کە لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ دەگێڕێتەوە:

(إذا توضأ العبد المؤمن: فتمـضمض خرجت الخطايا من فيـه، فـإذا اسـتنثر خرجت الخطايا من أنفه، فإذا غسل وجهه خرجت الخطايا من وجهه حتى تخرج مـن تحت أشفار عينيه، فإذا غسل يديه خرجت الخطايا من يديه حتى تخرج من تحت أضفار يديه، فإذا مسح برأسه خرجت الخطايا من رأسه حتى تخرج من أذنيه، فـإذا غـسل رجليه خرجت الخطايا من رجليـه حـتى تخرج من تحت أضفار رجليه، ثم كان مشيه إلى المسجد و صلاته له نافلة)(٥) .

واتـە: ئەگـەر بەنـدەی بـڕوادار دەسـتنوێژی بـشوات: ئـەوا لـە کـاتی ئـاو وەردانە دەمدا تاوانەکانی دەردەچێت لـە دەمیەوە، و لە کاتی ئـاو وەردانـە لووتـدا تاوانەکانی دەردەچێت لـە لووتیـەوە، وە ئەگـەر دەم و چـاوی بـشوات ئـەوا تاوانەکانی لە دەم وچاویەوە دەردەچێت، تاکو ئەو تاوانـەی کـە لـە ژێـر پێڵوەکـانی چـاویدان، وە ئەگـەر دەسـتەکانی بـشوات ئەوا تاوانەکانی لە دەستیەوە دەردەچێت تـاکو ئەوانـەی کـە لـە ژێـر نینۆکـەکانی دەسـتین، وە ئەگـەر دەسـتی هێنـا بـە سـەریدا ئـەوا تاوانـەکان لـە سـەریەوە دەردەچـن تـاکو تاوانـەکانی لـە گوێیـەوە دەردەچێت، وە ئەگەر قاچـەکانی بـشوات ئەوا تاوانەکانی لـە قاچیەوە دەردەچێت تـاکو ئەوانـەی کـە لـە ژێـر نینۆکـەکانی قاچین، پاشان ڕۆشتنەکەی بۆ مزگـەوت، و نوێژەکەشی بە زیادە بۆ دەنووسرێت .

وە لە فـەرموودەی (أبو هريرة) دا رضي الله عنه هاتووە کە فەرموویەتی:

(... فغسل وجهه خرج من وجهه كل خطيئة نظر إليها بعينيه مع الماء أو مع آخر قطر الماء، ....، حـتى يخـرج نقيـا مـن الذنوب)(٦) .

---

(٥) (صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع، حـديث رقم: ٤٤٩) .

(٦) (رواه مسلم، وصححه العلامة الألبـاني في صـحيح الجامع، حديث رقم: ٥٨٠٤) .

واتــە: وە کــە دەم و چــاوی دەشــوات هـــەموو تاوانـــەکانی دەم و چـــاوی کـــە بەچاوی تەماشای کردوون لەگـەڵ ئـاوی دەستنوێژەکەدا دەردەچێت، یـان لەگـەڵ دوا دڵۆپی ئاوەکـەدا، ...، تـاکو بـە پـاکی دەردەچێت لە تاوانەکانی.

وە لە فەرموودەی (عمـــرو) ی کـوڕی (عبسة) دا ﷺ هاتووە فەرموویەتی:

(... فإن هو قام فـــصلى فحمـــد الله وأثنى عليه ومجده بالذي هو أهله وفـــرغ قلبه لله إلا انصرف من خطيئته كهيئته يوم ولدته أمه)[٧] .

واتە: وە ئەگـەر هەسـتا و نوێژەکـەی ئەنجام دا، تیایدا شوکر و ستایشی خـوای پـــەروەردگار و تەمجیـــدی کـــرد، بـــەو شێوەیەی کـە ئـەو شایـستەیەتی، و دڵـی تەنها بۆ خـوای پـەروەردگار بـەتاڵ کـرد، ئەوا کە لە نوێژەکەی دەبێتەوە هـەروەکو ئەو کاتەی دەبێت کە لە دایك بووە، واتـە بێ تاوان دەبێت هەروەکو کـاتی لـە دایـك بوونی .

(٧) (رواه مسلم في صحيحه، كتاب الطهارة، باب خروج الخطايا مع ماء الوضوء، برقم:٢٤٤، وصـــححه العلامـــة الألباني في صحيح الجامع حديث رقم: ٤٥٠) .

## سودی چوارەم: بە دەستنوێژەوە خـــەوتن هۆکـــاری داوای لێخۆشـــبوونی فریشتەکانی خوای پەروەردگارە:

لە (عبدالله) ی کـوڕی (عمر) ەوە ﷺ دەگێڕێتـــەوە کـــە پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ فەرموویەتی:

(من بات طاهرا، بـــات في شِـــعاره[٨] ملك، فلم يستيقظ إلا قال الملك: اللـــهم اغفر لعبدك فلان، فإنه بات طاهرا)[٩] .

واتە: هەر کەسێك بـە دەسـتنوێژەوە بخـەوێت، فریـشتەیەکی لەگـەڵ دا، و لـەو پۆشـاکەی کـە بـەر جەسـتەی دەکـەوێت

(٨) پێشەوا ( المناوي ) لـە ( فيض القدير شرح الجـــامع الصغير ) دا فەرموویەتی: (" شِـــعاره " بكـــسر الـــشين المعجمة: ثوبه الذي يلي جسده)، ئەو پۆشاکەی دەلکێت بە لەشیەوە .

(٩) (رواه ابن حبان في صحيحه، باب: ذكر استغفار الملك للبائت متطهرا عند استيقاظه، بـــرقم: ١٠٥٧، وحـــسنه العلامة الألباني في: صحيح الترغيب والترهيـــب، بـــرقم: ٥٩٧، عن ابن عمرﷺ، وقال: (حسن لغيره)، و بـــرقم: ٥٩٩، عن ابن عباسﷺ . وفي صحيح أبي داود، بـــرقم: ٥٩٧، عن ابن عمرﷺ وبرقم: ٥٩٩، عن ابن عباسﷺ، وفي: صحيح الجامع الصغير، بـــرقم: ٧٣٨٣ بزيـــادة: " طهروا هذه الأجساد طهركم الله فإنه ... " الحديث، عـــن ابن عمرﷺ وحسنه الألباني في صحيح الجـــامع، انظـــر حديث رقم: ٣٩٣٦ . وفي: ( السلسلة الصحيحة، بـــرقم: ٢٥٣٩) .

دەبێت، لە هەموو ئەمدیو و ئەودیوکردن و هەســـــتانێکیدا، فریـــــشتەکە داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکات، و دەڵێت: ئـەی پـەروەردگار لـە بەنـدەی فلانـت خۆشبـە، چونکە بە دەستنوێژەوە خەوتوە .

**ســودی پێنجــەم: ئـەو کەسـەی دوای دەستنوێژەکەی شایەتومان** (أشـــهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك لـــه، وأن محمدا عبده ورســوله) **بهێنێت دەڕواتــە بەهەشتەوە:**

لـە (عقبة)ەی کـوڕی (عامر)ەوە رضي الله عنه، فەرموویــەتی: ئێمــە لەگــەڵ پێغەمبــەری خــوادا ﷺ خۆمــان خزمــەتی خۆمانمــان دەکرد، و بە نۆبە شـوانکارەیمان دەکـرد، شوانکاری وشـترەکانمان، ڕۆژێکیـان نۆبـە شوانێتی مـن بـوو (فرحتها بعـــشي)، لـەو کاتــەدا گەشــتمە پێغەمبــەری خـــوا ﷺ خەریکی ووتار خوێندنەوە بوو بـۆ خـەڵك، بیستم دەیفەرموو:

(ما منكم من أحد يتوضـــأ فيحـــسن الوضوء، ثم يقوم فيركع ركعـــتين، يقبـــل عليهما بقلبه ووجهه، فقد أوجب).

واتــە: هــیچ یــەکێك نــیـە لـە ئێـوە، دەســـتنوێژ بــشوات بــە تێــر و تەســەلی، پاشان هەستی دوو ڕکات نوێـژ بکـات، بـە شـێوەیەك دڵ و بـیری لـە لا بێـت، ئـیللا بەهەشـتی بـۆ خـۆی مـسۆگر کـردووە، دەڵێت: ووتم: ئەمە چەند چاکە . پیاوێك ووتـی: ئـەوەی پـێش ئەمـە چـاکتر بـوو، ڕووانیم: بینیم بێژەرەکـە (عمر) ی کـوڕی (خطاب) ە رضي الله عنه، پێم ووت: ئـەوەی پـێش ئەمـە چـی بـوو ئـەی بـاوکی (حفـــص)؟ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێـشتر پێش ئەوەی تۆ بێیت فەرمووی:

(ما من أحد يتوضأ، فيحسن الوضوء، ثم يقول حين يفرغ من وضوئه: أشـــهد أن لا إله إلا الله، وحده لا شـــريك لـــه، وأن محمدا عبده ورسوله، إلا فتحـــت أبـــواب الجنة الثمانية له، يدخل من أيها شاء)[١٠].

واتە: هیچ یەکێك نییە دەستنوێژ بـشوات، و دەستنوێژەکەشـی بـە جـوانی ئـەنجام بـدات، پاشـان کـە لـە دەسـتنوێژەکەی دەبێتەوە بڵێت:

---

(١٠) (رواه ابن حبان في صحيحه، باب: ذكـــر إيجـــاب دخول الجنة لمن شهد لله بالوحدانية ولنبيه ﷺ بالرســـالة بعد فراغه من وضوئه، برقم: ١٠٥٦، وصححه العلامـــة الألباني في صحيح سنن أبي داود، برقم: )٩٠٦ .

(أشهد أن لا إلـه إلا الله، وحـده لا شريك له، وأن محمدا عبده ورسوله)، ئیللا لە ڕۆژی دواییدا هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکەنەوە، و لە هەر کامەیەکیان بیەوێت دەڕواتە ژوورەوە .

**سودی شەشەم: دەستنوێژ تاوانەکانی ڕابردوو دەسڕێتەوە، و فەرزەکەش دەکات بە سوننەت، واتە: زیادە بەسەر فەرزەکەوە:**

لە (**أبو أمامة**) ەوە ﷺ، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (الوضوء يكفر ما قبلـه، ثم تصير الصلاة نافلة)[١١] .

واتە: دەستنوێژ تاوانەکانی ڕابردوو دەسڕێتەوە، ونوێژە فەرزەکەش دەکات بە سوننەت، واتە: زیادە بەسەر فەرزەکەوە پاداشت دەدرێتەوە .

## تایبەتمەندیەکانی دەستنوێژ:

**تایبەتمەندی یەکەم: دەستنوێژ یان بە تێروتەسەلی دەستنوێژ شوشتن نیوەی باوەڕە:**

دەستنوێژ یان بە تێروتەسەلی دەستنوێژ شوشتن نیوەی باوەڕە هەروەکو (أبو مالك) ی (الأشعري) ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

(الطهور شطر الإيمان، ...)[١٢] .

یان دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

(إسباغ الوضوء شطر الإيمان، ...) [١٣] .

واتە: دەستنوێژ نیوەی باوەڕە، یان دەستنوێژی تێروتەسەل نیوەی باوەڕە .

چونکە هەروەکو پێشەوا (المنـاوي) خاوەن پەرتۆکی (فـيض القـدير) فەرموویەتی:

(لأن الإيمان يطهر نجاسة البـاطن، والطهور يطهر الظاهر) وە دەیداتە پاڵ (ابن الأثير) لە هەمان سەرچاوەدا، واتە: باوەڕ دەروون و ناوەوەی مرۆڤ پاك دەکاتەوە، دەستنوێژیش دەرەوەی پاك دەکاتەوە .

(١١) (حسنه العلامة الألباني في صحيح الجـامع، بـرقم: ١٥٦، وفي صحيح الترغيب والترهيب، برقم: ١٨٧) .

(١٢) (رواه مسلم في صحيحه، كتاب الطهارة، باب فضل الوضوء، برقم: ٢٢٣) .

(١٣) (صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع، بـرقم: ٩٢٥) .

## تایبەتمەندی دووەم: بەردەوامی لەسەر دەست بە دەستنوێژیەوە نیشانەی باوەڕە:

یەكێك لەو كردەوانەی كە ئاشكراكار و نیشانەی باوەڕەی موسڵمانان بێت، بەردەوام بوونیەتی لەسەر دەست بە دەستنوێژیەوە بوون، (أبو أمامة)ە، و(عبادة)ەی كوڕی (الصامت) — رضي الله عنهما - لە پێغەمبەری خواوەﷺ دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی: (...، ولن يحافظ على الوضوء إلا مؤمن)[١٤]، هەروەها (ثوبان)، و(ابن عمرو)، و(سلمة)ەی كوڕی (الأكوع) یش ﷺ هەمان فەرموودە دەگێڕنەوە بە گوێی (...، ولا يحافظ)[١٥] .

واتە: بەردەوامی دەست بە دەستنوێژەوە بوون، نیشانەی تەواوی باوەڕە .

وە لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كە بەردەوام دەست بەدەستنوێژ بوون سوننەتە، پێشەوا (المناوي) خاوەن پەرتۆكی (فيض القدير) فەرموویەتی: (وفيه ندب إدامة الوضوء) .

## تایبەتمەندی سێیەم: تێروتەسەلی دەستنوێژ هۆكاری زیادكردنی پلەكانی نوێژە:

پێغەمبەری خواوەﷺ ئاماژەی بۆ زۆر هۆكار كردووە لە هۆكارەكانی زیادبوونی پلەی نوێژ كردووە، وەك: تێروتەسەل كردنی كڕنووش، و سوژدە، كردارەكانی تری نوێژ، دەستنوێژیشی بە یەكێك لەو هۆكارانە داناوە، هەروەكو (أبو سعيد) ﷺ دەفەرمووێت، كە پێغەمبەری خواوەﷺ فەرموویەتی: (صلاة الرجل في جماعة تزيد على صلاته وحده خمسا وعشرين درجة، فإذا صلاها بأرض فلاة، فأتم وضوءها، وركوعها، وسجودها؛ بلغت صلاته خمسين درجة)[١٦] .

واتە: نوێژی موسڵمانان لە جەماعەت خێری بیست و پێنج جار زیاترە دەبێت لە نوێژی كەسێك بە تەنها نوێژ بكات، جا ئەگەر ئەو نوێژەی لە دەشتێكدا بە جەماعەت ئەنجام بدات، بە

(١٤) (صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٩٥٣) .

(١٥) (صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٩٥٢) .

(١٦) (صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٣٨٢٤) .

شێوەیەك دەستنوێژ، و کڕنووش، و سوژدەکانی تێروتەسەل بن، ئەوا خێرەکەی پەنجا جار دەبێتەوە .

## تایبەتمەندی چوارەم: شوێنەواری دەستنوێژ بە ڕوومەتی ئوممەتی ئیسلامەوە دیارە لە ڕۆژی دوایدا :

(أبو هريرة) ﵁ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (أنتم الغر المحجلون يوم القيامة من إسباغ الوضوء)، فمن استطاع منكم فليطل غرته وتحجيله .(١٧) .

واتە: ئێوە ناوچاوان و ڕوومەت و دەست و قاچ سپین، لە ڕۆژی دوایدا، بە شێوەی ناوچاوان و دەست و قاچەکانی ئەسپ، بە هۆی تێروتەسەلی دەستنوێژەکانتانەوە، بۆیە هەر یەکێك لە ئێوە توانی زیاد و درێژتریان بکاتەوە با ئەنجامی بدات .

کە دەفەرموێت: " من إسباغ الوضوء "، ئەوە دەگەیەنێت ئەم سیما و شێوەیە تایبەتە بەو کەسانەی کە لە دونیادا دەستنوێژ دەشۆن، نەك هەموو ئوممەتەکەی وابن .

وە لە (حذيفة) ەوە ﵁ دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (... تردون عَلَيَّ ــ أي على الحوض ــ غُرًّا محجلين من آثار الوضوء، ليست لأحد غيركم)(١٨) .

واتە: ئێوە دێنە لام لەسەر حەوزی کەوسەر بە ناوچاو و ڕوومەت و دەست و قاچ سپێتیەوە، بە هۆی کاریگەری دەستنوێژ بەسەر ئەندامەکانتانەوە، وە

---

(١٧) (رواه البخاري في صحيحه، كتاب الوضوء، باب فضل الوضوء والغر المحجلون من آثار الوضوء، برقم: ١٣٦، ومسلم في صحيحه، كتاب الطهارة، باب استحباب إطالة الغرة والتحجيل في الوضوء، برقم: )٢٤٦ .

**بیرخستنەوەیەك:** پێشەوا (المناوي) خاوەن پەرتۆکی (فيض القدير) **فەرموویەتی:** (ونقل ابن تيمية وابن القيم وابن جماعة عن جمع من الحفاظ أن قوله: " فمن استطاع إلى آخره " زيادة مدرجة من كلام أبي هريرة﵁، وقال ابن حجر: لم أر هذه الجملة في رواية أحد ممن روى الحديث من الصحابة وهم عشرة ولا ممن رواه عن أبي هريرة﵁ غير زيادة نعيم هذه) .

(١٨) (رواه مسلم في: صحيحه، كتاب الطهارة، باب استحباب إطالة الغرة و التحجيل في الوضوء، برقم: ٢٤٨، و عن أبي هريرة﵁، برقم: ٢٤٧، وما بين المعقوفتين: صححه العلامة الألباني في: صحيح الجامع، برقم: ٢٠٥٩، و برقم: ٢٠٥٨ عنه أيضا) .

ئـەوەش بـۆ هـیچ کەسـێك نییـە جگـە لـە ئێوە نەبێت .

**تایبەتمەندتی پێنجەم: خشڵ و گەوهەری بڕوادار لە دوا ڕۆژدا تاکو ئەو شوێنەیە کە ئاوی دەستنوێژی پێدەگات:**

(أبو حازم) دەگێڕێتـە: ڕۆژێکیـان لـە پـشتەوەی (أبو هريرة) ﷺ وەسـتابووم، ئەویش خـەریکی دەسـتنوێژگرتن بـوو بـۆ نوێژ، و ئاگای لەمن نەبوو، بینـیم لـەکاتی دەسـت شووشـتنەکانیدا ئەوەنـدە درێـژی دەکاتەوە تاکو دەگاتە بـن هـەنگڵی ( بـن باڵــەکانی)، منــیش پــێم ووت: ئــەی (أبـــــوهريرة) ئــەم دەســتنوێژە چــییە دەیشۆیت؟! ئەویش فەرمووی: نەوەکانی ( فــروخ ) ئێــوە لێــرەن ؟!! ئەگــەر بمزانیایە ئێـوە لێرەن ئـەم دەسـتنوێژەم نـەدەگرت، بیـستومە لـە هاوەڵەکەمـەوە بیستوومە ﷺ فەرموویەتی:

(تَبْلُغُ الحِلْيَةُ مِن المُؤْمِنِ حَيْـثُ يَبْلُـغُ الوَضُوءُ)[١٩] .

واتە: خـشڵ و گەوهـەری بـڕوادار لـە دوا ڕۆژدا تــاکو ئــەو شــوێنەیە کــە ئــاوی دەستنوێژی پێدەگات .

**تایبەتمەنـــدی شەشــــەم: دەســتنوێژ هۆکــاری کردنــەوەی گرێکــانی شەیتانە:**

(أبـــو هريـــرة) ﷺ لــە پێغەمبــەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

**(يعقد الــشيطان علــى قافيـــة رأس أحدكم ــ إذا هو نام ــ ثــلاث عقــد، يضرب مكان كل عقدة: عليك ليل طويل فارقد؛ فإن استيقظ فذكر الله انحلت عقدة، فإن توضأ انحلت عقدة، فإن صلى انحلــت**

---

(١٩) (رواه مسلم في صحيح، كتاب الطهارة، باب تبلــغ الحلية حيث يبلغ الوضوء، برقم: ٢٥٠، وصححه الألبـــاني في صحيح الجامع، برقم: ٢٩١١) .

**پێشەوا** ( المناوي ) **خـاوەن پـەرتۆکی** (فـيض القــدير) **فەرموویـەتی:** (تبلغ الحِلية) بكسر الحاء أي التحلي بأساور الذهب والفضة المكلل بالدر والياقوت ...، (من المــؤمن) يوم القيامة، قال الحسن: الحلي في الجنة على الرجال أحسن منه على النساء، ... (حيث يبلغ الوَضوء) بفتح الواو ماؤه . قال أبو عبيد: الحلية هنا التحجيل لأنه العلامة الفارقة بــين هذه الأمة وغيرها اهــ .

وجزم به الزمخشري فقال: أراد التحجيل يوم القيامة من أثر الوضوء وقد استدل بالخبر على ندب التحجيل وزعم ابــن القيم أنه لا يدل لأن الحلية إنما تكون في الساعد والمعصم لا في العضد والكتف في حيز المنع لأن كل ما في الجنة مخالف لما في الدنيا من صنعة العباد كما في خبر ليس في الدنيا شيء مما في الجنة إلا الأسماء .

عقده كلها، فأصبح نشيطا طيب النفس، و إلا أصبح خبيث النفس كسلان)[٢٠] .

پێشەوا (النووي) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە واژەكردنی واتای ووشەی (العقد) دا دەفەرموویت: (( **زانایان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لە واژەكردنی ووشەی (العقد)، هەندێكیان دەڵێن:**

❑ **هُوَ عَقْد حَقِيقِيّ، بِمَعْنَى عَقْد السِّحْر لِلْإِنْسَانِ، وَمَنْعُهُ مِنْ الْقِيَام**، قَالَ اللَّه تَعَالَى: ﴿وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ﴾ [الفلق: ٤]، فَعَلَى هَذَا هُوَ قَوْل يَقُولهُ يُؤَثِّر فِي تَثْبِيط النَّائِم كَتَأْثِيرِ السِّحْر .

واتە: گرێدانێكی حەقیقیە، بەواتای ئەو گرێدانانەی كە لە جادودا ئەنجام دەدرێن بۆ مرۆڤ، كە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێت هەستێت بۆ شەو نوێژەكەی، خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ﴾.

واتە: وە پەنات پێدەگرم لە خراپەی ئەو جادوبازانەی كە فوو دەكەنە گرێكانەوە بەمەبەستی جادوو كردنەوە، بۆیە لەسەر ئەم ووتەیە واتاكەی: ووتەیەكە شەیتان دەیڵێت كار دەكاتە سەر خەواڵو بوون و هەڵنەسانی ئەو كەسەی كە خەوتووە، هەروەكو چۆن جادو كاریگەری دەبێت .

❑ وَقِيلَ: **يَحْتَمِل أَنْ يَكُون فِعْلا يَفْعَلهُ كَفِعْلِ النَّفَّاثَات فِي الْعُقَد** .

وەوتراوە: لەوانەیە كردارێك بێت ئەنجامی بدات، وەكو كرداری ئەو جادوبازانە بێت كە فو دەكەنە گرێكانەوە بە مەبەستی جادوكردن .

❑ وَقِيلَ: **هُوَ مِنْ عَقْد الْقَلْب وَتَصْمِيمه**، فَكَأَنَّهُ يُوَسْوِس فِي نَفْسه وَيُحَدِّثهُ بِأَنَّ عَلَيْك لَيْلا طَوِيلا فَتَأَخَّرْ عَنْ الْقِيَام .

وەوتراوە: بریتیە لە گرێ و عەزیمەتی دڵ و بڕیارەكانی، هەروەكو چۆن بڵێت وەسوەسەی دەخاتە دەروونیەوە، و پێی دەڵێت: شەوێكی درێژت لە پێشە جارێ زووە بۆ هەستان بۆ شەو نوێژ دوایبخە .

❑ وَقِيلَ: **هُوَ مَجَاز**، كُنِّيَ لَهُ عَنْ تَثْبِيط الشَّيْطَان عَنْ قِيَام اللَّيْل)[٢١].

وەوتراوە: بەكارهێنانی ئەو ووشەیە لە بابی مەجازەوەیە، مەبەستیش لێی ئەوییە

(٢٠) (البخاري ومسلم، وصححه العلامة الألباني في صحيح الجامع، برقم: ٨١٠٧) .

(٢١) ( شرح النووي على مسلم: ج ٣ / ص ١٢٧ ) .

ببێته هۆی ئەوەی کە نەتوانێت هەستێت بۆ شەو نوێژەکەی .

وە پێشەوا (ابن حجر العسقلاني )یش لە واژەکردنی ووشی (یـضرب) دا فەرموویەتی: (يَضْرِب) واتە: بە دەستەکانی دەدات لەسەر شـوێنی گرێکـان، بـۆ دڵنیـا بـوون و پتەوکردنیان، لە گەڵ ووتنی ئەو برگەیەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە، وە ووتراوە: واتای (يَـضْرِب) بریتیە لە: نەهێشتنی هەست لە کەسی خەوتوو بۆ ئەوەی هەڵنەستێ، هەمان مەبەستە ئەو ئایەتەی کە خوای پەروەدگار تێیدا فەرموویەتی: ﴿فَضَرَبْنَا عَلَى آذَانِهِمْ﴾.

واتە: بێ هەستمان کردن لەوەی کە دەنگ بڕواتە گوێیانەوە، وهەستن لە خەوەکەیان)[٢٢] .

وە سوودێك باس دەکات لە لێکدانەوەی فەرموودەکەدا، و دەفەرمووێت: (ڕووکەشی ئەو ووتەیەی کە دەڵێت: (عَلَيْـك لَيْـل) ئەو دەگەیەنێت کە خەوتنەکە تایبەتە بە خەوی شەوەوە، ئەوەش وایە، بەڵام دووریش نییە وەکو ئەو ووتەیە لە خەوی ڕۆژیشدا بەکاربهێنرێت، وەکو ئەو خەوەی کە لە پێش نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی دواخستنی نوێژەکە لەبەر گەرمی نیوەڕۆ ئەمە وەکو نموونەیەك، بە تایبەت لێکدانەوەی پێشەوا بوخاریش ئاوا فەرموودەکە لێك دەداتەوە کە مەبەست بە فەرموودەکە نوێژە فەرزەکانە)[٢٣] .

**کەواتە واتای فەرموودەکە بەم شێوەیە دەبێت:** شەیتان سێ گرێ لە پشتە سەری هەر یەکێك لە ئێوە دەدات ـ ئەگەر خەوتبێت ـ و دەدات لە شوێنی هەموو گرێیەك و دەڵێت: شەوێکی درێژت لە پێشە بخەوە، بەڵام ئەگەر لە خەو هەستاو زیکری خوای کرد ئەوا گرێیەکیان دەکرێتەوە، وە ئەگەر دەستنوێژی شووشت ئەوا گرێیەکی تر دەکرێتەوە، وە ئەگەر نوێژ بکات ئەوا هەموو گرێکانی دەکرێنەوە، وە بە گەرم گوڕیەك و دەروونێکی ئارامەوە ڕۆژ دەکاتەوە، ئەگەر نا بە دەروونێکی پیس و لاوازەوە و بێ تواناوە ڕۆژ دەکاتەوە .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

سایتی بەهەشت
www.ba8.org

(٢٢) (فتح الباري لابن حجر: ج ٤ / ص ١٢٧) .

(٢٣) (فتح الباري لابن حجر: ج ٤ / ص ١٢٧) .

# هەندێ لە سیفاتی بڕواداران لە سوننەتی پێغەمبەردا

نوسینی: اشرف عبدالمقصود
وەرگێڕانی: ئەندازیار: صلاح فائق

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

لەسوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا ﷺ زۆر لە سیفاتی باوەڕداران باس كراوە، بە پشتیوانی خوای گەورە لێرەدا هەندێكیان باس دەكەین:

**یەكەم: ئیماندار سیفەتی وەكو هەنگە:**

عن عبدالله بن عمر رضي الله عنه قال- قال رسول الله ﷺ: (مَثَل المؤمن مَثَـلُ النَحْلَـةِ: إن أَكَلَتْ أَكَلَتْ طيباً، وإن وَضَعَتْ وَضَـعَتْ طيباً وإن وَقَعَت على عودٍ لم تَكْسره)[1].

واتە: نمونەی ئیماندار وەكو هەنگە، كاتێ شتی خوارد ئەوا شتی پاك دەخوات، وە ئەگەر شتیشی دانا ئەوا شتی پاك دادەنێت (مەبەست هەنگوینە)، وە كاتێكیش بەسەر دارێكەوە بنیشێتەوە دارەكە ناشكێنێ و زیانی لێ نادات.

لە ڕاستیدا ئەگەر بڕوانینە ژیانی مێشەهەنگ بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە نمونە هێنانەوەی پێغەمبەر ﷺ كە ئیماندار وەكو هەنگ وایە زۆر جوانە و گونجاوە بۆ ئیماندار چونكە لە هەنگدا زۆر پەندو بەڵگە هەیە لەوانە:

١. هەنگ لە هەموو جۆرە خۆراكێك دەخوات هەروەك خوای گەورە فەرمانی پێ داوە وەك دەفەرمێت:

﴿ثُمَّ كُلِي مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا﴾ [النحل: ٦٩].

---

(١) (صحيح الجامع الصغير: ٥٧٢٢، ٥٨٤٦، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٢٨٨).

واتە: لەبەرهەمی هەموو خۆراکێك بخۆ پاشان بە ملکەچی و زەلیلیـیەوە ڕێگای خوا بگرە.

هەروەها بڕوانە فەرموودەکەی سەرەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (إن أكلت) ئەگەر بخوات واتای وایە بەهەوەسی خۆی ناخوات بەڵکو بە فەرمانی خوا دەخوات (كُلِي مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ) بە شیرین و تاڵەوە هەر خواردنێك بێت بە مەرجێك پاك بێت بۆ ئەوەی ببێتە شیفا بۆ هەموو شتێ، بەهەمان شێوە حاڵی ئیمانداریش بەو جۆرەیە شتێك ناخوات کە پاك نەبێت وە پاکیش ئەوەیە کە پەروەردگار ڕێگەی پێدابێ، نەك بەئارەزووی خۆی. هەروەها کارێکیش ناکات کە جوان و پاك نەبێت وە ڕازی بوونی خوای لەسەر نەبێت.

٢. هەنگ لەناو سنگیـیەوە هەنگوین دێتە دەرەوە کە چارەسەرو شیفایە بە ویستی خوا بۆ خەڵکی بەگشتی نەك هەر بۆ توخمێك، ئیمانداریش بەهەمان شێوە نوری بڕوا لە دڵیـیەوە دێتە دەرێ و دەگەشێتەوە وبەخشین دەبێت بۆ هەموو کەسێك. وە هەوڵ دەدات خەڵکی لە تاریکایی ڕزگار بکات بۆ ڕووناکی و ئاسوودەیی ژیان.

٣. بێ زەرەری وبێ زیانی هەنگ ئەوەتا کاتێك کە بەسەر دارێکەوە دەنیشێتەوە لقەکانی ناشکێنێ و زیانی لێ ناداتئیمانداریش بەهەمان شێوە کەس ئازار نادات و خەڵکی لە دەست و زمانی سەلامەتن.

**دووەم: ئیماندار وەکو دارخورما وایە:**

(ئیبن عمر) رضي الله عنه دەفەرمێت: پێغەمبەر ﷺ بە هاوەڵەکانی فەرموو: (هەواڵی دارێکم بدەنێ وەك ئیماندار بێت، خەڵکەکە بیریان لە درەختی دەشتەکی دەکردەوە (ئیبن عمر) دەفەرمێت: منیش لە دڵی خۆمدا ووتم ئەوە دارخورمایە — خەریك بوو بیڵێم— بەلام قسە زانەکانی دانیشتنەکە بێ دەنگ بوون، لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی دارخورمایە)(٢).

(ئیبن عمر) رضي الله عنه فەرموویەتی: کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(٢) (أخرجه مسلم بهذا اللفظ في صحيحه: ٢٨١١).

(مثلُ المؤمن مَثَلُ النخلَة ما أخذت منها من شيء نفعك)[٣].

واتـــــه: ئیمانــــدار وەك دار خورمایــــــه هەرچی‌یەكت پێ ببەخشێت سوودی بۆت هەیە.

لەڕاستیدا لەم یەك چوانەدا چەند نهێنی و زانیاری‌یەك هەیە كە زۆر بەسودن ئەگەر لێی ورد بینەوەو قسەی لەسەر بكەین ئەو زانیاریانەش ئەمانەن:

١. دار خورمـا ئەگـەر ماددەیـەك نـەبێت ئاوی بدات بەزیندوویی نامێنێتەوە و وشك دەبـێ بەهـەمان شـێوە ئیمـانیش ئەگـەر خاوەنەكــەی هــەموو ســاتێك پــاراوی نەكاتــەوە بــە خوێندنــەوەی قورئــان و زانـستی بەسـوود و كـرداری چاكە ئـەوە بێگومـان ئـەو درەختـی ئیمانـە ووشـك دەبێـت، هــەروەك أبــو هــورەیرە رضي الله عنه فەرموویەتی:

(إن الإيمان يخلق من القلب كما يخلق الثوب فجددوا إيمانكم)[٤] .

واتـە: ئیمـان لـە دڵـدا دروسـت دەبێـت و دەفەوتێ چۆن كـراس دروسـت دەكـرێ و دەفـــەوتێ بۆیـــە ئیمانتـــان زوو تـــازە بكەنەوە.

٢. جێگیر بوونی دارخورما لە زەویداو بـە گران هەڵكەنـدنی، بـاوەڕداریش پێویستە وابێت، باوەڕەكەی لە دڵیدا جێگیر ببـێ و بە گران هەڵبكەندرێ.

٣. تـام و بـۆن خۆشـی و شـرینی فـرە ســـــوودی بەرهـــــەمی دارخورمایـــــە، بــاوەڕداریش هەروایــە قــسەو گوفتــارو ڕەوشتی جوانی زۆرە بـۆ خـۆی و خـەڵكی تریش.

٤. جوانی پۆشاك و جل و بەرگی درەختە كـە بـەهاوین و بەزسـتان، بەهـەمان جـۆر ئیمانداریش پۆشاكی تەقواو جوانی‌یەكەی لێ نابڕێتەوە تاكو دەمـرێ، خـوای گـەورە دەفـەرمێت: ﴿وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ﴾. [الاعراف: ٢٦].

٥. ئاسانی و سادەیی خواردنی بەرەكەی، وە ئاسانی سەركەوتن بەسـەریدا، چـونكە وەك پلیكانـــە قادرمـــەی هەیـــە بـــۆ سەركەوتن، بـاوەڕداریش فرۆفێڵـی نـی‌یە

---

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٥٨٤٨، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٢٨٥).

(٤) (حديث صحيح رواه الحاكم (٤،١).

خـــەڵکی ســـــوودی لێ وەردەگــــرن و بەرهەمەکەی دەخۆن بەبێ بەرامبەر.

٦. بـەنرخی و چـاکی بەرەکـەی- کـە لـە جیهانــدا زۆر بەبەهایــە، جــۆری زۆرە- نەرمەکــەی شــیرین و خۆشــەو میوەیــە، ووشکەکەشی هەروایەو سرکەو شـیرینی و جۆرەها داو دەرمانی لێ دروست دەکرێت، باوەڕداریش بەهەمان شێوە هەموو ژیـانی سوودو قازانجە بۆ خەڵکی.

٧. دار خورما بەئارامترین دارە، سەبارەت بەناڕحــەتیـیــەکانی وەك (ڕەشــەبا، بــێ ئـــاوی،...هتـــد)، بەهـــەمان شـــێوە ئیمانــداریش ئــارام گــرە بەرامبــەر بــەو ناڕحەتییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٨. دارخورمــا دارێکــە هــەموو شــتێکی سوودمەندە، بەرهەمەکانی و لقـەکانی کـە بـۆ خــواردن و بازرگــانی کــردن پێیــەوە بەســوودە، هــەروەها لقەکانیــشی بــۆ دروســت کردنــی خــانوو دروســت کردنــی حەســیر زۆر بەســوودە، هــەموو شــتێکی ئیمانـــداریش بەســـوودە بـــۆ خـــەڵکی، هاوڕێیەتی کردنـی، گـوێ لەقـسە گرتنـی، ئامۆژگـاریـیـەکانی، ئـەخلاق و ڕەوشـتـی، نــەرم و نیــانی و لەســەرخۆیی، زانــست و زانیاری...هتد.

٩.دارخورما تا تەمەنی درێـژ تربێـت زیـاد بــەپیت و بەرەکــەت دەبێــت، بەهـــەمان شێوە چەندێ تەمەنی ئیماندار زیاتر درێـژ بێــت ئەوەنــدە زیــاتر ســوودمەندە بــۆ موسڵمانان لە هەموو ڕووەکانەوە.

## سێیەم: ئیماندار وەکو داری بەردار وایە:

عن أبي هريرة ﷺ قال- قـال رسـول الله ﷺ: (مثل المؤمن كمثل الــزرع لاتــزال الريح تميله ولايزال المؤمن نصيبُهُ الــبلاء، وَمَثَلُ المنافق كمثل شجرة الارز لاتهتز حتى تستحصد)[٥].

واتە: نمونـەی ئیمانـدار وەکـو زەرعـات و ڕەز وایـە هەرچـەندە ڕەشـەبا بیجـوڵێنێ بەملاو ئەولادا ناگۆڕێ و کاریگەری نییـە، چــونکە ڕەگەکــەی بــەهێزەو بەئاســانی هەڵناکەنــدرێ، هــەروەها ئیمانــداریش تووشـی ناخۆشـی و فیتنـە دەبێـت بـەڵام هیچ کات کاریگەری دروست ناکات لەسـەر ئیمــان و بیروبــاوەڕی، بــەڵام نموونــەی

(٥) (أخرجه البخاري في المرضى (٥٦٤٤)- باب كفارة المرضى).

مونـافیق وەکـو داری (ئـەرز) وایـە کـاتێ ڕەشـەبا لێـی ئـەدات لـە ڕەگ و ڕیـشەوە هەڵی دەتەکێنێ.

لە ڕاستیدا واتای فەرموودەکە ئەوەیە کە فـــەرمانی خـــوای پـــێ گەیـــشتووە و گوێڕایەڵی دەکات ئەگەر چاکەی تـووش بوو پێی خۆشەو ئەگەر ناخۆشی تـووش بـوو ئـەوە ئـارام گـرەو داوای پاداشـت دەکـات لـە خـوا، بـەڵام بـێ بـاوەڕ خـوا بەویستی ئەو بەسەری ناکاتەوە، بەڵکو لە دونیـادا خۆشـی ئـەداتێ، بـۆ ئـەوەی لـە قیامەتـدا بـێ بـەش بێـت لـە خۆشـی قیامەت.

**چوارەم: ئیماندار وەکو پارچەیەکی ئاڵتون وایە:**

عن عبدالله بن عمر ﷺ قال- قال رسـول الله ﷺ: **(مثل المؤمن مثل سبكةُ الـذهب، إن نَفَخْتَ عليها احمـرَّت، وإن وَزِنَـت لم تنْقُص)**[٦] .

واتە: نموونەی ئیماندار وەکو پارچـەیەکی ئـاڵتون وایـە، ئەگـەر فـووت لێ کـرد ئـەوە سوور دەبێتەوە ئەگـەر کێـشاشت کێـشی کەم ناکات.

نوانـدنی پێغەمبـەر ﷺ بـۆ ئیمانـدار بـە ئاڵتون لەبەر چەند هۆیەکە لەوانە:

١. ئـاڵتون لـە کـانزا شـازەکانەو پلەیـەکی بـەرزی هەیـەو لـە کۆمـەڵگادا نرخێکـی بـەهای هەیـەو بـەهۆی بریـسکەو ڕەنگـە جوانەکەیـەوە سـەرنجی خـەڵکی بـۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، بـاوەڕداریش بەهـەمان شێوەیە، پلـەو پایـەی خـۆی هەیـە لـەناو خەڵکیدا ونرخی خـۆی هەیـەو زۆر بـەڕێزو بەسەنگە.

٢. ئاڵتون لەهەموو کانزاکان نەرم ترەو لە هـــەموویان خـــۆڕاگرترە بەرامبـــەر بـــە بارودۆخی ڕۆژانە، چونکە کاریگـەر نابێت بە هۆکاری کـەش و هـەوا ژەنـگ ناکـات و ڕەنگـی ناگۆڕێـت، بـەڵام جگـە لـە ئـاڵتون هـــەموو کانزاکـــانی تـــر گۆرانکارییـــان بەســـەردا دێـت، ئیمانـداریش لـە کـاتی ئاســایی و ئارامیــدا نــەرم و نیــان و لــە ســـەرخۆیە، بـــەڵام هـــەرکاتێ تووشـــی بارودۆخی ناخۆش و نالەبار بوو ئـەوە زۆر بەهێزەو بەرگـەی هـەموو ناخۆشـیـیەکان دەگرێـت و بـە هـیچ شـێوەیەك عەقیـدەو

---

(٦) (صحيح الجامع الصغير: ٥٨٤٦).

بیربـاوەڕو ڕێبـازو بانگـەوازو ئـەخلاق و ڕەوشتی ناگۆڕێت هەرچەندە بارودۆخەکە نالەبارو خراپ بوو.

٣. خستنە ناو ئـاگرو تواندنـەوەی ئـاڵتون هـیچ لـە کێـشەکەی کـەم ناکـات، بـەڵکو جوانتر دەبێت و بە ئاگریش پیس لـە پـاك جیادەکرێتـەوە، بـاوەڕداریش وایـە کـاتێ تووشی بەڵاو ناڕەحـەتییـەك دەبێـت زیـاتر باوەڕی بەهێز دەبێت و کەم ناکات، بەڵکو بـە پێـچەوانەوە ئـەو بـەڵاو ناڕەحەتییانـە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی کەسی ڕاست و کەسی درۆزن.

**پێنجەم: ئیماندار وەکو پایە وایە:**

عن أبي موسى ﷺ قال- قال رسـول الله ﷺ: (**المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضاً ثم شبَّك بين أصابعه**)[٧] .

واتە: ئیماندار بۆ برا ئیماندارەکـەی وەکـو پایە وایە یەکتری جێگیر و تەواو دەکـەن، پـاش ئـەوە پەنجـەکانی لێـك ئاڵانـدن بەیەکدا.

لە ڕاستیدا ئـەم فەرموودەیـە نموونەیەکـە هـانی ئیمانـداران دەدات کـە هاوکـاری و پـشتگیری یـەکتر بکـەن، پایـەو دیـواریش تەواو ڕێك و پێك نابێت و توندو تۆڵ نـابێ ئەگـەر پارچـەکانی پێکـەوە نـەلکێن و یـەکتری نـەگرن... چـونکە ئەگـەر بۆشـی تیادا بێ ئەوە دەڕوخێ و ئەگـەر پێکـەوە گەیشتبێ سوودی خۆی دەگەیەنێت.

ئیماندار بەتەنها کاروفـەرمانی دونیـای بـۆ هەڵناسـوڕێ بـەڵکو پێویـستە براکـەی یارمەتی و هاوکـاری بکـات، ئەگـەرنا ئـەوا شکست دێنێت و کارەکانی سەرناگرێ.

**شەشەم: ئیماندار ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆش بێ بۆ براکەشی پێی خۆشە:**

عن أنس ﷺ قـال- قـال رسـول ﷺ: (**لايؤمن أحدكم حتى يحب لإخيه ما يحـب لنفسه (من الخير)**)[٨] .

واتە: بـاوەڕی هەریـەکێك لـە ئێـوە تـەواو نابێت تاکو چی بۆ خـۆی پێـی خۆشـە لـە خێر بۆ براکەی پێی خۆش بێت.

ئـەو زیادەیـەی کـە لـە فەرموودەکـەدا هـاتووە (مـن الخـیر) زۆر گرنگـە مانـای تەواوی هەموو شتێ دەگرێتـەوە، چـونکە ووشـەی (الخـیر) ووشـەیەکی گـشتییـەو

(٧) (أخرجه البخاري).

(٨) (رواه البخاري).

هەموو شتێك دەگرێتەوە لە عیبادەت و دەست کەوتنی دونیاو قیامەت و ئەو شتانەش کە بەرگری لێکراوە، هەروەها ئەوەی بۆ خۆی پێی ناخۆشە پێویستە بۆ براکەشی پێی ناخۆش بێت، ئەمەش ئەگەر چی لە فەرموودەکەدا نەهاتووە بەلاّم مانای فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێت، چونکە خۆشویستنی شتێك حەز لێ نەکردنی دژەکەیەتی.

**حەوتەم: ئیماندار بە شمشێرو زمانی خۆی جیهاد دەکات:**

عن كعب بن مالك ﷺ قال- قال الرسول ﷺ: (**إن المؤمن يجاهد بسيفهِ ولسانه، والذي نفسي بيده لكأن ما ترموهم به نضعُ النبل**)[٩].

واتە: ئیماندار بەشمشێرو بە زمانی جیهاد دەکات، سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە جاری وا هەیە قسەکانتان بە ئەندازەی سەری ڕمەکانتان کاریگەرترە.

چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ زانیویەتی کە جیهاد لە پێناوی خوادا دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت هەندێك جار ئەو جیهادە ناتوانرێت بە چەك بکرێت بەلاّم دەتوانرێت بە قسە بکرێ لەو کاتەدا قسەکە کاریگەری چەکەکەی دەبێت.

**هەشتەم: ئیماندار خەڵکی متمانەی ماڵ و ناموسی پێ دەبەن:**

عن فضالة بن عبيد ﷺ قال- قال الرسول ﷺ: ( **المؤمن من أمَنَهُ الناسُ على أموالهم وأنفسهم، والمهاجر من هَجَرَ الخطايا والذنوب**)[١٠] .

واتە: ئیماندار ئەو کەسەیە کە خەڵکی متمانەی ماڵ و سامان و گیانیانی پێ ببەن، وە کۆچ کەریش ئەو کەسەیە کە لە گوناهو تاوان کۆچ بکات ودەست هەڵبگرێت.

کەواتە ئیمانداری ڕاستەقینە کەسێکە کە خەڵکی لە خراپەکانی پارێزراو بن و زەرەریان پێ ناگەیەنێ بە خۆیان و ماڵ و سامانیان- ئایا چۆن پارێزراو نابن لە

(٩) (أخرجه أحمد بإسناد صحيح على شرط الشيخين، وصححه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٦٣١، ومشكاة المصابيح: ٤٧٩٥).

(١٠) (أخرجه ابن ماجة وأحمد وابن حبان والحاكم والبزار، وصححه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥٤٩، وصحيح الجامع الصغير: ٦٦٥٨).

پیاوێك كه غەدرو درۆو و ستەم نەكات بە پیشە- ئەوەی بۆ خۆی بیەوێت پێی خۆش بێت بۆ خەڵكیش دەیەوێت و پێی خۆشە، چۆن پارێزراو نابن كە لە كۆمەڵگەیەكدا بژین كە باوەڕو هیدایەت و ڕووناكی و خۆشەویستی و پەیڕەوكردنی شەریعەتی خواو چاكە كردن تیایدا باڵا دەست بێت، وە بە پێچەوانەشەوە ڕوو دەدات كە كۆمەڵگەیەك حوكمێكی دەست كردی تیادا باڵا دەست بێت هەمیشە بێ ئارامی و دڵە ڕاوكێ و كوشتن و بڕین تیایدا باڵا دەست دەبێت و حوكم بەرقەرار نابێت.

**نۆیەم: ئیماندار چاكەكانی خۆی بە دڵە كە خراپەشی كرد زوو پەشیمان دەبێتەوە:**

عن أبي امامه ﷺ أن رجلاً قال يا رسول الله ﷺ (ما الإيمان) قال: (**إذا سرتك حسنتك، وساءتك سيئتك فأنت مؤمن**)[11].

واتە: (أبی امامە) ﷺ فەرمووی: كابرایەك هات پرسیاری لە پێغەمبەری خوا كرد ﷺ ووتی ئیمان چیيە؟ پێغەمبەریش ﷺ لە وەڵامدا فەرمووی: ئەگەر كاری چاكەت كردو پێی دڵخۆش بوویت، وە كاری خراپت كردو پێی دڵ تەنگ بوویت ئەوە تۆ ئیمانداریت.

ئەم سیفەتە تایبەتی ترین نیشانەی باوەڕە، چونكە ئیماندار هەمیشە دڵی بە ئیشەو لە كاردایە، كاتێ كردەوەیەكی چاك و جوان ئەنجام دەدات دڵی پێی خۆشەو شادومانە، بەڵام كاتێ تاوانێ یان كردارێكی ناشیرین ئەنجام ئەدات ئەوە زۆر بێزارو بێ تاقەت دەبێت ویەكسەر پەشیمان دەبێتەوەو تەوبە دەكات، چونكە تەوبەكردن و گەڕانەوە لەو تاوانەی نیشانەی بۆ تەواوی بڕوای ئەو كەسە، لەبەر ئەوەی بێ بڕوا تاوانكردن بەلایەوە وەك باڵی مێشوولەیەك وایە.

**دەیەم: ئیماندار خۆی سەرشۆڕ ناكات:**

عن (حذيفه) ﷺ قال- قال الرسول ﷺ: (**لاينبغي لمؤمنٍ أن يذل نفسه، قالوا: وكيف يذلُ نفسه؟ قال: يتعرض من البلاء مالا يطيق**)[12].

(١١) (رواه أحمد، وصححه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥٥٠، وصحيح الجامع الصغير: ٦٠٠).

(١٢) ( رواه الترمذي، وصححه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٦١٣).

واتە: پێویست ناکات ئیماندار خۆی زەلیل و مل کەچ بکات، ووتیان چۆن خۆی مل کەچ دەکات؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: بەوە خۆی زەلیل دەکات کە خۆی لە کارێك دەدات بۆی ناکرێت لە قورسیدا ئەو کاتە تیا ئەچێ.

لەم فەرموودەیەدا ڕوونکردنەوەی ئەوەی تێدایە کە ئیماندار نابێ خۆی تووشی ناڕەحەتی بکات یان دەردێك بکات کە لە توانایدا نییەو نەبێ، نموونەی ئەمەش ئەو گەلەیە کە داوای جیهادیان کرد دژی دوژمنێکی سەرسەختی توندووتیژ- لەگەڵ ئەوەشدا کە هۆکارو بناغەکانی جیهادیان لەدەست دابوو لە بواری جەستەیی و مەعنەویشەوە- تا وایان لێهات لە ڕووبەڕووبوونەوەدا خۆیان پێ نەگیراو تیاچوون- دوایی پەشیمان بوونەوەکە سوودی نەبوو، بۆیە پێویستە پێش هەنگاو نان بۆ کارێکی گران بیر بکەیتەوەو بزانی لە توانادا هەیە ئەو کارە بکرێت یان نەکرێت دەبێت پرس و ڕا بەکەسانی شارەزاو دونیادیدەو خاوەن تەجروبە بکەیت ئەو کات پاش بەدەست هێنانی دڵنیایی بڕیار بدە.

## یازدەهەم: ئیماندار بەبەڵا تاقی دەکرێتەوە بۆ سڕینەوەی گوناهەکانی:

عن أبي هريرة ﷺ قال- قال رسول الله ﷺ: **(لايزال البلاء بالمؤمن أو المؤمنة في نفسه وماله وولده حتى يلقى الله وما عليه من خطيئة)**[١٣] .

واتە: بەردەوام بەلاو موسیبەت بەسەر ئیماندارانی پیاو ئافرەتدا دادەبەزێت بەلاو موسیبەت بەسەر نەفس و ماڵ و منداڵیدا بەردەوامە تا ئەو کاتەی دەمرێ و دەگاتە پەروەردگاری بەبێ تاوان.

ئەم فەرموودانەو هاوماناکانی بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە بەلاو تاقیکردنەوە تەواوکاری سەرخستن و پشتگیری و بەرزی و ڕێزی خودایە، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەوانەی لە هەموو زیاتر دووچاری بەلاو نەهامەتی و ناڕەحەتی و دەردەسەری بوون پێغەمبەران و دواتر ئەوانەی لێیانەوە نزیکن، چونکە مرۆڤی ئیماندار بەپێی بەهێزی و لاوازی ئیمانەکەی تاقی دەکرێتەوە، هەرچەندە

(١٣) (أخرجه الترمذي ووافقه أحمد والذهبي وقال حسن صحيح، وحسنه الألباني في: مشكاة المصابيح: ١٥٦٧ ).

بڕواکەی بەهێز بێت زیاتر بەلاو موسیبەتی بەسەردا دێت تا کەمتریش بێت کەمتر، جا بەڕاستی پێویستە ئێمەی ئیماندار خۆمان بە ئەم ڕەوشتە جوانانەی ئیماندار بڕازێنینەوە بۆ ئەوەی لە دونیا قیامەتدا سەرکەوتو سەرفراز بین، وە پێویستە لە کاتی ئیمان بەرزیماندا سوپاسی خوای گەورە بکەین وە لەکاتی ئیمان لاوازیدا خۆڕاگر بین و دوعای خێر بکەین و بڵێین:

(اللهم اجرني في مصيبتي واخلف لي خيراً منها)[١٤].

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لاإلــه إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

**سایتی بەهەشت**

**www.ba8.org**

---

(١٤) (صحيح الجامع الصغير: ٥٧٦٤).

# لماذا نتسمى بالسلفية وننتسب إليها؟
# وهل هذا بدعة ؟

فضيلة الشيخ: سليم بن عيد الهلالي

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

عن ابن مسعود رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال:

**(خير الناس قرني ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، ثم يجيء أقوام تسبق شهادة أحدهم يمينه، ويمينه شهادته)**[1] .

## من هم السلف الصالح؟

قال الله تعالى: ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ [التوبة : ١٠٠].

عن ابن مسعود رضي الله عنه عن النبي ﷺ قال:

**(خير الناس قرني ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، ثم يجيء أقوام تسبق شهادة أحدهم يمينه، ويمينه شهادته)**[2] .

قال إبراهيم: وكانوا يضربوننا على العهد والشهادات .

وعن عمران بن حصين رضي الله عنهما قال: قال النبي ﷺ: **(خيركم قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم)** ـــ قال عمران: لا ادري أذكر النبي ﷺ بعد قرنين أو ثلاثة ـــ قال النبي ﷺ: **(يخونون ولا يؤتمنون، ويشهدون ولا يستشهدون، وينذرون ولا يفون، ويظهر فيهم السِّمَن )**[3] .

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ **(خير أمتي القرن الذي بعثت فيهم، ثم الذين يلونهم ـــ والله أعلم أذكر الثالث أم لا ـــ**

(١) (صحيح الجامع الصغير: ٣٢٩٥).

(٢) (أخرجه البخاري: ٢٦٥٢، ومسلم: ٢١١،٢٦٣٣).

(٣) ( صحيح الجامع الصغير: ٣٣١٧).

**ثم يخلف ــ أقوام يحبون السمانة، ويشهدون قبل ان يستشهدون)**[٤] .

عن عائشة رضي الله عنها قالت: سأل رجل رسول الله ﷺ: أي الناس خير؟ قال:

**(القرن الذي انا فيه، ثم الثاني، ثم الثالث)**[٥].

عن النعمان بن بشير رضي الله عنه قال: قال رسول الله ﷺ:

**(خير الناس قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، ثم يأتي أقوام تسبق شهادتهم أيمانهم، وأيمانهم شهادتهم)**[٦] .

عن جابر بن سمرة رضي الله عنه قال: خطب عمر رضي الله عنه الناس بالجابية، فقال: إن رسول الله ﷺ قام في مثل مقامي هذا وقال: **(أحسنوا الى أصحابي، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم، ثم يأتي قوم يحلف أحدهم على اليمين قبل أن يستشهد، فمن أحب منكم أن ينال بحبوحة الجنة، فليلزم الجماعة؛ فإن الشيطان مع الواحد؛ وهو من الإثنين أبعد، ولا يخلون رجل بامرأة، فإن الشيطان ثالثهما، ومن كان منكم تسره حسنته، وتسوؤه سيئته؛ فهو مؤمن)**[٧] .

وفي الباب عن مجموعة من الصحابة: منهم بريدة بن الحصيب، وسعد بن تميم، وجعدة بن هبيرة، وسمرة بن جندب، وأبي بزرة، وجميلة بنت أبي لهب، وأنس، وجابر بن عبد الله رضي الله عنهم. وري مرسلا عن عمر بن شرحبيل، وقتادة رحمهم الله[٨] .

ينبغي لسالك المنهج السلفي على بصيرة، وهذا شرطه:

﴿**قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ**﴾ [يوسف: ١٠٨].

ان يعلم ان مدلول هذه الكلمة يعلو من آصار الحزبية المقيتة، ويسمو فوق دهاليز

---

(٤) وله أربع طرق: في مسلم: ٢٥٣٤ والإمام أحمد: ٢ /٢٩٧، ٣٤٠، وأبو نعيم في: حلية الأولياء: ٧٨/٢، وكذا البخاري ٣٥٥٧) .

(٥) (أخرجه مسلم: ٢٥٣٦).

(٦) (أخرجه أحمد: ٤/ ٢٦٧ و٢٧٦ و٢٧٧ــ٢٧٨، وابن أبي شيبة في المصنف: ١٢ / ١٧٧، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح سنن الترمذي: ٣٨٥٩، راجع أصل المبحث للفائدة ــ شرح مرويات السلف ــ)

(٧) (له طرق أخرجها ابن ماجة: ٢٣٦٣، والنسائي في: الكبرى: ٧ / ١٥ ــ تحفة الأشراف و الطحاوي في: شرح معاني الآثار: ٢ / ٢٨٤ ــ ٢٨٥ وغيرهم، وصححه الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٤٣٠، وللفائدة راجع أصل المبحث)

(٨) (ولمزيد الفائدة راجع أصل المبحث ــ شرح مرويات السلف)

السرية المميتة، لأنها واضحة كالشمس في رابعة النهار:

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ [فصلت: ٣٣] .

وهذه الكلمة من حيث اللغة تدل على من تقدم وسبق بالعلم والإيمان والفضل و الإحسان .

قال ابن منظور: (والسلف أيضا من تقدمك من آبائك وذوي قرابتك الذين هم فوقك في السن و الفضل، ولهذا سمي الصدر الأول من التابعين السلف الصالح )[٩].

قلت ــ أي الشيخ سليم ــ: ومنه قول رسول الله ﷺ لابنته فاطمة الزهراء (رضي الله عنها): (**فإنه نعم السلف انا لك**)[١٠] .

وروي عن النبي ﷺ قوله لابنته رقية (رضي الله عنها) عندما توفيت:

(**ألحقي بسلفنا الصالح عثمان بن مظعون**)[١١].

أما ((الإصطلاح)) فهو وصف لازم يختص عند إطلاقه بالصحابة رضي الله عنهم، يشاركهم فيه غيرهم تبعا و اتباعا كما في قوله تعالى:

﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ﴾ [التوبة: ١٠٠] .

قال القلشاني: ((السلف الصالح، وهو: الصدر الأول الراسخون في العلم، المهتدون بهدي النبي ﷺ، الحافظون لسنته؛ إختارهم الله سبحانه وتعالى لصحبة نبيه ﷺ، وإنتخبهم لإقامة دينه، ورضيهم أئمة الأمة، وجاهدوا في سبيل الله حق جهاده، وأفرغوا في نصح الأمة ونفعها، وبذلوا في مرضاة الله أنفسهم .

قد أثنى الله عليهم في كتابه بقوله:

﴿مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ﴾ [الفتح: ٢٩] .

وقوله تعالى:

﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ﴾ [الحشر: ٨] .

وذكر تعالى فيها المهاجرين والأنصار ثم مدح إتباعهم، ورضي ذلك ومن الذين جاءوا من

---

(٩) (لسان العرب: ٩ / ١٥).

(١٠) (أخرجه مسلم: ٢٤٥٠ و ٩٨).

(١١) (ضعيف ــ أخرجه أحمد: ١ / ٢٣٧ و ٣٣٥، وابن سعد في الطبقات: ٨ / ٣٧، وأعله شيخنا الألباني رحمه الله في الضعيفة: ١٧١٥ بيعلى بن زيد بن جدعان . أهـ) .

بعدهم، وتوعد من خالفهم واتبع غير سبيلهم فقال:

﴿وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا﴾

[النساء: ١١٥] .

فيجب اتباعهم فيما نقلوه، واقتفاء أثرهم فيما عملوه، والإستغفار لهم قال تعالى:

**(( و الذين جاءوا من بعدهم ))**

وأقر أهل الكلام تقديمهم وحديثهم بهذا الإصطلاح: قال الغزالي معرفا كلمة السلف: ((اعني: مذهب الصحابة والتابعين))[١٢] .

وقال البيجوري: ((والمراد من السلف من تقدم من الأنبياء والصحابة والتابعين وتابعيهم رضي الله عنهم))[١٣] .

قلت ــ أي الشيخ سليم قد تناقل أهل العلم في القرون المفضلة هذا المصطلح للدلالة على منهج الصحابة ومن تبعهم بإ حسان:

١ــ قال البخاري قال: راشد بن سعد: (كان السلف يستحبون الفحولة؛ لأنها اجرى واجسر)[١٤] .

قال الحافظ ابن حجر مفسرا كلمة السلف: (أي: من الصحابة رضي الله عنهم ومن بعدهم )) .

قلت: أي الشيخ سليم: المراد الصحابة رضي الله عنهم؛ لأن راشد بن سعد تابعي، فالسلف عنده الصحابة لا ريب .

٢ــ قال البخاري: باب ما كان السلف يدخرون في بيوتهم وأسفارهم من الطعام و اللحم وغيره ))[١٥] . قلت: أي الشيخ سليم: المراد الصحابة رضي الله عنهم ومن بعدهم بعدهم

٣ــ قال البخاري: وقال الزهري في عظام الموتى ــ نحو الفيل وغيره: (أدركت ناسا من سلف العلماء يمتشطون بها، ويدهنون فيها، ولا يرون بأسا)[١٦] .

قلت ــ أي الشيخ سليم: المراد الصحابة رضي الله عنهم لأن الزهري تابعي .

٤ ــ أخرج مسلم من طريق محمد بن عبد الله قال: سمعت علي بن شقيق يقول: سمعت عبد الله بن المبارك يقول على رؤوس الناس: (دعوا حديث عمرو بن ثابت؛ فإنه كان يسب السلف)[١٧] .

قلت: أي الشيخ سليم: المراد الصحابة رضي الله عنهم.

---

(١٢) (الجام العوام عن علم الكلام: ص: ٦٢).

(١٣) (شرح جوهرة التوحيد: ص ١١١).

(١٤) (فتح الباري: ٦/ ٦٦).

(١٥) (المصدر السابق: ٩ /٥٥٢).

(١٦) (المصدر السابق: ١ / ٣٤٢).

(١٧) (المقدمة: ص / ١٦).

٥ ـ قال الأوزاعي: (اصبر نفسك على السنة، وقف حيث وقف القوم، وقل بما قالوا، وكف عما كفوا عنه، واسلك سبيل سلفك الصالح؛ فإنه يسعك ما وسعهم)(١٨) .

قلت أي الشيخ سليم : المراد الصحابة ﷺ.

ولذلك؛ فكلمة (السلف) اكتسبت هذا المعنى الاصطلاحي والذي لا يتجاوزه الى غيره،

أما من حيث (الزمان) فهي تستعمل للدلالة على خير القرون وأولاها بالاقتداء والاتباع، وهي القرون الثلاثة الأولى المشهود لها بالخيرية على لسان خير البرية محمد ﷺ، ويدخل القرن الرابع في إحدى الروايتين .

ولكن التحديد غير دقيق لحصر مفهوم السلف حيث نرى كثيرا من الفرق الضالة و البدع قد أطلت برؤوسها في تلك الفترة الزمنية، لذلك فوجود الإنسان في ذلك العصر لا يكفي للحكم عليه انه على منهج السلف ما لم يكن موافقا للصحابة ﷺ في فهم الكتاب والسنة، لذلك يقيد العلماء هذا المصطلح بـ (السلف الصالح) .

وبهذا يظهر ان مصطلح (السلف) حين يطلق لا يصرف على السبق الزمني فقط، بل الى أصحاب النبيﷺ ومن تبعهم بإحسان .

(١٨) (أخرجه الآجري في الشريعة: ص: ٥٨).

وعلى هذا الإعتبار استقر مصطلح (السلف)؛ فهو يطلق على من حافظ على سلامة العقيدة والمنهج على ما كان عليه رسول اللهﷺ وأصحابه قبل الإختلاف والافتراق .

وأما (السلفية)؛ فهي نسبة الى السلف، وهو انتساب محمود الى منهج سديد، وليس ابتداع مذهب جديد .

قال **شيخ الإسلام ابن تيمية** رحمه الله:

(ولا عيب على من اظهر مذهب السلف، وانتسب إليه واعتزى إليه، بل يجب قبول ذلك منه بالاتفاق، فإن مذهب السلف لا يكون إلا حقا)(١٩).

وقد يظن بعض الناس ممن يعرفون ولكنهم يحرفون عند ذكر (السلفية): أنها إطار جديد لجماعة إسلامية جديدة انتزعت نفسها من قلب دائرة الجماعة الإسلامية الواحدة، وهي تتخذ لنفسها من معنى هذا العنوان وحده مفهوم معين، فتمتاز عن بقية المسلمين بأحكامها وميولاتها بل تختلف عنهم حتى بمزاجها النفسي ومقاييسها الأخلاقية.

وليس لذلك في الواقعة ألبته في المنهج السلفي؛ إذ السلفية تعني: الإسلام المصفى من رواسب الحضارات القديمة، وموروثات الفرق العديدة

(١٩) (مجموع الفتاوى: ٤/ ١٤٩).

بكماله وشموله كتابا وسنة بفهم السلف الممدوحين بنصوص الكتاب و السنة .

وهذا الظن إنما صنعته أوهام قوم نفروا من هذه الكلمة الطيبة المباركة التي أصلها ضارب في جذور تأريخ هذه الأمة تلتقي بالصدر الأول حتى زعموا: ان هذه الكلمة وليدة حركة الإصلاح التي حمل لواءها كل من جمال الدين الأفغاني ومحمد عبده أيام احتلال الإنجليز لمصر .

وقائل هذا الوهم أو ناقله يجهل تأريخ هذه الكلمة الموصولة بـ (السلف الصالح)؛ معنى واشتقاقا زمانا، فلقد كان أهل العلم الأولون يصفون كل متبع لفهم الصحابة ﷺ في العقيدة والمنهج بأنه سلفي .

فهذا مؤرخ الإسلام الحافظ الإمام الذهبي ينقل مقولة الحافظ الدارقطني: (ما شيء أبغض إلي من علم الكلام) . ثم يقول: (لم يدخل الرجل أبدا في علم الكلام ولا الجدل، ولا خاض في ذلك، بل كان سلفيا)[٢٠] .

وبعد، فهذا المبحث العلمي الماتع منقول ببعض التصرف من كتاب فذ هو (بصائر ذوي الشرف شرح مرويات السلف) للشيخ ابي **أسامه سليم بن عيد الهلالي**[٢١] .

نقلته لأخواني عموما للإفادة والإستفادة .

وهنا ايضا فائدة سلفية طيبة:

سئل سماحة الشيخ العلامة **عبد العزيز بن باز** ــ اسكنه الله الفردوس الأعلى ــ (هل السلفية من الفرق؟ فأجاب ــ رحمه الله ــ: لا .. ليست السلف فرقة من الفرق...)[٢٢].

وكذا للعلامة المحدث الشيخ **محمد ناصر الدين الألباني** ــ اسكنه الله الفردوس الأعلى ــ له مباحثات عدة ومناقشات كثيرة في مسألة التسمي بالسلفية ماتعة ومفيدة .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلة وصحبة وسلم.

**سايتى بههشت**
**www.ba8.org**

---

(٢٠) (سير أعلام النبلاء: ١٦ / ٤٥٧).

(١٠) (ص ٩ ــ ٢٣).

(٢٢) (وراجع هذا الشريط الموسوم السلفية ليست فرقة من الفرق).